


شەوی تاریکە، لێم شێواوە ڕێگا
بەیانی هات و زۆری ماوە ڕێگا
ژیانی من وەکوو ئەم شەو وەهایە
بەرە و هەرلا دەچم، بەسراوە ڕێگا

مامۆستا شەریف

# یادێک لە شاعیری نیشتمانپەروەری کورد
# مامۆستا شەریف حوسێن پەناهی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

## دەنگی شێعر



پێم خۆشە نووسراوەکانم، کۆڕی منداڵان بیخوێنن
دایکان بیکەن بە لایلایە و کۆرپەکانیان بخەوێنن

شێعرم لەو نامانەیدا بێ؛ کوڕە لاوی کوردەواری،
گوڵی لە سەر دادەنێت و دەیخاتە بەر پێی دڵداری

دەست و پەنجەی کیژە کوردێ لە دەفتەری ئەوینداری
بەخەتێکی کەنیشکانە، بینووسێ بۆ یادگاری

شێعری شادی بێت و جوانی؛ بێ بە ئاواز و گۆرانی
بکرێتە بەستەی هەڵپەڕکێ، ڕەشبەڵەک و مەریوانی

پێم خۆش نەبوو شێعرەکانم لە قەبرستانی شارەوە
بە ڕەنگی ڕەش خۆی بنوێنێ، بە بەردی سەر مەزارەوە

بریا ئازاری زنجیر و ڕەنجی کەلەپچە نەبوایە!
بمردام و دەنگی شێعرم شینی هەڵەبجە نەبوایە...

**مامۆستا شەریف**

# شێعر و ژیان



## سوارە فتووحی

دەقولباب دەکەم، زۆری پێ ناچێ، کە دەرگا بچووکەکە دەکرێتەوە و سیمایەکی خوێن شیرین و ڕەزا سووک و کورتە باڵا و لاواز، کە ڕانک و چۆغەیەکی سوور گوێزی مەرەزی لە بەر دایە، لە بەرامبەرم ڕادەوستێ. ڕوو خۆش و بێ ریا و لێو بە بزە، خوڵقیکی گەرم و گوڕ و ڕامووسان، هەر دەڵێی دۆستێکی گیانی گیانین و ساڵگارێکە یەکترمان نەدیتووە.

هەر چەند بزەی لە لێو نە دەبڕا بەڵام خەمێکی قووڵ و شاراوە دە سیمایدا بەدی دەکرا. زۆر بە پەلە بوو، پێم وابوو شەپۆلی قسە و دەردی دڵ، لە دەروونی دا، ئەوەندە پەنگاوی خواردۆتەوە، بۆیە بە گورج و گۆڵی و دەست و برد، دوو کورسیلەی بچکۆڵانەی پڕ دایە و هەر لە نێو حەوشە لە بەر گەرمای خۆرەتاوەکە ڕۆنیشتین. هاواری کرد؛ دا چامان بۆ بێنین. پاش ماوەیەکی کورت، مێرمنداڵێکی خوێن شیرین و ڕەزا سووک بە کەشەفێک چاوە هاتە لامان و گوتی: ئەوەش " گۆران"ی کوڕمە.

جگەرەیەکی داگیرساند و هەنیسکی دا و ئاخێکی هەڵکێشا. سەرەتای قسەکانمان بە یاد و بیرەوەری شاعیری خوالێخۆش بوو کاک مارف و هونەرمەندانی خۆشەویست، کاک جەعفەری قازی و کاک سەرتیپ دەستپێکرا.

مامۆستا فەرمووی:

کە لە دەرگا درا، پێم وابوو ئەوە چاوەڕوانیم کۆتایی هات و "مارف"م لێ وەژوور کەوت و ژمارەکانی پێشووی "سروە" کە داوام لێکردبوو، بۆی هێناوم. بەڵام کە "سروە"کانم بە دەست تۆوە دی، بڕوام بە کۆچی مارف هێنا... ئاخاوتن، هەڵسوکەوت و بیر و فیکری، هەمووی هەر جوان و شیرین و پڕ لە مانا بوون. خۆ بە کەم گرتن و تەوازوع لە قسەکانی دا دەباری. مرۆڤێک بوو بێ غەل و غەش، بێ شیلە و پیلە و راست و بێ ڕەمز و گرێ قسەی دەکرد.

گوتم: مامۆستا لە مێژ بوو بە ئاواتەوە بووم بێمە لات و لە خزمەتتدا دانیشم، چون بەڕاستی نەک هەر خۆم، بەڵکوو ئاگام لە سەدان کەس بگرە زۆر زیاتریش هەیە کە "ملوانکەی شین"یان بۆ بوویێتە ڕەوڕەوە تا زمانی شیرینی کوردی فێر بن و وە دارەدارە بکەون.

پێم خۆش بوو ئەگەر ئیزن بفەرمووی دانیشتنێکمان هەبێ تا خوێنەرانی گۆڤاری سروە زیاتر لەگەڵ دونیا و دەروونی شاعیرانەی ئێوە ئاشنا بن.

-----

هەرچەند جاری هەوەڵ بە نییەتی ئەوە چووبوومە خزمەتی تا بۆ ماوەیەکی کورت لەلای بمێنمەوە و قەرار و مەدارێک ببەستین و ڕۆژی دانیشتنمان بۆ وتووێژ دیاری بکەین، بەڵام دەروونی ئەوەندە تەژی و رووباری وشەی هێندە ڕوون و ڕەوان بوو، کە تەنانەت بۆ چرکەیەکیش هەستم بە تێپەڕبوونی کات و زەمان و ماندوویەتی لەش نەکرد. بەڵام تاریکی شەو حوکمی هەڵبڕانی بە دەستەوە بوو، بەربینگی پێ گرتین. بە ناچاری تا جارێکی تر ماڵاواییمان کرد.

لە دانیشتنی ڕۆژی دواترماندا، هێندێکم پرسیار ئامادە کردبوو، بەڵام ئەو هەر بەو هەستە خۆ بە کەم زانین و تەوازوعەوە کە هەیبوو، لەپێشدا پریارەکانی بۆ ڕێکوپێک کردم و مافی پیرۆزی مامۆستایەتی خستە ئەستۆم.

**هەر بەو بۆنەوە پڕبەدڵ سپاسی دەکەم و هیوادارم ڕۆحی گەورەی ئەو مەزنە پیاوانە لە ئاسمانی هەراوی کەلتوور و کەلەپووری نەتەوەکەمان دا هەر بمێنێ و خودا ئەو کەسایەتیانە بۆ گەلەکەمان بپارێزێ.**

**ڕۆژنامەی سروەی ١٥٢ ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢**

---

## وتووێژ دەگەڵ «مامۆستا شەریف»


شێعر و ژیان

وت ووێژ دەگەڵ

مامۆستا « شەریف »

«بەشی سێهەم»

ئامادەکردنی: سوارە فتوحی

کورتی بانی ئەم تاریفەی ئەمڕۆی ئێمە بۆ داهێنان، شیعرەکەی سەبێتی ئەو بگرێتەوە. ئەو بەرهەمە ناچێتە ڕیزی داهێنانەوە. چونکوو داهێنان ئەوەیە کە لە پێش دا بیرو خەیاڵی کەسێکی تر بۆ لای نەچووبێ و لە چوارچێوەی دانراوی پێشوودا نەگونجێ. ئەو کەسانەی خوێندنەوەیان لەسەر گەڵاڵەیەکی زانستی دیاری کراوبێ و تەنیا ئەو بەرهەمانە بخوێننەوە کە لەگەڵ بۆچوون و شێوازی خۆیان پێوەندی هەبێ. هێزی داهێنانی ئەوانە پتەوتر دەبێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر گەیشتنە هەر شتێ خوێندیانەوە، ئەو بەرهەمانە چوون لەگەڵ چێژاوی ڕۆحی ئەوان جیاوازییان هەیە، لە ڕێگای لا دەدەن و سەریان لێ دەشێوێنێ مەگەر نالێن هاواڵی خەراپە، شوێنی ناحەز لەسەر مرۆڤ دادەنێ؟.

داهێنان، تایبەتی بە بەشێکی جیاوازەوە نیە. لە بابەتدا، لە کاکڵ و چوارچێوەدا، لە وەزن و مۆسیقادا، لە تەواوی ڕازێنەوە ڕواڵەتییەکاندا دەکرێ داهێنەری بکرێ و شیرینکاری بکەین. بەڵام لێرەدا توانای داهێنان و هێزی داهێنەری، پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە هێزی هەڵکەوتووی ئەو هونەرمەندەوە. ڕادەی ئەو توانایی یەش جیاوازە.

**ئامادە کردنی: سوارە فتووحی**

***پرسیار: تکایە لە ژیانی ئاسایی خۆتان بدوێن.***

**وەڵام: بە داخەوە ژیانی ئاسایی‌م نەبووە. جا لە چی بدوێم؟! ناوەکەم عەرەبی یە و شۆرەتم فارسی یەو شێعرەکانم کوردین. نازناویشم وەبەر نەکەوتووە! ژیانێکی واشم نەبووە باسی بکەم.**

*پرسیار: ئیدی ئەوە نەبوو. کاک سەیید محەممەد شەریف حوسێن پەناهی. بۆ وا بە ناهومێدی باسی ژیان دەکەی؟ بەڕاستی چۆنە نازناوت بۆ خۆت هەڵنەبژاردووە؟*

**وەڵام:** ئەگەرچی لە میراتی ماڵی بابم تەنیا ئەو ناوەم وەبەر کەوتووە و تەنیا یادگارێکە کە لە بابم بۆم ماوەتەوە، کاتێ زانیم نێوەکەم عەرەبی یە، قەدەرێ لە بیری وەی دا بووم کە نازناوێکی کوردی هەڵبژێرم، بەڵام خوا لێخۆش بوو مامۆستا هێمن کاتێ پێشەکی بۆ دەرفتەری ملوانکەی شین نووسی، لە بەر ئەوەی بە مێهرەبانی لە چوار جێگا دا ناوی هێنابووم، ئیدی دڵم نەهات نازناو هەڵبژێرم.

*پرسیار: پێم خۆشە پرسیار نەکەم و هەر بۆ خۆت قسە بکەی. ئەمن لە خاڵێکی تایبەتی دەگەڕێم کە نەمدیوە و ناشزانم چییە تا بیکەمە پرسیار. کەوابوو وا باشە سرنج بدەمە قسەکانت. بەڵکوو زوو بگەمە ئەو مەبەستە تایبەتی یە کە باسم کرد. تەنانەت ئەو بیرەوەرییانەی کە بە بێ بایەخیان دەزانی. ئەوانیش هەر بگێڕەوە. دەمەوێ قسەکانت بە وردی بەراورد بکەم و لێکیان دەمەوە. باشترە باسەکەمان خۆماڵی بێ. زۆریان پرسیوە شێعر چییە و تاریفی چییە؟ چون ئەو پرسیارانە کۆنن و دەکەونە جەغزی دووپات کردنەوە.*

**وەڵام:** هەرچی تاریفی شێعرم خوێندۆتەوە، لە بەر کردوون بۆ رۆژی وا ! بەڵام بە داخەوە تۆش هەر راست ئەو پرسیارەت وەلانا.

*پرسیار: مەگەر شێعر هەر ئەوە نییە کە پازدە ساڵە پەرپوەی کردووی ؟ ئەوە نییە دەستی پێ هەڵگرتووی لە هەموو خزم و شار و کەس و کارت؟ کەوابوو ئەمەش تاریفی ئەمرۆیانە بۆ شێعر. پاشان لە جێگای خۆی دا بە وردی باسی شێعر دەکەین. ژیانیش هەر شێعرە و شێعریش بۆ ژیانە. دەی لە گەڵ دووری لە شارکەت و خزم و کەسانت چۆن رادەبوێری ؟ بفەرموو هەر چۆن بوو سنەت بە جێ هێشت و مهابادت بۆ ژیان هەڵبژارد؟*

**وەڵام:** پێم خۆش بوو لە مەکتەبی هەژار و هێمن دا زیاتر فێر بم. چون پێم وایە ئەم زاراوەیە یەکێ لە کەرەسەی گرینگی کوردی نووسینە. بەڵام تا دە ساڵان لە سای داری بی دانە نیشتم! ئاهی غەریبیم هەڵنەکێشا!

** و بار و بنەم پێچاوە کە بگەرێمەوە بۆ سنە. زۆر بە نابەدڵی وەرێ کەوتم. دەتگوت هێشتا لەو خاکە تێر نەبووم،*

هەر بەو بۆنەوە شێعری ماڵاواییم بە ناوی (پردی سوور) نووسی، بەڵام کۆچەکەم چەند ساڵان وە پاش کەوت و هەتا ئەو ساڵ سەری نەگرت.

***پرسیار: دیارە شێعر لای تۆ ئەوەندە بایەخی هەبووە کە پازدە ساڵان رەنجی دووری بۆ بکشی. چۆن بوو هەستت بەوە کرد ئەم کەمایەسی یە ( واتا زمان ) لە کاری هونەریت دا هەیە؟ پێت وابوو لە نێو ئەو خەڵکەدا باشتر زمان فێر دەبی؟***

***وەڵام:*** بە رێنوێنی مامۆستا هێمن هاتمە ئەم شارە کە چەند ساڵان لێرە بم و فێری ئەو زاراوەیە بم. دوایە کە "سروە" دامەزرا ، مامۆستا چەن نامەیەکی فارسی بە خەتی خۆی بۆ فەرمانداری مەهاباد و ئوستانداری نووسی و رایسپارد کە لە دایرەکەی خۆمەوە بمنێرنە "سروە" بەڵام ئەو ئیزنەیان نەدامێ و نەشمزانی لە بەر چی.

***پرسیار: زۆرت پێ ناخۆش بوو کە بەرگری ئەوەیان لێ کردی کە بچی بۆ سروە؟***

***وەڵام:*** بەڵێ پێم ناخۆش بوو و لە پاشان زانیم کە ئەو بەرگری یە چەندەی زەرەر لێ داوام، ئەڵبەت "سروە" هەر لە سەرەتاوە زۆر کەسی دڵسۆزی تێدابوون. ئەو ساڵانە کە "مارف" لەوێ بوو، پێم وابوو کە بۆ خۆم لەوێم. ئێجگار بە کار و باری خەڵکەوە ماندوو بوو. زۆری دڵسۆزی بۆ دەکردن. بۆ منیش زۆر دڵسۆز بوو، "مارف" کە مرد، ئەمنیش دیسان مردم. ئاخر داخەکەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمنی تازە کردەوە. خۆتان چاک دەزانن چمان بە سەر هاتووە، ئەرێ شێعرەکانی "مارف" چاپ ناکەن؟

***پرسیار: با جارێ لە خەمی گەورە گەڕێین. شێعریش وەلا نێین و بڕۆینە سەر باسی ژیانت خۆت. ئەمن پرسیارت لێ دەکەم و دەتبزوێنم بەڵام تۆ وڵامەکانت کورت و کرمانجی یە. کاکە گیان، باسەکە مەبە بۆ لارێ!***

***وەڵام:*** بەڵێ، بە چاوان. ببوورە! باسی غەریبی و دوور بوونمان دەکرد، دەزانی تەنانەت هەر دارێ لە ئاو و هەوای تایبەتیی و خاکی خۆی دا نشونەما دەکا؟ میوان کە دەچێ بۆ شارێک و لەوێ دەمێنێتەوە، ئیدی پێی دەگوترێ غەریب. دیارە هێندێ جیاوازی بەرچاو لە هەڵس و کەوتو جوڵانەوەکان دا هەیە، من لەو شارە هەستم بە غەریبایەتی نەکردووە و دەبێ بڵێم ئێرە بۆ من قوتابخانەی شێعر و زمان بووە و منیش قوتابی یەکی تامەزرۆ بووم، نە وەکوو غەریب.

*پرسیار: بەڵێ. بە راستی هەر وایە. بۆیە لە فۆلکلۆری وڵاتانیش دا جێگەی غەریبان هەر گۆشە و کەنارە و هەر ئەو جیاوازی یە بەرچاوانەیە کە غەریب لە سووچێ دەپەستێوێ. چونکوو ئەو بە هەوای راهێنان. یانی بە داب و نەریت و فەرهەنگی ناوچەیەکی تر پەروەردە بووە. خانووش نیە کە بیرووخێنی و سەر لە نوێ بە کەیفی خۆت سازی کەیەوە. دیارە فەرق و جیاوازی فەرهەنگی هەمیشە هەیە. بەڵام لە هەندەران و لە دوور وڵات ئەو جیاوازی یە دەگاتە ئەوپەڕی. ئەوەتا مامۆستا هێمن لە مەڕ غەریبی دەفەرمێ:" یادی یاران و وڵاتم. رۆژ و شەو / لێی حەرام کردم. قەرار و خورد و خەو" جا هەر تەمی دووری و فیراقی لە خزم و زێد و بیرەوەری یەکانە کە دڵی غەریب دەتەنێ. وا نیە؟!*

**وەڵام**: بۆ خۆت فەرمووت کە بایەخی زۆرم بە شێعر داوە. دەردی دووریم بە فیدای چاوی شێعر کردووە جا چۆن لە شاری شێعر دا هەست بە غەریبی دەکەم؟ بۆیە ئەگەر دارە خورماکەی گەرمێنیش بم و بڕێک گەڵام سیس بووبێ، بە شانازی یەوە دەڵێم: ویشک نەبووم و هەر بە فلر بوونی زمان، گەشەم کردووە. یانی لەم شارەدا، لە قوتابخانەی "هەژار" و "هێمن"دا خۆم زیندوو راگرتووە. پاش دە ساڵان، وردە وردە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ شارەکەم کەوتە دڵم. بەڵام تا تەماکەم رەنگی راستی بە خۆ گرت، پازدە ساڵی خایاند.

*پرسیار: دەڵێن شێعری هەر شاعیرێک پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی یەوە هەیە. جا بۆیە تکام ئەوەیە لە ژیانی خۆت بدوێی یانی هەر لە... سەردەمی منداڵی یەوە دەست پێ بکە. ئەمن لەو بابەتە دەگەڕێم کە رووحی ئێوەی هاژاندووە و بۆتە هۆی شاعیری تان.*

**وەڵام**: بابم ناوی سەیید مەحیەددین بوو. دوکانی عەتاری هەبوو. ماڵمان لە گەڕەکی ئاغازەمان لە شاری سنە دابوو. یازدەی گەلاڕێزانی ١٣٣٣ هاتوومەتە دونیاوە. بابی خۆمم نەدیوە، گوایە کەمتر لە یەک ساڵام تەمەن بووە کە بابم بە هۆی نەخۆشی لە دونیا دەرچووە. لە منداڵی دا پێیان دەگوتم سەرەخۆرە! یانی ئەتۆ پێت ناوەتە دونیا، بابمان کۆچی دوایی کردووە.

*پرسیار: یانی دایکت وای پێ دەگوتی؟!*

**وەڵام**: نا، ئەو هەرگیز وای پێ نەگوتم، تەنانەت ئەگەر کەسێکیش وای پێ دەگوتم، زۆری پێ ناخۆش دەبوو. منداڵەکان وایان دەگوت. ئەوانیش لە خوشکی گەورەم فێر ببوون. سێ خوشک و برایەکم هەیە کە من لە هەمووان چکۆڵەترم. کاکم تەمەنی هەر هەشت ساڵ بوو کە بابم کۆچی دوایی کرد.

***پرسیار: جا بەڕاستی باب کە نەما، ئەرکی سەرشانی دایک قورس تر دەبێ. جێگای بابیش دەبێ بگرێتەوە و بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەلێنە بەتاڵە، دڵسۆزی و مێهرەبانیی دایکانەی بۆ منداڵەکانی دەبێتە دوو هێندە. وا نیە؟!***

**وەڵام:** ئەوەڵا، بەشی من وا نەبوو. چون بەداخەوە دایکم بۆ خۆی نەخۆش بوو و دەبوو ئاگاداری لێ بکرێ و نەیدەتوانی منداڵەکانی بلاوێنێتەوە. ماوەیەکی بەردەوام گیرۆدەی دەردێکی نادیار بوو، زۆر کەم دەتدی ساغ بێ. هەموو بیرەوەری من لە دایکم هەر ئەوەندە کە دەمدی بە هۆی نەخۆشیی، هەمیشە لە جێ و بان دا کەوت بوو و تاقەی ماڵەکەمان دایمە پڕ بوون لە دەرمان. باشم لە بیرە، زۆر تامەزرۆی مێهرەبانیی دایکانە و دەس بە سەر داکێشانی بووم، بەڵام ئەو هەمیشە لە جێگادا دەیناڵاند و ئەمنیش لە سووچێ بە پەژارەوە کایەم دەکرد. تەمەنم هەشت ساڵان بوو کە نیوەشەوێک بە دەنگی هاواری کاکم لە خەو ڕاپەریم. چرای ژوورەکەمان هەڵکرابوو، کاکم بە گریانەوە خوشکەکانی بانگ دەکرد:" هەستن، هەستن دایکمان مردووە."

***پرسیار: پاشان چیتان بە سەر هات؟ کێ دەستی بە سەر داگرتن و چاوەدێری دەکردن؟***

**وەڵام:** ئەو دەمەی دایکم کۆچی دوایی کرد، خوشکەکانم هەر کام دوو یا سێ ساڵ لە من گەورەتر بوون، بەڵام کاکم شازدە ساڵانە بوو. بە شوێن دایکم دا ئەو بوو بە گەورەی ماڵ. وەبیرم نایە هەرگیز لە گەڵ من و خوشکەکانم بە زمانی خۆش یا ئاسایی قسەی کردبێ. زۆر بە سام و هەیبەت بوو. هەمیشە بە تووڕەیی لە گەڵمان دەدوا. ژوورەکەمان بە پەردەیەکی سپی دوو بەش کرابوو. بەشێکی لە جیاتی پەستوو، کە بۆ چێشت لێنان جودا کرابۆوە، من و خوشکەکانم لەو بەشەی دا دادەنیشتین. بەڵام کاکم لە بەشەکەی دیکەدا کە گەورەتر بوو دادەنیشت.

***پرسیار: لە گەڵ تۆ چۆن دەجوڵاوەو چۆن دەدوا؟***

**وەڵام:** کاکم قەت ناوی نەدەبردین، بەڵکوو لە سەر هەر کاممان ژمارەیەکی دانابوو، یانی ژمارەی یەک تا سێ. ئەمن ژمارە سێ بووم. قەتیش لە گەڵ ئێمە نانی نەدەخوارد. لە سەر مەجۆعمە. واتە کەشەفی گەورە، نانمان لە بەر دەستی دادەنا. ئەگەر کاری خۆی نەبا قەت نەیدەدوانیدین. ئێمە دەبوو بە سرتە لە گەڵ یەک قسە بکەین تا قەلس نەبێ. ئەگەر قەند یا چامان تەواو دەبوو، کەس نەیدەوێرا پێی بڵێ. پشکمان دەهاویشت، وەبەر هەر کەس

کەوتبا، دەبوو یووبا بە ترس و لەرزەوە گوتبای قەند نەماوە. کاکم بەستەزمانە، بۆ خۆشی هەر نازی شێوا بوو. ئەویش هەر منداڵ بوو. رەنگە لەوەی دەترسا کە نەتوانێ ئەرکی بەرێوە بردنی ماڵ بە جێ بهێنێ.

*پرسیار: ئەڵبەت ئەویش رۆحی بریندار بوو. بەو تەمەنەوە تێر کردنی زگی چوار برسی هەروا سووک و سانا نیە. وایە؟*

***وەڵام:*** بەڵێ، وایە. ئەو ئاکارانەی... هەمووی هەر بە هۆی رۆحی برینداری بووە. من دەندەزانی باب چیە، چونکوو نەمدی بوو. تامی نازی بابم نەچێشت بوو کە لە دەستی دەم داغی بە دڵمەوە بنووسێ. هەر دەمزانی منداڵی جیرانان بابیان هەیە و ئەمن نیمە. بەڵام کاکم لێی قەومابوو، کاکم نازداری بابم بوو، ئەو تامی مێهرەبانیی دایک و بابی دەزانی، نە من . جا لە پاشان باشتر بۆم روون بۆوە کە برینی دڵی ئەو بەستەزمانە چەندە لە من بە ئێش تر بووە. تازە دەزانم چی کێشاوە. ئەمن تا نەبووم بە باب، تا پێوەندی نێوان دایک و منداڵم نەدیت، نەمزانی بە منداڵی چەندە هەناسە سارد و هەژار بووم. نەمزانی بوو کە رادەی خەمی کاکم یا خوشکی گەورەترم چەندە لە دەردی من گەورە تر بووە . دە راستی دا ئەوە ئەوان بوون کە نازیان شێوا بوو، نەک من.

*پرسیار: بەڵێ. وایە. دەردی ئەو کەسەی کە لە هەوەڵەوە شتێکی نیە. لە گەڵ ئەو کەسەی کە لە پێشدا هەیبووە و خووی پێگرتووە و پاشن لە دەستی داوە. جیاوازی یەکجار زۆرە. ئەو تەنیا خەمی ئەوە دەخوا کە ئەو شرەی نیە. بەڵام ئەوی دیکە خەمی لە ناو چوونی هەیە. کەوا بوو خەمی کاکت گەورەتر بووەو نەمانی دایک و باب چێژەی لە جەرگی هێناوە. پێم خۆشە باسی رووداوی ئەو ساڵانە بکەی. خاڵێکم وەبەرچاو هات.*

***وەڵام:*** چیە؟ چ خاڵێکت دیوەتەوە؟

*پرسیار: خۆ بریار نەبوو جێگەکەمان بگۆرینەوە و ئەتۆ پرسیار بکەی و من وەڵام بدەمەوە. باشە قەیدێ ناکا. پێت دەڵێم. بەڵام لە پێشدا ئەو بریارەش بە وردی وەڵام بدەوە. دەمەوێ بزانم لە تەمەنی سەرەتای منداڵی دا چۆن هەستت بەوەی دەکرد کە تامەزرۆی لاواندنەوەی دایکانەی ؟ ئەوە هەر قسەکەی خۆت بوو کە بۆم بوو بە پرسیار و دەمەوێ بزانم دەکرێ بە وشە ئەو هەستە دەرببڕی ؟ یا لەو بابەتانەیە کە ناخرێتە ناو چوارچێوەی وشەکان و. ناگوترێ؟*

***وەڵام:*** رەنگە تا ئێستا ئەم بیرەوەری یەم بۆ جارێکیش وەبیر نەهات بێیەوە، چونکوو تا ئێستا کەس ئەو

پرسیارەی لێ نەکردووم. هێشتا دایکم مابوو، لە بیرمە رۆژێ لە حەوشەی مالی خۆمان دانیشت بووم، نازانم خەو گرت بوومی یان خەم دەورەی دابووم. سەرم لە سەر بەردی پێپلیکانەکانێ دانابوو. منداڵەکان پرسیاریان کرد: ئەوە چیە، نەخۆشی ؟ گوتم: ئەرێ نەخۆشم. لەو ساتەدا پێم خۆش بوو دایکم بێ و لە باوەشم کا و بمباتەوە ژوورێ. هەرچەند دەمزانی لە جێگادا کەوتووە و ناتوانێ هەستێ بەڵام بەراستی تینووی ئامێزی بووم. هەر بۆیە گوتم بەڵێ نەخۆشم کە منداڵەکان ئەو خەبەرەی بۆ بەرن. بەڵام سوودی نەبوو. باجە کیشوەری ژنە جیران کە هات بوو سەری دایکم بدا، هات لە باوەشی گرتم و ماچی کردم و بردمییە ژوور، جا ئەو توونیەتیەشم هەر نەشکا و ئارەزووی ئەوەم هەر دە دڵ دا ما.

***پرسیار:زۆر باشە ئەو خاڵەی باسم کرد، شێعری کۆلان بوو. لە نێو قسەکانت دا هەلم هێنجا. لە بیرتە باسی جیاوازی نێوان خەمی خۆت و کاکت کە گێڕاوە، فەرمووت: بابم نەدیوە تا برینی کۆچی دوایی ئەو لە سەر دڵم ببێتە گرێ، جا هەر ئەو قسەت وەبیر شێعری کۆلانی هێناومەوە، بە تایبەت دە وڵامی ئاخرین پرسیاردا ئەوەم زیاتر بۆ روون بووە کە ئەو کوڕە بچکۆڵەی لە شێعری کۆلان دا باسی دەکەی، هەر خۆتانن. وایە؟***

***ئەدی بۆ مات بووی؟ ببوورە ئەگەر نارەحەتم کردی.***

***وەڵام:*** تکا دەکەم. ئێوە ببوورن. بەڵێ، وایە شێعری کۆڵان قسەی دڵی خۆمە بەڵام ئەو پەیوەندی یەم تا ئەمڕۆ نەدۆزی بۆوە. ئەرێ نەچینە سەر باسی شێعر؟

***پرسیار: ئەگەر لە بیرت بێ، منداڵێ بووی سێ - چوار ساڵە. ئەمن هەرچی حەول دەدەم بەرەو دونای منداڵی بتگێڕمەوە بەڵام دیسان دەبێوە شاعیر و دەچیتەوە سەر باسی هونەری و زانستی. مەگەر باسی ئەوەت نەکرد کە دەگەڵ خوشکەکانت لەو دیوی پەردەی ژوورەکەتان دانیشت بووی؟ مەگەر نێویان نەنابووی ژمارە سێ؟ دەی دوایە چیتان بە سەر هاتەوە؟ خەرجی ماڵ لە ئەستۆی کێ بوو؟ هەرچی لە بیرت ماوە بۆمان بگێڕەوە.***

***وەڵام:*** کەم وا هەبوو برسیەتی بکێشین، بەڵام بێ ناز بووین و هەمیشە رەنگ زەرد و ڕەنگ پەڕیو. جگری دایک، خوشکی یازدە ساڵانە و جێگری باب، کاکی شازدە ساڵە بوو. ماڵەکەمان دوو نهۆم و زۆر گەورە بوو. شەش دیومان کرێ گرتەی تێدا بوو و بە پارەی کرێی ئەوانە دەژیاین. خزمەکانمان بە دەگمەن یارمەتیان دەداین. ئەو داهاتە کەمەش بەشی ئەوەی نەدەکرد کە خوشکەکانم دەرس بخوێنن. هەر من و کاکم دەرمان دەخوێند . ئێستاش دیمەنی

حەوشەی ماڵەکەمانم لە بەرچاوە کە حەوزی تێدابوو. دارە...

...سێو و گوڵ باخی بۆن خۆش، حەوشەکەمانی زاراندبۆوە و ماڵمان لە گەرەکی ئاغا زەمان بوو، بە شێوەی مێعماریی کۆن ساز کرابوو. هەیوان و ژێرخانی گەورەی هەبوو. دیوی ئێمە زۆر گەورە بوو، دەوراندەوری هەر اقەی سەرچەماوەی لە گێچ بڕدراو بوون و پەنجەرەکانیشی بە شێوەی عرووسی (ئورووسی) ساز کرابوون. سەرەوەیان کەوانی و پڕ بوون لە نەخش و نیگاری لە دار ساز کراو. شووشەی ورد وردی رەنگاورەنگی تێ گیرابوو. بەیانان بە جریوە جریوی چۆلەکەی سەر دارەکان وەخەبەر دەهاتین. خۆر کە لە پەنجەرەکانی دەدا، ئەو هەموو نەخشە بە رەنگی شووشەکانی خۆیانەوە، دەکەوتنە سەر گێچی دیوارەکان و لە گەڵ خۆرەتاو، بە دەوری ژوورەکەدا دەگەڕان یان دەهاتنە خوار و لە گەڵ نەخش و گوڵی فەرشەکان تێکەڵ دەبوون. لە بەرچاوی خەیاڵاویی منداڵانەم دا، وێنەی ئاسکە کێوی و کۆترەکانی نەخشی فەرشەکان، لە بەر تیشکی خۆرەتاوەکەدا وەڕێ دەکەوتن. ناو بە ناو ڕەنگی سپی کۆترەکان دەگۆڕدران و هەر تاوێ رەنگی شووشەیەکیان دەکەوتە سەر. بەڵام ئەو هەموو رەنگ و نەخشە، هیچیان جوان نەبوون. هیچیان رەنگی بەزەیی و مێهرەبانیی دایک و بابیان پێوە نەبوو. ماڵەکەمان زۆر سارد بوو. سێ/چوار ساڵ پاش ئەوەی کە کاکم بوو بە گەورەی ماڵ، ئەو خانووەی فرۆشت.

***پرسیار: باسی بەرێوەچوونمان دەکرد. هاوینان کە لە خوێندن دەبوونەوە، دەگەڵ کاکت کارت نەدەکرد؟***

**وەڵام:** چەند هاوین، کاکم لە کەبابخانە کاری دەکرد یانی بلیتی سینەمای دەفرۆشت. خوشکەکانم کڵاویان دەچنی و ئەمنیش بە شەقام و قاوەخانەکان دا دەسووڕامەوەو دەمفرۆشتن. دوایە کچەکان فێری تەون بوون و فەرشیان دەچنی. منیش هاوینان دەچوومە دوکانی یەکێک لە خزمەکان کارم دەکرد. ساڵێکیش چوومە کوورەخانە. زۆر ناخۆش بوو. بەڵام بە قەدەر کاری بەردەوامی خوشکەکانم گران نەبوو، چون سەرەڕای حەول دان بۆ داهاتی ژیان، بەو جەستە لاواز و دەستە بچکۆلانەوە، ئەرکی گرانی کاری ماڵیشیان لە ئەستۆ بوو.

***پرسیار: بەڵێ، دەزانم! پێم وایە ئەم ئازارە لە شێعرێک دا رەنگی داوەتەوە. دیسان مات بووی. وەبیر چی کەوتوویەتەوە؟***

**وەڵام:** هەر من و کاکم دەرسمان دەخوێند. لە قوتابخانە، وێنەی منیان دەویست بۆ سەر کارنمانە. رۆژێ کاکم

وێنەی منداڵیی خۆی دامێ بۆیان بەرم. بانگیان کردمە دیوی مامۆستایان. مودیر بـڕێک تووڕە بوو. چاویـان لە خۆم و وێنەکە دەکرد و دەیانگوت ئەمە بۆ خۆت نیت و وێنەی کاکتە. ئەمنیش لە ترسی کاکم نەمدەوێرا بڵێم وایە، هەر دەمگوت هی خۆمە و لە شەرمان سەرم دادەخست. ئەوانیش وێـڕای من چاویـان لە کەوشە گەورە و فش و فۆڵەکـانم دەکرد کە چەنـدە لە لاقم گەورەتـر و هەر لینگێکی دوو لینـگ گـۆرەویم تێـی ئـاخنی بـوو تـا نەپـووچێتەوە. پـاش ماوەیەک، مودیر گوتی: باشە بـڕۆ بیبەوە، حاشا لە وێنەش.

*پرسیار: ئەو سەردەمەی کە قوتابی بووی چ ئاواتێکت دە دڵ دا هەبوو؟*

*وەڵام:* ئاواتی ئەو دەم؟

*پرسیار: بەڵێ. چ ئاواتێکت لە دڵ دا بوو؟ وەک منداڵەکانی ئەو سەردەمە ئارەزووی چ شتێکت هەبوو؟ ئە ساڵانە دڵت شی دەویست؟ تۆپ؟ دووچەرخە؟ بەرگی تازە؟*

*وەڵام:* بە منداڵی قەتم بەرگی تـازە نەبووە. هەمیشە جل و بەرگی کاکم دەدرا بە خەیـات تـا بـۆم چکـۆڵە کەنەوە. ئەویش بە پیاوەتی خۆی هەڵی دەوەشاندەوەو پـارچە رەنـگ بەزیـوەکەی ئـاوەژوو دەکـردەوەو دەیـدرۆوە. جـا لە بەر ئەوەی بە ئـاوەژوویی دوورابۆوە، رەنگی لیباسم قەت وە هی کەس نەدەچوو. جا منداڵی وشیاریش سەرنجیان دەدایە و دەیانگوت: دیارە خەیـاتەکە ناشی یە و چەپ و راستی پارچە نازانێ!

*پرسیار: کەوا بوو وەکوو زۆربەی منداڵان کە خەون بە تـۆپ و دووچەرخەوە دەبینن. بەڵام ئێوە هەر خەونتان بە لیباسی تازەوە دەدیت؟*

*وەڵام:* نەوەڵا، زۆرتر خەونم بە دایمەوە دەبینی. ئارەزووشم هەر ئەوە بوو کە دایکم بگەڕێتەوە. ئاخر زۆر هەناسە سارد بووم و هەستم بە تەنیایی یەکی قوڵ دەکرد.

*پرسیار: دەتوانین بڵێین کە شێعری لانەی بایە قوش رەنگدانەوەی ئازارەکانی دەروونتە؟*

**وەڵام**: ڕاست وایە. ئەوە دووهەمین شێعرمە.

***پرسیار: ئەدی بۆ لەوێدا کچێک....ئەقشی سەرەکی دەگێڕێ؟***

**وەڵام**: ئەو ڕۆژانەی هەوەڵ کە زۆر بێ ئارام بووم و دەگریام، دەیانگوت: عەیبە، تۆ کوری. تۆ پیاوی، چۆن کور بۆ دایکی دەگری؟

***پرسیار: جا ڕەنگە تۆش بڕوات بەوە هێنابێ کە عەیبە. کوڕ بۆ دایکی پەرۆش بێ؟! هەر بۆیە بە زمانی کچێکەوە هەستی خۆت دەربڕیوە؟***

**وەڵام**: نا، لە بەر ئەوەی خوشکەکانم لە من هەژارتر بوون. ڕۆژێ خوشکی نێوەنجیم پرسی: ئەرێ شەریف! کاتێ دەنگی دەرکە دێ ئەتۆ ڕاناچەنی؟ چاوەڕێ نیت ئەگەر دەرکی حەوشە دەرکێتەوە، دایکمان بێتەوە؟ کوڵ گرتمی، دڵم پڕ بوو، نەمتوانی جوابی بدەمەوە.

***پرسیار: باسی ئەوەت کرد کە هەر لە منداڵییەوە تا گەورە بووی. لە ماڵێ دا ئیزنی قسە کردنی ئاساییت نەبووە. با بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دەرس خوێندن. لە قوتابخانە چۆن بووی؟ نێوانت دەگەڵ مامۆستاکانت چۆن بوو. دەگەڵیان دەدوای و قسەت دەکرد؟***

**وەڵام**: قسە چی، هەر قسەم پێ نەدەکرا. قەتیش بانگیان نەدەکردم بۆ دەرس لێپرسینەوە. قوتابییەکی خراپ نەبووم. بەڵام زمانم تێک دەهاڵا و ئەژنۆم دەلەرزی. هەر بۆیە ئەگەر مامۆستایەک بۆ جاری یەکەم و بۆ دەرس پرسینەوە بانگی کردبام، کە ئاوای دەدیتم، خێرا دەیگوت: بڕۆ دانیشە! دەتگوت گوێی لە دڵەکوتەم بووە، ئیدی بانگی نەدەکردمەوە. ساڵەکانی کۆتایی قوتابخانە بوو کە لە لایەن ڕادیۆ سنەوە، کێ بەر کێیەکی چیرۆک نووسی بەرێوەچوو، لەو کێ بەر کێیەدا سەرکەوتم و وەک خەڵات، دوو سکەی زێڕم وەرگرت. بەرپرسی بەرمانە ویستی بە هۆی ئەو سەرکەوتنەوە، وت و وێژم لە گەڵ بکا و قسەکانم تۆمار بکات، بەڵام وەها وە لاڵەپەتە کەوتم، تەنانەت نەمتوانی خۆشم بناسێنم. ئاغای موزەففەر کەوسەری سەرێکی ڕاوەشاند. بەڵام دە کۆتایی دا، هێند دە خۆم نووسام، تا توانیم نێوی خۆم و قوتابخانەکەم بدرکێنم.

***پرسیار: کامە مامۆستای قوتابخانەی تۆ باشتر بوو و توانی شوێن لە سەر ئێوە دابنێ؟***

***وەڵام:*** ئەڵبەت هەموویان هەر باش بوون، بەڵام مامۆستاکانی ساڵانی کۆتایی قوتابخانەم زۆریان هان دام بۆ نووسین. ڕێنوێنی ئەوەیان دەکردم کە چ کتێبێک بخوێنمەوە.

***پرسیار: سەر و بنی وڵامی پرسیارەکەت بە دوو ڕستەی کورت وێک هێناوە. دەی جا ئەگەر بیرەوەرییەکی دەیکەت لە قوتابخانە هەیە. بۆمانی بگێڕەوە.***

***وەڵام:*** مامۆستای پۆلی یەکەمی سەرەتاییمان خانمێک بوو. بەڵام مامۆستاکانی دیکەمان هەمووی هەر پیاو بوون. سەرەتای ساڵ کە مامۆستاکان دەگۆڕدران و پرسیاریان لە منداڵەکان دەکرد و لە ئیش و کاری باب و بنەماڵەی قوتابییەکانیان دەکۆڵییەوە، کە دەگەیشتە من، ئیدی هیچ قسەم پێ نەدەکرا و منداڵەکانی هاوپۆلم لە جیاتی من وڵامی مامۆستایان دەداوە و دەیانگوت: مامۆستا؛ شەریف دایک و بابی نیە، ئەمنیش هەموو جارێ پاش ئەو قسەیە موچڕکم بە لەش دا دەهات و دڵم دەگوشرا.

***پرسیار: نازانم تا ئەمڕۆ زانست تا چ ڕادەیەک لە پێوەندی نێوان و مێشک و دڵی کۆڵیوەتەوە. بەڵام ئەو پەیوەندییە هەر لە هەوەڵەوە هەست پێکراوە. لە خۆڕا نەیانگوتووە: دڵی تەنگە، دڵی دەگیرێت. هەر وەکوو دەڵێن هێلانەی هەستی ئینسان لە دڵی ئەو دا چێ کراوەو لە فولکلۆر و ئەدەبیات دا. زۆرتر نێوی دڵ دێنن تا مێشک و بیر. دەی جا باسی بیرەوەری مامۆستاکانت دەکرد.***

***وەڵام:*** بیرەوەرییەکی ئەوتۆم نیە. ئەگەرچی مامۆستاتانی ساڵەکانی کۆتایی قوتابخانە زۆریان ڕێنوێنی دەکردم و بۆ نووسین هانیان دەدام بەڵام مامۆستای پۆلی پێنجەمی سەرەتایی یەکەم کەس بوو کە بۆ نووسین هانی دام و توانای خۆمی پێ ناساندم. جارێ وەرزی بەهاری دابووینێ تا بیکەینە بابەتی نووسینی ئینشا، لە پاش نووسین کە نۆرەی من هات تا بیخوێنمەوە، هەموو منداڵەکانی بێدەنگ کرد و سرنجی وانی بۆ گوێ دێری ئینشای ڕاکێشا و دوو جاریشی پێ خوێندمەوە.

پێم وابێ، جیاوازی بووسراوەی من لە گەڵ قوتابییەکانی دیکە تەنیا هەر ئەوە بوو، کە گوتبووم هەموو وەرزێ

هەر جوانە و زستانیش ئاوایە و پاییزیش ئاوا. ئەو مامۆستایە بە ڕەحمەت بێ، زۆری ڕێنوێنی دەکردم کە پاشان هەر ئەو ئامۆژگاریانەی وی بۆ هەموو ساڵەکانی خوێند بە کارم هات. بەراستی هەر لە دڵەوە خۆشم دەویست.

***پرسیار: چۆن دەزانی کۆچی دوایی کردووە؟ مەگەر پاش کۆتایی هێنان بە خوێند هەر پەیوەندیت دەگەڵ نەپساندبۆوە. کە دەفەرمووی بە ڕەحمەت بێ؟***

***وەڵام:*** بەڵێ دەزانم کە فەوتی کردووە و بە داخەوە ئەو ساڵەی نەگەیاندە ئاخر. لە نیوەی ساڵ سا فەوتی کرد. باشم لە بیرە، ڕۆژێ کاکم هاتەوە ماڵم زستان بوو، ئەمن نەخۆش بووم و لە بن کوردی گەرم دا نوستبووم. بانگی کردم و گوتی: هەستە، هەستە، مامۆستاکەت کوژراوە! پێم وابوو گاڵتە دەکا و هەر دەیەوێ بەو قسە جێگا و بانی نەخۆشی بە جێ بهێڵم. بەڵام دڵم ئۆقرەی نەگرت و پاش ماوەیەک وەڕێ کەوتم و چوومە ماڵی ئەوان کە لە ئاخری شەقامی سیرووس بوو و لە ماڵی ئێمە زۆر دوور نەبوو، کە گەیشتمە ئەو گەڕەکە، لە دوورەوە دیتم کە ئەوە جەماوەرێکی زۆر کوچەکەیان گرتبوو. منداڵەکانی هاوقوتابی خۆمم دیت کە هەموویان بە سۆراوی فرمێسک چاویان سوور هەڵگەڕاوە، ئیدی خاترجەمیان کردم کە هەواڵەکە ڕاستە.

***پرسیار: لە سەر چی کوژرابوو؟***

***وەڵام:*** پاشان کە پرسیم، گوتیان: ڕاسی پێ خۆش بووە و زۆر جاران دەچوو بۆ ڕاوێ، ئەو ڕۆژەی لە ماڵێ خەریکی خاوێن کردنەوەی تفەنگەکەی بووە کە لە نەکاو فیشەکێ لە دەستی دەرچووە و وەخۆی کەوتووە. بەڵام پاشان ئەوە بوو بە دەنگۆ و ئەو قسە کەوتە سەر زاری منداڵەکان کە نەخێر ئەو ڕووداوە وا نیە، بەڵکە کوشتوویانە. دیارە ئەوانیش ئەو قسەیان هەر لە گەورەکان بیست بوو کە ئەوەیان دەگوت کە گۆیا لە بەر هێندێ بیر و ڕای تایبەتی خۆی، زۆردارانی سەردەمی پاشایەتی هێرشیان کردۆتە سەرماڵێ و کوشتوویانە. جا ئێستاش نازانم لەو دوو قسەیە کێهەیان ڕاست بوو.

***پرسیار: جا ئەوە هەر جەنابت ئەو مامۆستایەت ئاوا خۆش دەویست یا هەموو منداڵەکان؟***

***وەڵام:*** هەموومان هەر خۆشمان دەویست. موبسیر کە بڕێک لە ئێمە گەورەتر بوو هەر ڕۆژێک باش کوژرانی مامۆستا

پارچەی رەش و چەپکێک گوڵی سووری هێنا قوتابخانە و میز و کورسیی مامۆستاکەمانی پێ رازاندەوە. ئەو زۆرتر لە منداڵەکانی دیکە، زۆر زیاتر بە پەرۆش بوو ق تا قەدەرێ هەموو رۆژێ چینێکی بۆ دەگریا. رەنگە بە پێی تەمەنی ئاگادارپی زیاتری لە سەر چۆنییەتی ژیانی مامۆستا و ئەو رووداوە هەبووبێ کە ئاوا بە کوڵ بۆی دەگریا و بۆی بە پەرۆش بوو.

***پرسیار: ئەو رووداوە دەگەرێتەوە بۆ چەند ساڵ لەوە پێش؟ ناوی ئەو مامۆستایە چ بوو؟***

***وەڵام:*** دەبێتە سی و سێ ساڵ لەمەربەر، یانی زستانی ١٣٤٤ و ناویشی خوا لێخۆشبوو ئیرەج وەزیری بوو. ئەو موبسیرەی کەلاسیش کە بۆم باس کردی، ناوی جەلال زارعی بوو و مەدرەسەکەمان ناوی حیرەت سەججادی بوو کە لە گەڕەکی ئاغەزەمانە و ئێستاکە ئەو قوتابخانەیە لەو شوێنە نەماوەو لە جێگایەکی ترە.

***پرسیار: باشە ئەو مامۆستایەتان بۆ وا خۆش دەویست؟***

***وەڵام:*** لە بەر زۆر شتان. دڵسۆز بوو، تووڕە نەدەبوو، ئاگای لە قوتابییە رەش و رووتەکان بوو، تەنانەت کەرەسەی نووسینی بۆ وەردەگرتن. زۆر جوانی دەرس دەکوتەوە. فێری دەکردین قووڵ بیر بکەینەوە و هەرچی ئینسانە خۆشمان بوێ. باسی ئەوەشم کرد کە بۆ دەرسی ئینشا زۆر یارمەتی داین، بە تایبەت بە منەوە زۆر ماندوو بوو...

---

## بەشی دووهەم

***پرسیار: هیچ بیرەوەرییەکی تایبەتی و یا نووسراوەیەکی لەپاش خۆی بەجێ نەهێشت؟***

***وەڵام:*** ئەو رۆژانە، مودیر و مامۆستاکانی دیکەش ئەم پرسیارەیان لێ دەکردین و دەیانکوت ئەرێ هیچی نەدەنووسی و پاشان دەنێو کوورەکەی باوێ و بیسووتێنێ؟ بەڵام ئێمە هیچمان نەدیبوو.

***پرسیار: مەبەستم ئەوە بوو، لەسەر تەختە ڕەشەکەی سەر دیواری کەلاس. دەسخەتی بەجێ نەمابوو؟ یانی ئەو فێری نەکردن (ئا - وێنەی ئازادی)؟***

**وەڵام:** ئای لە شۆڕەلاوی ئەم دەورە! خۆ تەواوی تەنراوی ژیانمت ڕیشاڵ ڕیشاڵ کردەوە پیاو... جەنابت لە خاڵ و بەڵگە دەگەڕێی یان تانوپۆی شیعرەکانم دەردەکێشی؟ باشە، قەیدی نیە! کاری ڕۆژنامەگەری هەر وایە! ئێستا تۆ (سوارە)ی و ئەمنیش پیادە! ئەرێ، باسی شیعر نەکەین؟!

***پرسیار: هەرچی ئاماژەت بە میهرەبانی کرد. بەلای منەوە کورت بوو. پێم خۆشە بەوەردی و بەربڵاوتر باسی لایەنەکانی دیکەی خۆشەویستی بکەی.***

**وەڵام:** مرۆڤ، لە سەرەتای ژیانی منداڵیدا، دەگەڵ هەناسە و بژیوی ژیان، بۆ بەردەوامی ژیانی ئاسایی خۆی، پێویستی ئێجگار زۆری بە میهرەبانی و خۆشویستن لەلایەن دایک و بابەوە هەیە. بێبەشی لەم پێداویستییە گرینگ و ئاساییە، دەبێتە هۆی برینداربوونی ڕۆح و مرۆڤ تووشی دەردێکی لەبڕاننەهاتووی بێهەتوان دەکا و ئەم تەنیایەتییە بێبڕانەوە، دەبێ بە هۆی ئەوەی کە ئەو مرۆڤە، هەست بەوەی بکا کە هەمیشە سەرگەردان و چاوەڕوان و بێئارامە، بە شوێن خۆشەویستیدا و بە کوێرەڕێگاکانی تاریکیدا ڕێدەبڕێت و دەیەوێ بە هەر شێوەیەک، تاسە و تەنیایەتیی بشکێ. جا لە درێژەی ئەو ڕێگایانەدا، جارناجار تووشی ئامانجێ دێ، جارجاریش هەر هەواری خاڵییە و هیچی تر...

***پرسیار: یانی چی هێندێ جار تووشی ئامانجێ دەبێ و هێندێ جار نابێ؟***

**وەڵام:** مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ڕۆحە برینداره، هەمیشە باوەشی ئاوەڵایە و چاوەنواڕی ئامێزی گەرمی میهرەبانی ڕاستەقینە و خۆشەویستی دایکانەیە، تا ئەوەی کە سەری لە سەر شانی دانێ و ئارام بگرێ. زۆرجار...

...تووشی دەبێ؛ بەڵام دوایە دەزانێ کە درۆیە، فریو دراوە؛ ئەو میهرەبانییە، هەر ڕواڵەت بووە. لە پەناشەوە، زۆرجاریش تووشی دەبێ و ئۆگری دەبێ. جا کورتەی مەبەست ئەوەیە، کە لە هیچکات و وەرزێکی تەمەنیدا، تازی ئیدی ئەو تەنیایەتییە ناشکێ و ئەو تاسەیە هەر بەردەوامە...

***پرسیار: بەڵێ! تێگەیشتم. مەبەستت ئەوەیە، ئەگەر کەسێ بە منداڵی لە شیلەی شیرینی خۆشەویستی دایک و باب تێر نەکرێ، ئیدی بێسەمەرە! تازە، دەروونی تەژی خۆشەویستی و دڵۆڤانی نابێ؟!***

**وەڵام:** بەڵێ، وایە! تازە ئەو کەلێنە پڕ نابێتەوە. ئەو گرێیە دەبێ بە گرێ پووچکە و قەتیش ناکرێتەوە...

***پرسیار: ئەگەر ئەو باسە پەیوەند بدەینەوە بە جەنابت، ئەو بابەتە چۆن لێکدەدەیەوە؟***

**وەڵام:** بەو توونیەتی بەردەوامە، جارێ تووشی ئاڵوگۆڕێکی ڕۆحی بووم. تەمەنم هەژدە ساڵ دەبوو؛ یانێ ڕووداوێ، وەکوو سێڵاوێ، لە ناکاو هات و بەرەو دەریای شیعری بردم. ئەو ڕووداوە، دیمەنێکی خۆشەویستی بوو کە تووشی بووم و ئیدی هەر ئەوە بوو بە شیعر. یانی پاشان، هەر ئەو ڕووداوە، گەلاڵەی تەواوی پاشماوەی ژیانی بۆ داڕشتم...

***پرسیار: باشتر وایە. پتری شی بکەیەوە! چۆن لە ناکاو هات و گەلاڵەی تەواوی ژیانی بۆ داڕشتی؟!***

**وەڵام:** بەگشتی، مرۆڤ، چ کوڕ بێ و چ کچ، بۆخۆی بەتەنیایی مرۆڤێکی ناتەواوە! بەبێ ئاواڵەکەی، تەواو نیە و لە مەودای تەمەنی ژیانی تەنیاییدا، بەشوێن نیوەکەی دیکەیدا سەرگەردانە و لێی دەگەڕێ ئەوکاتە کە ئاواڵەکەی دیتراوە، لە "کوت" دەردەچێ و هەریەک لەوان دەبنە مرۆڤێکی تەواو و لەوە بەدواوە، بەشی دووهەمی ژیانیان دەست پێدەکا...

***پرسیار: وەڵامەکەت بوو بە باسێکی زانستی و داوێنی زۆر کەسان دەگرێتەوە! ئەو ڕووداوە کاتییە. بەسەر زۆربەی زۆری مرۆڤەکاندا دێ. بەڵام دەمەوێ ئەگەر بکرێ. جیاوازی بەشەکەی خۆت. یانی خاڵە تایبەتییەکەی. دەرکەوێت و بکرێتە وەڵامی پرسیارەکەم!***

**وەڵام:** شتێکی ڕوونە؛ مرۆڤێ کە هەژدە ساڵ چاوەڕوانی میهرەبانی بێ و بۆخۆشی نەزانێ کە بێبەشی لە ناز و ئامێزی گەرمی دایک و باب، لەکاتی خۆیدا، ڕۆحی ئاوەها بریندار کردووە و بەجارێ، کانیی میهرەبانیی بۆ بۆتە تراویلکە، جا لەو حاڵەدا کە سەرچاوەی خۆشەویستی لە چاوی گراوێکدا دەدۆزێتەوە، ئەو توونیایەتییە، ئەو پێداویستییە گرینگە، وای لێدەکا؛ تەواوی دونیاکەی ببێتە ئەو کەسە... یانی خۆشەویستی ئەو گورچووبڕترە،

گەرمۆگوڕترە. چونکوو ئەو خۆشەویستییە، تەنانەت کەلێنی چۆڵوهۆڵی میهرەبانی دایک و بابیشی بۆ پڕ کردۆتەوە. جا کەوابوو، ئەو ئۆگرییە توندوتیژترە، چونکوو ئەوەی کە لە منداڵیدا ونی کردبوو، ئێستا دۆزیویەتەوە. ئەو ئەوینە، تەنیا ناگەڕێتەوە سەر تینی لاوەتی! جا ئاشکرایە ئەو هێزە، ڕۆحی مەندی ئەو مرۆڤە، چۆن دەهەژێنێ! ڕەنگە بە ڕواڵەت، ئەو پێوەندییە دوورادوورە و ئەو دونیا شیرینە، ئاکارێکی لاوانە بێ! بەلام ئەگەر لە نەکاو تێکبچێ، دەبێ ئەو بابەتە چۆن لێکدەینەوە؟ بڵێین ئەو کوڕە بەتەواوی تێکدەڕووخێ و شوێن لەسەر ڕۆح و گیانی دادەنێ؟ یا دەیهەژێنێ و دەیگۆڕێ و دەیکا بە مرۆڤێکی جیاواز لە هاوتەمەنەکانی؛ واتا دڵناسکتر، خەیاڵاویتر و تینووتر بە خۆشەویستی یا هەر ناوێکی دیکەی کە ئێوە پێتان باشترە لە سەری دابنێن...

***پرسیار: جا کورت و کرمانجی بفەرموون، دەیکا بە شاعیر و ئەها! بەڵام بەڕاستی، دابڕان و پسانی ئەو پێوەندییە، بۆ ئەو مرۆڤە، جەرگبڕە! دیارە کە ڕووخانی کۆشکی عاتیفە و میهرەبانی، لە تافی لاویدا، دەو هەلومەرجەدا کە ئێوەی تێدا ژیاون، زۆر دژوار بووە! کاتێ ئەو دونیا شیرینە کە تازە دەیهەویست چۆر دەر بکا و بەری هەبێ، تێکدەقرمێ و بە وێنەی بۆرکانێ کە هەژدە ساڵە خۆی دەخواتەوە، سەرهەڵدەدا و بەرهەمی ئەو بۆرکان و گۆڕان و نائارامییە، دەبێ بە شیعر، دوایە چی؟!***

***وەڵام:*** دوایەش بە وێنەی چەخماخەی چرایەکی ئەفسانەیی ڕێگای ژیانی بۆ ڕوون کردمەوە. بەلام ئەگەرچی ئەو هونەرە، هەتا ئەمڕۆ، هەر بەرەو هەڵدێران و سارای چەرمەسەریی بردووم، هێشتاش لەقەدەر گیانم، خۆشم دەوێ!بە وتەی خۆتان، ژیانیشم کردووە بە قوربانی چاوی جوانی شیعر...

***پرسیار: جا باشە، یانی هەر ئەو سەردەمە، کانیلەی شیعر لە دەروونتا هەڵقوڵی؟ یا پاشان؟!***

***وەڵام:*** بەڵێ! ڕەنگە هەر ئەو ڕۆژانە، یانی لەباتی ئەو گراوە، یان بە شوێن ئەودا، ئیدی شیعرم خۆش ویست و بووم بە ئۆگری شیعر، کە ئیدی نەتوانێ بەیەکجاری لێم زیز بێ! هەر پاش دوو ڕۆژ لە دوای ئەو ڕووداوە تاڵە، واتا ئەو لێکدابڕانە، کە بەجارێ پەشۆکاندمی، شەوێ زۆرم هەست بەوەی دەکرد کە دەبێ شتێک بنووسم و نیازم بە نووسینە. یەکەم جار بوو کە هەستێکی وام لە خۆمدا بەدی دەکرد. جا چ لەباری ڕۆحییەوە، چ لەباری نووسینەوە... ئەو شەوە، یەکەم شیعرم نووسی. یانێ وشەکان، دەستە دەستە وەکوو هێرشی دەستەی پەپوولە،

بەدەم سەماکردنەوە، دەهاتن و لەسەر دەفتەرەکەمدا، بە ڕیز دەنیشتنەوە بۆوەی حەولێ بدەم، بۆوە ڕاوەستم و بیری لێبکەمەوە بۆخۆشم زۆرم پێ سەیر بوو کە چۆن ئاوا بە دوای یەکدا، ئەو خەیاڵ و ئاهەنگ و سۆزە، دەبوون بە وشە و بەپێچەوانەی نامەنووسین و وتار و شتی وا، بیرم لە هیچ دێڕێکی نەدەکردەوە! بەکورتی، وشەکان دەهاتن کە بیاننووسمەوە...

***پرسیار:*** ***ئەو شیعرەت بڵاو کردەوە؟ یانی لە ملوانکەدا و یا... بە چاپت گەیاند؟!***

***وەڵام:*** پاش حەوتوویەک، یەکێ لە دۆستان، ئەو شیۆرەی بە نێوی (ئاشنا) بۆ ڕادیۆ سنە ناردو پێشوازیشی لێ کرا، چەن جاریش خوێندرایەوە. بەڵام بە زاراوەی ئەردەڵانی هۆنراوەتەوە. دوایە چەن دێڕێکم پاش گۆڕینی زاراوەکەی لە شیعری (هەڵاڵە) و (پەپوولەی خەیال) و (ملوانکەی شین)دا جێ کردۆتەوە، ئەڵبەت بەشێکی زۆری هەروا ماوە و بڵاو نەبۆتەوە...

***پرسیار:*** ***کەوابوو، دیتنەوەی سەرچاوەی خۆشەویستی و ئەویینداری بە شوێن تینوویەتی هەژدە ساڵەی میهرەبانیدا، دونیای لاوەتیی شیرین کردی و بە تێکچوونی ئەو پێوەندییە دووراددوورە، تێکی ڕووخاندی. ئەمە بەڵگەیەکی بەرچاوە. جا خۆت پێت وایە چێ کردنی دونیای ئاوا دروستە؟***

***وەڵام:*** ئەی چۆن دروست نیە! ئەوەندە بە کووچە و کۆڵانی منداڵی و لاوێتیدا هێنات و بردم، شەکەت بووم و ئەوەی لێی دەگەڕێی، درکاندم! ئیدی چۆن هەڵەیە و دروست نیە؟!!

***پرسیار:*** ***لەبەر ئەوەی بە هەڵەی دەزانم، چۆن بەڵگەی بەرچاوترم دیوەتەوە. ڕەنگە بێئەوەی کە خۆت بزانی، لە تەواوی تەمەنتدا حەولت داوە کە بێدەنگی بەسامی ئەو ساڵانە بشکێنی. لە منداڵیدا، کەس فێری قسە کردنی ئاسایی نەکردی. مەگەر لە تەواوی ساڵەکانی قوتابخانەدا لەگەڵ دەربڕینی ڕستەیەک دڵت نەلەرزێ؟ کەوابوو، حەولت داوە ئەو کەلێنانە پڕ کەیەوە، یانی ویستووتە لانی کەم، زمانی قەڵەمەکەت، شیرینڕاوێژ و پاراو بێ. پێت وا نیە وا بێ؟***

***وەڵام:*** زۆر سەیرە ئێستا زانیم بۆچی دەڵێن؛ خامەگەرانی گۆڤاران، بەڕاستی شاعیربەزێنن! چەند بابەت و خاڵی باشت پەیدا کرد! بەڵام دەتوانم هەر ئەوەی بڵێم کە لەنێوان ئەو خاڵە تایبەتییانەدا، تەنیا یەکیان دەبێتە بەڵگە، بۆ چوونەژووری دونیای شیعر، هەرچەند بۆخۆشمان نازانین کامەیانە...چونکوو کارێکی زۆر سادە نیە. لە

شوێنی وا، دەبێ کارناسەکانی بەئەزموونی مرۆڤناسی و ڕەوانناسی قامکی لەسەر دابنێن و بڵێن ئەو خاڵەیە...

*پرسیار: بەرچاوترین ڕووداوی ژیانی ئەدەبی ئێوە چیە؟*

*وەڵام:* ئاشنایی لەگەڵ شیعر و کەسایەتی ئینسانی و ئەدەبی مامۆستا هێمن بوو. دیارە ئەگەر ئەو بەختەوەرییەم تووش نەبووبا، شیعرەکانم لەنێو گاڵتە و گەپی کوڕە جیرانی بێئەزموونَدا ون دەبوو و چاپم نەدەکردن. ڕەنگە هەر ڕێگای هونەریشم نەگرتبا. هەر ئەو خۆمی بە خۆم ناساند...

***پێم وایە تا ئێرەی باسەکەمان، یانی ئەو هەموو پرسیار و وەڵام و شیکردنەوەی ئەمڕۆ، کە لەسەر ژیان و دەربارەی شیعرەکانت کردمان، مامۆستا هێمن لە چوار وشەی ڕستەیەکدا، لە پێشەکی (ملوانکەی شین)دا پوخت و پاراو فەرموویەتی: (کوڵ و کۆی دەروونی خۆنی)... ڕای خۆت لەم بارەوە چیە؟!***

*وەڵام:* بەڕاستی وایە! دەبوو زانیباشی. بۆخۆم زۆرم پێ سەیر بوو ئەو دەفتەرە شڕەی پڕ لە هەڵەی لاوێکی لاوێکی کوردی نەزانی بێئەزموون، چیی تێدا بوو کە مامۆستا هێمن دیبووی و هەستی پێ کردبوو، بەڵام خاوەنەکەی، و دەوروبەری نەیاندەزانی؟! یان بۆچی ئاوا هانی دام و پەلەی لێکردم بۆ چاپکردنیان؟! فارس کوتەنی (ئەوەی لاوان لە ئاوێنەدا دەیبینن، پیر لە خشتی کاڵدا دەیبینێ!) بەڕاستی چۆنی دەزانی کە ئەو بەرهەمە کرچوکاڵە، ئاوا پێشوازیی لێ دەکرێ؟!

*پرسیار: مەبەستتان لە پێشوازی چیە؟*

*وەڵام:* ئەگەر یەکەم جار ملوانکە بڵاو کراوە، بێپسانەوە چوار جاری دیکەش لەچاپ درایەوە. یانی بوو بە پێنج چاپ کە سەرجەم بیست و سێ هەزار دانە بوو... دوایەش بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی خۆم، هەر بەو هەڵە و پەڵەی چاپەکانی هەوەڵەوە، هەروا کە خۆتان سەرنجی نموونەکانتان دا، پەیتا پەیتا بە حەوت چاپی جۆربەجۆر، بە ناتەواوی بڵاویان کردووەتەوە. هەر پاش ساڵێک بڵاوبوونەوەی ملوانکە، هونەرمەندی لێهاتوو "مامۆستا مەزهەری خالقی" پێنج شیعری لەو بەرهەمەی بۆ گۆرانی و مەقام هەڵبژارد و پاشانیش هونەرمەندانی خۆشخوانی دیکەی

کورد، پتر لە سی ئاهەنگیان لە شیعرەکانی ئەو بەرهەمە ساز کردووە کە پێموایە هەریەک لەوانە، بۆخۆیان جۆرێ پێشوازی بن...

***پرسیار: باسی ئیش و کاری خۆی بۆ ئەکردین!***

***وەڵام:*** پاش دوازدە ساڵ دەرس خوێندن، لەبەر ئەوەی کە خەرج و بەرجی زانکۆم نەبوو، نەمتوانی درێژە بە خویندن بدەم! لە دایرەی بنەماڵە هەژارەکان دامەزرام و چاردە ساڵان، کارم یارمەتی کۆمەڵایەتی واتە (مددکاری اجتماعی) بوو. بەداخەوە، ماوەیەک ئەو دایرە بەنرخە، هەر ناو و ڕواڵەتەکەی ما! ئەمنیش کە ئاوام دیت و لەلایەکی تریشەوە، سەودای کاری فەرهەنگی و هونەریان خستبووە سەرم، بەیەکجاری لەو دایرە دڵسارد بوومەوە و بەجێم هێشت و لەوێ دەرباز بووم...

بەڵێ! دەتوانم بڵێم ویستم لاسایی مامۆستا هێمن بکەمەوە. بەلای خۆمەوە بڕیارم دا ئەوەندەی تەمەنم ماوە، قۆڵم هەڵماڵم بۆ پەرەی هونەرەکانی دیکەی کورد. ویستم ئاواتەکانی مامۆستا هێمن بەجێبێنم! هەڵبەت، بناغەی ئەم بیرە، ئەوە بوو کە هێندێ لە دۆستانی ئەدەبی، زۆریان کوت ئەتۆ بڕۆ، ئێمە پشتیوانین! زۆریان کوت دەبێ جووڵانەوەیەکی هونەری و ئەدەبی بخرێتە وڵات. ساڵی ١٣٦٨ پاش حەولێکی زۆر، بە ڕواڵەت بووم بە بەرپرسی بەشی هونەری ناوەندی فەرهەنگ و ئیرشادی مەهاباد. بەردەوام، ئەو کارەم دوو ساڵی خایاند. تەنیا لە بەشەکانی خەت و شانۆگەری و مۆسیقادا بڕێک سەرکەوتم! ئەو دەی؛ شەپکە، توند و کەڵ، بە موو بەند بوو... نەمدەزانی ئەگەر پیوا بۆخۆی خاوەن دەسەڵات نەبوو، تاوێ لە بێشکەی ئازادیدا ڕایدەژێنن و تاوێ گۆچانی ئاتاتورکی بۆ هەڵدەگرن! داوای دامەزرانی ئەنجومەنی ئەدەبی سەربەخۆ و دەرکردنی گۆڤاری کوردیم کرد...

سەرتان نەئێشێنم؛ دیقیان پێ کردم و دەریان پەڕاندم! ئەوجا، پشتیوانەکانم لە دوورەوە پێدەکەنین... تەنیا قازانجی ئەو دوو سالەم، ئەزموون وەرگرتن بوو کە لە ڕادەی بێدەسەڵاتی خۆمان گەیشتم! هەر بە شوێن مندا، کوڕەکانی دیکە ژیرانە چوونە مەیدان و نیوەی مافەکانیان وەرگرت. بەڵام ئەوە حەوت ساڵ تێپەڕیوە و هیشتا ژمارەی یەکەمی ئەو گۆڤارە، هەر بەڕێوەیە و ڕەنگە هەر بەڕێوەش بێ! بەرهەمی باخی ئەو ئەنجومەنە، کە یەکەم پشتیوانی پێشکەوتی زمانەکەمانە و هەمیشە ڕازێنەرەوەی چاپەمەنییەکانە، بە لارەملی ئاراستەی گۆڤارەکانی

دیکەی وڵات دەکرێ تا لەو خەلەوخەرمانە خۆڕاییەیە، چەندەی چاپ چەندەی چاڵ بکرێ...

*لە نیوەی ساڵی ١٣٧٠ بەو لاوە، دەفتەرداری قوتابخانەم.*

*چەرمەسەری نان و دەرمان، یەکێ لە کۆسپە گەورەکانی ڕێگای هونەرم بووە. سەرەڕای کاری دایرە یا قوتابخانە، پازدە ساڵە خەریکی ئیشی دارتاشیم و بێ پسانەوە حەولم دواه...*

*ڕەنگە ترسی لە دایرە وەدەرنان و هەروەها مەعاشی کەمی کارمەندی و دەسکورتی و گرانی ئەم چەن ساڵە، هانی داوم بۆ ئەو کارە! زۆر جار، لە چنگی قەرزوقۆڵەی ڕزگار کردووم. لە دارتاشخانەکەمدا، کرنۆشم بۆ دارگوێز بردووە و سەرم بۆ زەختی و سەختی ژیان دانەنوانلووە! گۆران کوتەنی (شیعرم نەفرۆشت بۆ نان!). لەنێو تەپوتۆزدا ژیاوم و ڕێزی پێنووسم ڕاگرتووە...*

**پرسیار:** *لەبارەی ژیانی هاوبەشییەوە. هیچ نەگێڕاوە!*

**وەڵام:** لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا لە شاری مەهاباد، ژیانی هاوبەشیم دەس پێکرد. خێزانم، ناوی (مەعسووم)ە. جودا لە ئەرکی کابانەتی و هاوزمانی، بە دڵسۆزی و میهرەبانی، بڕێک لە خەمەکانی بێدایکیی بۆ قەرەبوو کردوومەوە. سەمەرەی ژیانی هاوبەشیمان، تەنیا کوڕێکە بە ناوی (گۆران)کە ئێستا چاردە ساڵی تەمەنە.

**پرسیار:** *یەکەم تروسکی خولقانی شیعرتان. چ سەردەمێکە؟!*

**وەڵام:** پێموایە، لە بەشی لێکدانەوەی شیعر و ژیانمدا، ئەو پرسیارەم وەڵام داوەتەوە. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، ڕەنگدانەوەی ڕووداوێکی عاتیفی، کە زۆری کار لەسەر دڵم کرد و شوێنی لەسەر هەستم دانا، دەتوانم بڵێم؛ یەکەم تروسکی شیعرم بوو.

**پرسیار:** *حەز دەکەم بزانم کە ئێوە چۆن دەڕواننە شیعر؟ نەخشی شیعر لەسەر کۆمەڵ چۆن دەبینن؟*

**وەڵام:** شیعریش وەکوو هونەرەکانی دیکە، پێداویستی ڕۆحی مرۆڤە! شان بە شانی هونەری مۆسیقا، لەنێو جەماوەردا پەرەی گرتووە. لەبارەی شیعرەوە، ڕستەیەک هەیە، دەڵێن (شیعر، تایبەت بە گەلانی دواکەوتوویە و کۆمەڵی پێشکەوتوو، لایەنگری شیعر نین!). بە ڕای من، ئەو قسەیە هەڵەیە! نازانم کێهە زانای لێهاتووم ئەم ڕستەیەی داڕشتووە یا چۆن ئەو بابەتەی تاقی کردووەتەوە؟! چونکوو ئەگەر مرۆڤ، لە بەرانبەری خەڵکەوە، قسەیەکی کرد یا ڕایەکی دەربڕی، دەبێ وتەکەی ڕاستەوخۆ پشتیوانی زانستی هەبێ. لانی کەم ژیرانە بێ!

*پرسیار: بەڵگەی ئێوە چیە بۆ هەڵە بوونی ئەو قسەیە؟*

**وەڵام:** ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی مرۆڤایەتی یا لاواز بوونی هەستی مرۆڤایەتی ئەو کۆمەڵە. لە دونیای پارەدارەکاندا، لەمێژساڵە، مرۆڤایەتی کوژراوە، گەرچی لەسەر خاکەکەی، پەیکەرەی ئازادی دانراوە. لەوێ هەستی مرۆڤایەتی کاڵ بووەتەوە و بەرەو نەمان دەچێ. شیعریش بۆ مرۆڤی کۆمەڵێکی بە هەست و عاتیفەیە. وا نیە؟ ئەوانە کە نانی سەر سفرەکەیان، بە خوێن ڕشتنی ئینسانی جیهانی سێهەم بە تاڵانکردنی خەزێنە و داهاتی وڵاتە هەژارەکان دابین دەکەن، شیعریان بۆ چیە؟! بۆچی مەگەر ئەو هەموو هاوار و خوێن و سووتان و وێرانکاریە، بە گەلالای خۆیان دەخولقێ، هەستی وانە دەبزێوێ؟! جا چۆن شیعر، دڵی وانە دەلەرزێنێ و دەیانبزێوێ. کەوابوو؛ بژی مرۆڤایەتی! بژی شیعر!

ئینسانی ڕۆژئاوا، بە دەنگی سازێ، یا خەیاڵی ناسکی هونەرمەندێ، جا لە هەر بەرهەمێکی هونەریدا، چ وێنەیێکی بایەخدار یا شیعرێکی لەبار، دڵی دادەخورپێ. خوێنی مرۆڤایەتی وەجۆش دێ و ئەو هونەرە هەستی دەبزێوێ. لە بیرمان نەچێ کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، ئینسانی ڕاستەقینەش هەڵدەکەوێ. هەروا کە لە نێو خۆشماندا، مرۆڤی بێهەست، بە دەگمەن هەڵدەکەوێ.

بەبڕوای من، هەبوونی هەستی مرۆڤایەتی و تێگەیشتن لە ناخی هونەر و هەست بە ئازارەکانی مرۆڤ، سنووری نێوان مرۆڤایەتی و دڕندایەتیە. جا پارەدارە بێخەمەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو لەبەر ئەوەی کە هونەر بە تەرازووی دۆلار هەڵدەسەنگێنن، پێیان وایە؛ شیعر، تایبەت بە گەلانی دواکەوتوویە! بەڵام ئینسانی جیهانی سێهەم، هونەرەکەی بە پێوانەی هەستی مرۆڤایەتی هەڵدەسەنگێنێ و سەری کاسی بە سینەی شیعرەوە دەنێ، لە

زیندوو بوون و خورپەی دڵی مرۆڤایەتی خاترجەم دەبێ و شەکەتی ساتێکی پێ دەحەسێنێتەوە. ئەگەر ئەو تاریفەی کە مامۆستا هەژار بۆ شیعری کوردی، سەرنجی بدەینێ، ئەم مەبەستەمان، ئاشکراتر دەبێ. مامۆستا فەرموویەتی: (شیعر ئەوەیە کە شوێن لەسەر مرۆڤی بەهەست دابنێ)! نەیکوتووە مرۆڤ، فەرموویەتی (مرۆڤی بەهەست)! لە وڵاتی خۆشماندا، هەروا کە ئاماژەمان پێ کرد، مرۆڤی بێهەست هەڵدەکەوێ. ئینسانی وا هەیە؛ دژ بە جەماوەرەکە ڕادەوەستێ و شاعیرێکی هەڵکەوتە پەسەند ناکا! دەڵێ شیعری ئەو شاعیرە، هیچ نیە! زۆر جار بیستوومە؛ خاوەن ڕایان، بە سەرسووڕمانەوە کوتوویانە (چۆن فڵانەکەس ئەو شیعرانەی بەدڵ نیە؟! چۆن ئەو شاعیرە پەسەند ناکا؟ دیارە ئەو کابرایە درۆ دەکا و خۆی هەڵدەکێشێ، مافی ئەو شاعیرە لە بنپێ دەنێ، بۆ ئەوەی بۆخۆی سەروگەردنێ بڵێندتر دیاری بکا)!

بەڵام من پێم وایە برێکیان درۆ ناکەن. ئەوانیش مرۆڤن، بەڵام مرۆڤی بەهەست نین! ئەوانەن کە مامۆستا هەژار ئیشارەی بۆ کردوون. پێی ئەو تاقمە دەگرێتەوە کە بەڕاستی شیعر، شوێن لەسەر دڵی بەردین و ڕەقی ئەوانە ناکات، چون هیچ هەستێک دەخۆیاندا شک نابەن...

***پرسیار: ئایا چوارچێوەی بەرتەسکی وەزن و قافیە و قوفڵ و قەرازەی کلاسیک، هەمبەری ڕووباری وشەی ئێوە ڕانەوەستاوە؟! ئایا شیعرەکانی ملوانکەی شین یا شیعرەکانی "بێهێلانە"ی ئێوە، هەموو بە شێوەی کلاسیکن؟***

***وەڵام:*** شیعرەکانی ملوانکە و شیعرەکانی دیکەش، بەشێکیان برگەیی یا پەنجەیین و بەشی زۆریان عەرووزین کە لەم کورتەباسەدا ناگونجێ. بەڵام هەرگیز هیچکام لەو بابەتانەی ئاماژەتان پێی کرد، لەمپەری کاری هونەریم نەبووە. ئێستا بووەتە داب، دەڵێن "کۆت و زنجیری عەرووز و قافیە"! عەرووز و قافیە، ئامرازن، ئامانج نین! زمان، کەرەسەیە، ئامانج نیە! ئەو بابەتانەی ناوتان برد، کەرەسەی پیرۆزی شیعرن، لەبەر ئەوەی کە پێوەندییان بەو هونەرەوە هەیە. پەیکەرەی لە مەرمەڕ داتاشراوێ دەیبینین کە لە مەیدانی شارێ دانراوە، ئایا دەکرێ ئێمە ئەو کارە هونەرمەندانە و بایەخدارە، پەسەند نەکەین، تەنیا لەبەر ئەوەی ئامرازی تاشینی بەردەکە، تەشووی ژەنگهێناوی نالەبار بووە؟! یا لەبەر ئەوەی هونەرمەندەکەی مانوو کردووە؟! جا با شوێنی تەشوومەکەش بە پەیکەرەکەوە دیار بێ. لە هەڵسەنگاندنی هونەرەکەدا، بۆچی دەبێ ئەو ئامرازە لەبەرچاو بگرین و لە پەنای پەیکەرەکەی دابنێین؟! ئەگەر چوارچێوەی کلاسیک بەرتەسکە، بۆچی بۆ حافز یا نالی، ئەوەندە بەرین و

شیرینە؟ شوێندانان و بایەخی شیعر، گرینگە، نە ئامراز و کەرەسەی خولقاندنی بەرهەم! پێم وایە، لەم دەرفەتە کورت و باسە ناتەواوەدا، ئەم چەن وتەیە، مەبەستەکەی نەپێکابێ! ئەو شتانە ئامرازن، بەڵام ئامرازی شاردراوەن، کەرەسەی نادیارن. یانی لە شیعرەکەدا نابینرێن. تەنیا هەستیان پێ دەکرێ. زۆریش قورس و نالەبار نین! کەوابوو، مۆسیقای شیعریش، ئامرازێکە؛ لەپێشدا شاعیر، بەو ئاهەنگە سیحراوییە، مەلی خەیاڵی هەڵدەفرێ، ئەوجار ڕاوی وشەی پێ دەکرێ. پاشان، هەر بەو ئاهەنگە لەپیت سازکراوە، سەرنجی خوێنەر و گوێگر ڕادەکێشێ و ئارامیان دەکا و خەیاڵیان لە بیری دیکە، خاوێن دەکاتەوە و ئامادەیان دەکا. جا وردە وردە قسەی خۆی دەکا و پەیامەکەی ڕادەگەیێنێ. ئێمە بە دەنگی مۆسیقای سازێ، موچڕکمان بەلەشدا دێ، بەڵام ئەگەر ئەو مووسیقایە بە پیتەکان خولقابێ، چۆن دەبێ بڵێین (کۆت و زەنجیر)؟! ئەم قسانە، زاربەزار هاتووە، بناغەی زانستیی نیە، یانی بە شێوەی لێکۆڵینەوە لەنێو خەڵکدا...

بەگشتی تاقی نەکراوەتەوە، ڕای خەڵکی و بیروڕای جەماوەر نەخراوەتە بەر گەڵاڵەی لێپرسینەوەی گشتی. ویستی خەڵکم وەبەرچاو نەگیراوە. بەچیڕا بزانین کام شیعرە کە گەلپەسەندە و خەڵک، پێی خۆشە؟ جا ئەوەیە کە بابەتەکە، پێوەندیی هەیە بە ئەزموونی تاکەیی و سەلیقەی تایبەتی دانەرەکەی. هاکا بوو بە چەرخێ، کە ئەم شۆڕشە فەرهەنگییە دەسپێکراوە و هێشتا لە گەرماوگەرمی بیروڕا گۆڕینەوەداین. ئەوە چەرخێکی تەواوە، کۆت و زنجیری مۆسیقای شێعر و عەرووز لە دەست و پێی شاعیران کراوەتەوە، بەڵام جەماوەریش چاوەڕێی ئەوەن کە شاکارەکانی شیعری پێ بخولقێ. تازە خاوەنڕایان بۆیان دەرکەوتووە چ زەبرێکی ڕووخێنەریان لە هونەری مۆسیقا داوە. ئەو ڕۆژەی کۆت و زنجیری عەرووز و قافیەیان پساند و دیاردەی شیعری سپیی پێ هاتە مەیدان، بیریان لە موسیقاکەیان نەکردبووەوە.

بۆچی موسیقا دەبێ هەر خەیاڵە ڕووتەکەی تێدا بێ؟ ئەدی پەیامەکەی چی؟ گەورەترین هونەرمەندی بلیمەتی مووسیقای ئێرانی یانی (شەجەریان) لەم زەمانە پڕئازارەدا، ناچارە لە مەقامەکانیدا شیعر و دەردی هەزار ساڵ پێش بکاتە بەستە و ئاواز. نەدەبوو ئەو هونەرە بەرزە، ئاوێنەی دەردی لاوی بەرەی ئەمڕۆ بوایە؟ باسەکە چوو بۆ لاڕێ... ئەم هەویرە، ئاوی زۆری دەوێ، هەر بەشێکی جێگای باسێکی دوور و درێژە و پرسیارەکانی ئێوەش هەمەڕەنگن...

***پرسیار: ئیلهام، کەرەسەی بنەڕەتی شاعیرە. تاریفی ئێوە بۆ ئیلهام چییە؟***

***وەڵام:*** بۆخۆت دەزانی کەرەسەی بنەڕەتی شاعیری، دڵێکی ناسکە، بیرێکی قووڵە، چاوێکی تیژ و دووربینە.

ئیلهام، لە بناغەدا، وشەیێکی پیرۆزی ئایینییە. عەرەب و فارس هێناویانە ناو ئەدەبیات. ئەگەر بەو مانا کە لە ئاییندا هەیەتی، کەڵکی لێوەرگیرێ و بریتی بێ لە پەیامێکی نهێنی ئاسمانی، هەرگیز لە شێعردا شتی وا نیە! ئیلهام، بەو مەرجەی لە شیعردا دروستە، کە بە مانای "دڵ داهاتن" بێ. ئەویش لە دەروونەوە، نەک لە ئاسمانەوە! کەوابوو، برووسکەی هەر دیاردەیێ کە لە ئاکاما بێ بە هۆی خولقاندنی بەرهەمێ، ئەوە ئیلهامە.ئەگەر شتێ، یانی دەنگێ، ڕەنگێ، دیمەنێ... کار لەسەر دڵ بکات؛ بەم شێوەیە، کە بەهۆی ئەو دیاردەیە، پێوەندی لەنێوان بیرگەی نهێنی و بیرگەی وریا دامەزرێ، دیارە برووسکەیێک لێدراوهکە هەودای پێوەندی بەستراوە. ئاشکرایە؛ برووسکەکەیە، دەبێتە هۆی خولقاندنی بەرهەمی هونەری. جا لێرەدا بە دیاردەکە دەڵێین: سەرچاوەی ئیلهام. برووسکەکەش دەبێ بە ئیلهام. کارەساتەکەش دەبێ بە ئیلهام وەرگرتن. ئەو سەرچاوەیە، جاری وا هەیە بیرگەی نهێنی یا بیرگەی دەروون، بۆخۆیەتی. یانی ڕووداوێ فەرامۆشکراوە، بەڵام شوێنی لەسەر ئەو بیرگەیە داناوە. پاش دەیان ساڵ، ئەگەر خەیاڵ دەتباتەوە، لەناکاو تووشی دەبی و ئەو دیاردە لەمێژینە، دەبێ بەهۆی برووسکەی پێوەندی و داهێنان و بەرهەمی تازە.

***پرسیار: لە دارشتنی شێعر، نەخشی چاو، واتا (دیتن) زاڵترە یا بیر و فکر؟***

***وەڵام:*** دیتن نا! بۆ شاعیر، دیتن نابێتە هۆی برووسکەی شیعر لە دەروونیدا. پێم وایە بڵێین (ڕوانین) باشترە. جەنابت، ڕەنگە دە جار ئەمنت دیبێ، بەڵام نەزانی خاڵێ بە ڕوومەتمەوە هەیە یان نە! ئەگەر هەیە، لە لای چەپەوەیە یان ڕاست؟ کەوابوو، ڕوانین یا تەماشاکردن، کە دیتنێکە بە سەرنجەوە لە دارڕشتنی شیعردا دەوری هەیە، لە دەروونی شاعیراندا شوێن دادەنێ، دەبێ بە مووچڕکی لەش و کزەی جەرگ و لەرزینی دڵ. واتا بە چەشنێ بۆی دەڕوانی و نیگاهی و هۆشی لەسەر سەقامگیر دەبێ، کە بە جوانی هەستی پێدەکات.

لە خولقاندنی شێعردا، بیستن، لەقەدەر تەماشا کردن، دەوری هەیە. جا ئەگەر بادەینەوە بۆ لای پرسیارەکە و

بزانین ڕوانین یا بیر و فکر، کامیان لە خولقاندنی شێعردا دەوری گرینگیان هەیە؟ دەبێ بڵێین هیچیان! تەنانەت بیر و خەیاڵیش ناگەنە ڕادەی هەستپێکردن و ئەوەندەی هەست، دەوری گرینگیان نیە...

## بەشی سێهەم

***پرسیار: ئیبداع، واتا داهێنان، دە شیعردا چۆن بەراورد دەکەن؟ یانی بە چ شیعرێ دەڵێن ئیبداعی تێدایە؟***

***وەڵام:*** ئەگەر داهێنان بناسێنین و لە یەک ڕستەدا تاریفی کەین، دوایە بەرهەمی تازەی داهێنەرێ لە چوارچێوەی تاریفەکەدا بگونجێ؛ ئەو بەرهەمە، داهێنانی تێدا نیە. بە کورتی، یانی ئەم تاریفەی ئەمڕۆی ئێمە بۆ داهێنان، شیعرەکەی سبەینێی ئەو بگرێتەوە، ئەو بەرهەمە ناچێتە ڕیزی داهێنانەوە. چونکوو داهێنان ئەوەیە کە لە پێشدا بیر و خەیاڵی کەسێکی تر بۆ لای نەچووبێ و لە چوارچێوەی دانراوی پێشوودا نەگونجێ. ئەو کەسانەی خوێندنەوەیان لەسەر گەلاڵەیێکی زانستی دیاریکراو بێ و تەنیا ئەو بەرهەمانە بخوێننەوە کە لەگەڵ بۆچوون و شێوازی خۆیان پێوەندی هەبێ، هێزی داهێنانی ئەوانە پتەوتر دەبێ. بە پێچەوانەوە، ئەگەر گەیشتنە هەر شتێ، خوێندیانەوە؛ ئەو بەرهەمانە چۆن لەگەڵ چنراوی ڕۆحی ئەوان جیاوازیان هەیە، لە ڕێگای لادەدەن و سەریان لێ دەشێوێنێ، مەگەر ناڵێن هاواڵی خەراپ، شوێنی ناحەز لەسەر مرۆڤ دادەنێ؟!

داهێنان، تایبەتی بە بەشێکی جیاوازەوە نیە. لە بابەتدا، لە کاکڵ و چوارچێوەدا، لە وەزن و مۆسیقادا، لە تەواوی ڕازێنەوە ڕواڵەتییەکاندا، دەکرێ داهێنەری بکرێ و شیرینکاری بکەین. بەڵام لێرەدا، توانای داهێنان و هێزی داهێنەری، پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە هێزی هەڵکەوتووی ئەو هونەرمەندەوە. ڕادەی ئەو تواناییەش جیاوازە.

***پرسیار: ئێوە وەک شاعیرێک سەرنج دەدەنە کام لایەنی شیعر، یانی لایەنی فۆرم و وەزن یا ناوەرۆک؟ پێتان وایە، کامەیان دەبێ لە خزمەتی ئەوی دیکەدا بێ؟***

***وەڵام:*** چۆن کوتن زۆر گرینگ نیە! چی باس دەکەی، یان چ پەیامێ لە شیعرەکەتدا هەیە، ئەوە مەرجی

گرینگە. دیارە کە ناوەرۆک لایەنەکانی دیکەی دەبێ لە خزمەتدا بێ.

چۆن گوتن دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی خۆت و ڕادەی شارەزایی و دەسەڵات بەسەر زمان و وەزن و مۆسیقادا. ئەگەر خەیاڵێ هانی دای قسەیەکی تازە بەسەر زمانی پێنووسدا هات، بۆخۆی وەزن و فۆرمێ هەڵدەبژێرێ. ئەوە فەرمایشی "مامۆستا هێمن"ە.

***پرسیار: شیعر بەرهەمی ئەندێشە و هەست و عاتیفەی شاعیرە. لایەنەکانی خۆشەویستی، دەشیعردا چۆن دەبینن؟***

***وەڵام:*** لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆمدا، بڕێکتان لە ژێر زمانم دەرکێشا. دەتوانم بڵێم؛ شاعیر، ئەوین و ڕوانینێکی تایبەتی بە دونیاوە هەیە. دار و بەردیشی خۆش دەوێ، تا دەگاتی ئینسانی ڕەش و سپی... ئەگەر ڕۆحێکی شاعیرانەشی هەبێ، خەمی دوژمنەکانی خۆشی دەخوات. بە گوێرەی پێوەندییەکان، ڕادەی خۆشەویستی جیاوازن. بە بڕوای گەلێ کەس، دایک و دڵدار و گوڵ، یەک بە شوێن یەکدا سەرچاوەکانی یەکەمین خۆشەویستین، دوایە من داڵ و هونەر و... بەشە زۆرەکانی خۆشەویستی... تەواوی ئەوانە لەسەر یەک، ناگاتە ئەوین و گڕی خۆشەویستی نیشتمان...

***پرسیار: لە وتووێژێکدا کە شاوێری هەڵکەوتوو و خۆشەویست، خوالێخۆشبوو (مارف ئاغایی) لەگەڵ (مامۆستا شێرکۆ بێکەس) وەڕێی خستبوو. کاک شێرکۆ لە وەڵامی پرسیارێکدا فەرمووی: زۆربەی شیعرەکانم، لە قەرەباڵغی و شلووغی نێو قاوەخانەی سوئێددا نووسیوە. دەی باشە، ئەو کاتەی سیحری شیعرێ، ژوورەکەتان دەتەنێ؛ ئایا زەمان و مەکان، بۆ ئێوە مانا و مەفهوومێکی هەیە؟!***

***وەڵام:*** ئەگەر مێشکی شاعیرەکە شلووغ نەبێ، شوێنی نووسینی شیعرەکەی، مەرجێکی گرینگ نیە! ئەگەر بیری لێ بکەینەوە، لە ئەم زمانەدا، کەس ئاسوودە نیە. پێم وایە، مامۆستا شێرکۆ بێکەس وەکوو هاووڵاتیانی دیکە، خووی بەو خەمانە گرتووە. فەرقی نیە لە سای درەختی پارکێ لە لەندەن بێ، یا لە کانی ئاسکانی سولەیمانی. مرۆڤ ئەگەر کوێرەوەری و چەرمەسەری دەوران لێی گەڕێ و بیروخەیاڵی، زۆر ئاڵۆز نەبێ؛ بەهۆی چەخماخەی شیعرێ، پێوەندی نێوان بیرگەی وریا و نهێنی دەروونی پێک دێ و شیعرەکەی دەنووسێ، جا با لە دەوروبەریشیدا چەپڵەڕێزان بێ! مەرجی گرینگ، ئەوەیە؛ بیر و مێشکی شلووغ و ئاڵۆز نەبێ. بڕوا بکە نووسینی خەمەکانیش، دڵی

خۆشی دەوێ! مەبەستم ئەوەیە؛ خەیاڵی ئاسوودەی دەوێ. جاری وا هەیە، مرۆڤ ئەوەندە وەڕەزە؛ لە گیانی خۆشی بێزارە، ئەو شیعر و هونەرە شیرینەشی هەر لەلا تاڵە. زۆر جاریش شاعیر لەکاتی کارکردندا گڕی شیعرێ لە دڵی بەربووە و شتێکی نووسیوە.

***پرسیار: دوای (ملوانکەی شین) بەدەگمەن شیعرمان لێ ئەدیوی و بەرهەمت لە گۆڤارەکاندا کەمتر بڵاو بووەتەوە. هۆی ئەوە چیە؟!***

***وەڵام:*** لە پێشەکی نووسراوەیەکدا کە لە ژمارەی سێهەمی گۆڤاری زرێباردا چاپ کراوە، هەروەها لە شیعرێکدا، بە ناوی "پاڵەوان" کە لە حەوتەنامەی ئاوێەری ساڵی ٧٦ دا بڵاو کراوەتەوە، هێندێ لەو هۆیانەم بە ئیشارە و ئاشکرا ئەنگاوتووە. ڕووی دەوران ڕەش بێ! سەرەڕای ئەوەش، ئەو ساڵانە، کوردیەکەم زۆر کورت بوو. گیروگرفتم لەباری زمانەوە، بەرچاو بوو. پێم خۆش نەبوو چیتر شیعری لاواز و کرچوکاڵ چاپ کەم. جارێک بەس بوو... ئاگات لێیە (ملوانکە) چەندەی هەڵەی زمان و ڕێزمان تێدایە کە دەبێ چاک بکرێن؟! دیارە ئەگەر بەشوێن دامەزراندنی (سروە)دا، دەستم دابا بەرهەم بڵاوکردنەوە، شیعرەکانم ئەوەندەی هەڵە نەدەبوو! بەڵام بەداخەوە شەش ساڵی پێش (سروە) شیعرم چاپ کرد. ئەو دەمیش، بۆخۆتان دەزانن نووسینی زمانی کوردی و چاپەمەنی کوردی، پاوان کرابوو. لە هەر شارێکی ئێران، تەنیا چەند کەسێ دەیانزانی بە کوردی بنووسن و بخوێننەوە، کە زۆربەیان لە دایەرەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن کاریان دەکرد.

ئێستا هەرچی دەنووسم، یان زۆربەیان، بە شریت یان دەسنووس بڵاوی دەکەمەوە. پاش چەن ساڵان، درەنگ یا زوو، ئەگەر ئەو شیعرەی هۆندوومەتەوە، ناوی دەر کرد و جەماوەرێکی زۆر بەدڵیان بوو، یانی دەسبەدەس بەناو یاران و شاراندا بڵاو بوونەوە؛ ئەوجا دەزانم ئەو نووسراوەیە، مەیلەو شیعرە و لە دەفتەری جیاوازدا دەی‌نووسمەوە. یانی وێنەی کۆتری نامەبەر، هەڵیان‌دەفڕێنم و بڵاویان دەکەمەوە. هەر کۆترەشیعرێ گەڕاوە ماڵی خۆمان، ئەوە بە شیعری دەزانم. یانی ئەگەر زۆر کەس ئەو شیعرەی منیان لەلابێ، یان چەن دێڕێکیان لەبەر بێ؛ ئەوجا بۆخۆم پەسەندی دەکەم. ئەو شیعرانەش کە نەگەڕاونەتەوە؛ با بڕۆن، خوا یاوەریان بێ...

***پرسیار: بۆچی شیعر لەچاو بەشەکانی تری هونەر. ئەوەندە لەنێو ئێمەدا بازاڕی خۆشە؟! دەبێ بڵێم بەداخەوە زۆربەی هونەرمەندەکانمان. گرینگی پێویست بە بەشەکانی تری هونەر نادەن و بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە هەر لەمەڕ***

***هونەرەکانی تر ئاگاداری‌یێکی ئەوتۆیان نیە. ڕەنگە بڵێم هەر بەتەواوی نامۆن و تەنیا هونەرەکەی خۆیان بە هێند دەگرن. بۆ وێنە، هەر خۆم زۆر جار هەستم بەوە کردووە و دیتوومە، کاتێ نوێنگەی وێنەگەری یا پەیکەرتاشی دادەمەزرێ و یا ئەوە شانۆیەک بەڕێوە دەچێ، بەشداری هومەرمەندەکان لەم شوێنانە، زۆر بەرچاو نیە. ئێوە ئەو بابەتە چۆن دەبینن؟***

**وەڵام:** مۆسیقا، بەگشتی، غەیری ئەوەی کە لەزەتێ بە ڕۆح دەدا و کار لەسەر هەست دەکات، مرۆڤ دەباتە خەیاڵەوە. لە شیعریش‌داکە پیوەندی پیتەکان و ژمارە و چۆنیەتی چنینی بڕگەکان، دەوری مۆسیقا دەگێڕن، ئەو هەستەی کە مۆسیقای ساز دەی‌دا بە گوێگر، مۆسیقای شیعریش، کەم تا کورتێک ئەو هەستە دەدا بە خوێنەر. ئاگەرچی ناگاتە ڕادەی دەنگی ساز، بەڵام هەرچی بێ، سەرنجڕاکێش و بزوێنەرە و دەورەکەی بەرچاوە. شیعر کە بۆخۆشی بیر و خەیاڵ و فسەشی تێدایە. کەوابوو، پتر لە هونەری مۆسیقا، مرۆڤ دەهەژێنێ. خەڵکی ڕۆژئاوا، ڕۆحی مرۆڤایەتی خۆیان هێشتا پاراستووە. بۆیە حەزیان ە شیعر و مۆسیقایە. لە وڵاتی ئێمەش‌دا، خەم و ئازاری ئینسان‌بەزێن، زۆرن! شیعر و مۆسیقاش، وەکوو دەرمان، سوکنایی دەدەن بەو دەردانە...

پێشوازی بەرچاویش بۆیە لە هونەرەکانی دیکە ناکرێ، لەبەر ئەوەیە هونەرەکانی دیکە لە وڵاتی ئێمە پەرەگر نەبووە، لەبەر بێ‌دەرەتانی و نەبوونی کەرەسەی بنەڕەتی پێویست. مامۆستامان زۆر کەمن. شوێنی پێشانگا، ڕێگەی باشی نیشان‌دان و نواندنی بەرهەمی وێنەگر یان مۆسیقازانێکی هەژار، کوا دەتوانن بە ئاسانی و بەربڵاوی شیعر، بگاتە دەستی هونەردۆستان؟! دەنگەبەرەکان، واتا ڕاگەیەنەرە گشتی‌یەکانیش، بەلای دەمێکەوە یا بە گۆشەی چاوێ، لە دوورەوە دەڕواننە هونەر و هونەرمەند، بۆیە وایە.

***پرسیار: گۆران، زمانی شیعر و فۆرم و ناوەرۆکی شیعری کوردی بەتەواوی گۆڕی و لەجیاتی وەزنی عەرووزی عەرەبی، وەزنی سیلابی هێنایە مەیدان و زمانێکی ڕەوان و تەڕی لە وێنەی ڕیالیستی سادە، بەڵام قووڵ و پڕ لە مانای هێنایە ناو شیعری کوردی. ئێوە بەگشتی ڕاتان لەسەر گۆران و شوێن پێی ئەو دە ئەدەبیات‌دا چیە؟!***

**وەڵام:** "ئەو دەریایە، لەم بایە*دا ناگونجێ"! دەرفەت کەمە. (گۆران) و باسی لایەنێکی کەسایەتی هونەری و ئینسانی ئەو شاعیرە، باسێکی سەربەخۆی دەوێ. (سروشت و دەروون) بەرهەمێکی چاپکراوی (گۆران)ە. کە لەقەدەر (فرمێسک و هونەر) یان (بەهەشت و یادگار) شیعری تێدایە. تەواوی شیعرەکانی (سروشت و دەروون) عەرووزین. لە دوو بەرهەمەکەی دیکەش‌دا کە ناو بردن، شیعری عەرووزی هەیە. عەرووز تایبەت بە عەرەب نیە،

شیعری زمانەکانی هێند و ئورووپایی هەر هەموویان بەو چەشنەیە. یانی کورت و بڵێندی بڕگەیە، وەزنەکەی پێک دێنێ. وەزنی بڕگەیی شێوەی (گۆران) پێش ئەویش هەر هەبووە. بەیت و یاوی زۆر کورتم بیستووە کە بەو وەزنەیە. لە نیوەی زیاتری شیعری کلاسیکی کوردی و شیعری زۆربەی گۆرانی، هەورامی و سۆرانی، هەر ئەو وەزنەیە. بەرلە گۆران، مەولەوی و قانع و... بەکاریان هێناوە.

گومانێکم هەیە و بەڵگەی سەلماندنی مێژوویی یا زانستیم بۆ نابینرێتەوە و ئەگەر بەگوێرەی ئەزموون، لێمی قەبووڵ فەرموون، کە ئەزموونیش پلەی خۆی لە زانستدا هەیە. جا نازانم لە ئەنجامدا ئەم فەرزیە، بەڵگەی زانستی لەسەر دەدرێ یا نە!

"پێم وایە؛ وەزنی بڕگەیی گۆران، وەکوو (گەشتی هەورامان) و (گەشتی قەرەداغ) و (بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە) کە وەزنی زۆربەی گۆرانییەکانی فۆلکۆری سۆرانی، هەورامی و زاراوەی ناوچەکانی دیکەشە، هەر وەزنی عەرووزی (فع لن فعولن) یا (مستفعلن فە) بووبێ کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. یانێ نەزمی بڕگەی کورت و بڵێند شێواوە و تەنیا ژمارەی بڕگەکان و کورتە ڕاوەستانی نێوان پێنج بڕگەی ماوەتەوە. فەرزەکەش لەسەر ئەم سێ لقە دامەزراوە:

**یەکەم** دووپات بوونەوەی ئەو وەزنە لە ژیانی ڕۆژانەدا و ڕاهاتنی گوێی بیسەرانی ڕابوردوو. کوردیش، ڕۆژ و شەو، پێنج کەڕەت لە بانگی مزگەوتدا گوێی لە (الله اکبر) دەبێ. وەقدە کەڕەتیش لە نوێژدا، هەر کەڕەتێ چەن جار دووپاتی دەکاتەوە و گوێی بە ئەو ئاهەنگ و ژمارەی بڕگەیە، ڕادێ و عادەتی پێدەکا. لەباری وەزنەوە، (الله اکبر) دەبێتە (مستفعلن فع) یا (- - ل - -) کە وەزنێکی دەورییە و هەر میسرەعێ لە شیعرەکەش دە بڕگەیە و لەنێوان هەر بەشێکیدا، ڕادەوەستن. (حافز)یش چەن غەزەڵی لەم وەزنەدا هەیە.
**دووهەم، کەڵک لێوەرگرتنی لەڕادەبەدەر.** هەرچی میرزاکانی قەدیم، نامەگۆڕینەوەیان کردووە، لەم وەزنە کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام جێگا جێگا تێکیان داوە. یانی تەواوی مەرجی کورت و بڵێندی بڕگەکانیان وەبەرچاو نەگرتووە. بەشێکی هەرە زۆری گۆرانی فۆلکۆری کوردی، سۆرانی و هەورامی هەر ئەو وەزنەیە. جار وایە دروستە، جاری وایە نەزمی بڕگەکان تێک چووە. بەشێ هەرە زۆری شیعری کلاسیکی کوردیش، هەر ئەو وەزنەیە. بۆیە لە تەرازووی عەرووزدا دایئانێن و پێی دەڵێن بڕگەیی.

**سێهەم ئەوەیە کە؛** وێکچوونی زۆری ئەو دوو وەزنە و جیاوازی کەمیان بووەتە هۆی ئەوەی کە پێموابێ هەر یەکن. یانی ژمارەی بڕگەکان "دە"ن. وەزنەکە دەورییە. تەنیا بڕگە کورتەکەی جێگا دەگۆڕێ و ئازادە. ڕەنگە هەر ئەو وەزنە عەرووزییە بێ، کە ئەم کورتە ئاڵوگۆڕەی بەسەردا هاتووە. چون وەزن شتێکی سادەیە و زۆر زوو مرۆڤ وەریدەگرێ و لاسایی دەکاتەوە.

ئەگەرچی گۆران وەکوو (شێخ نووری) نووسەر نەبوو، بەڵام بە ئاڵاهەڵگری ئەو شۆڕشەی، بە شیعرە ناسکەکانییەوە، سەرچاوەی شیعری ئەمڕۆی کوردە. (گۆران)یش کەم ژیا، بەڵام چاکی ڕێگا خۆش کرد. ئەو قەدەرانە گوێم لە شریتی دەنگی گۆران بوو کە شیعرێکی لە کۆڕێکدا دەخوێندەوە، دەربارەی سەلاحەدینی ئەیووبی بوو. زۆرم پێ سەیر بوو ئەو شیعرەیان لە سەرجەمی دیوانەکەیدا چاپ نەکردووە. دیارە دەبێ شیعری دیکەشی هەبێ کە هێشتا کۆ نەکراوەتەوە.

***پرسیار: شیعری زۆربەی شاعیرانی سەردەمی ئێستا کە دەخوێنیەوە. مرۆڤ هەست بە بابەت و شتی تازە دەو شیعرانەدا ناکا و بە قەولی (کاک جەلال مەلەکشا) ڕەنگە ئەگەر چەند پارچە شیعری چەند شاعیر بەدوای یەکدا بنووسی و ناوی شاعیرانی ژێری پاک کەیەوە. بۆت لێک نەبێتەوە کام شیعر هی کام شاعیر بوو! یا بە واتایەکی تر. دەنگی سەربەخۆ. کەم بەدی دەکرێ. ڕای ئێوە چیە؟***

***وەڵام:*** جووڵانەوەی ئەدەبی تایبەت بە شیعر، دوو بەشی جیاوازی هەیە. هەر بەشێکی لە بواری تایبەتی خۆیدا دەڕوا.

**یەکەم،** ڕەوتی بەردەوام یا شیعری پایەدار، کە لە پەیدا بوونی یەکەم شیعری فۆلکلۆری جوانەوە دەستی پێکراوە. یانی لەو ڕۆژەوە، یەکەم شیعری بەهێزی خۆماڵی خوڵقاوە، دەستی پێکراوە. شوانێکی نەناسراو، دێڕێکی هەستبزوێنی کوتووە، پاش هەزاران ساڵ گەیشتووەتە دەستی ئێمە. تەنیا ناوچەی خوڵقاندنی ئەو شیعرانەش دیارن و بەس! ئیدی نە مێژووی نووسینی ئاشکرایە و نە ناوی وێژەرەکەی. ئەو ڕەوتی ئاساییە، ئێستاش هەر بەردەوامە. یانی ڕەنگە ئەمڕۆ تاقە شیعرێ خوڵقابێ و من و ئێوە بێخەبەر بین. بەڵام ئەوەندە جوان و گیاندار بێ، کە وێنەی شیعری گۆرین** هەتاهەتایە بمێنێتەوە و شیعرێکی گەلپەسەند و ڕاستەقینە بێ. کەوابوو، ئەو

شیعرەش لە ڕیزی بەشی یەکەم، واتا ڕەوتی بەردوام یا شیعری پایەداردا جێگا دەگرێ. سەیر ئەوەیە، دانەرەکانیشیان تا زیندوون، ڕەنگە نەزانن لەنێو شیعرەکانیاندا بەرهەمی هەڵکەوتەیان خوڵقاندووە.

تایبەتمەندی ئەو شیعرانە دەبن بە ئاوی حەیات بۆ ئەو بەرهەمانە و ناهێڵن تازە بمرن! (شیعری پەتی بە وێنەی کوردی ئاوارە، یا بە وێنەی باڵندەکانی کۆچەری، تێلی پەرژینی بەسامی هیچ سنوورێکی ناناسن. شار بە شار و زار بە زار، دەگەڕێن و بڵاو دەبنەوە. چاپیشیان نەکەن، هەر بڵاو دەبنەوە.

***پرسیار: بەڵێ؛ وایە. ئینسانەکان دێنە سەر دونیا و لەم چەشنە شیعرانە دەخوڵقێ و دەکەونە سەر زاران و دوایە دەخرێنە ناو خەزێنەی ئەدەبی ڕاستەقینەی ئەو گەلە. ئەدی بەشی دووهەم چۆنە؟ چونکوو بە ڕەوتی بەردەوام. ئەو جوورە شیعرانەت ناو برد.***

***وەڵام:*** بەڵێ! ئەوە شیعری ڕەوتی بەردەوام بوو. شیعری پایەدار بوو.

دوایە دەگەینە بەشی دووهەم کە باشترە ناوی بێنین: ڕەوتی شیعری دەسکرد. ڕۆژێ پیری دونیادیدە، هونەرمەندی بەناوبانگ (مامۆستا قالەمەڕە) فەرمووی: "براله! هێندێ شیعر هەیە، بە تەشی دەیڕێسن!" ئەو قسەیەم زۆر پێ جوان بوو. پێم سەیر نەبوو شمشاڵژەنێکی هەشتا ساڵەی شارانگەڕاوی نەخوێندەوار، کورت و کوردانە ئاوا بە شیرینی ڕای خۆی دەربارەی شیعر دەربڕێ. ئەوەم پێ سەیر بوو کە دەبوو ئەدیبێ ئەو قسەی کردبا، نە هونەرمەندی مۆسیقا! لێرەدا قالەمەڕە زمانی بە "خوری" تەشبیه کردووە. یانی ئەتۆ بێنی بە دانستە، مووبەموو وشەکان بە ئامرازێک لێک ببەستی و بە زۆری وێنە و ڕازێنەری پێوە هەڵواسی. جا ئەوەیە شیعری دەسکرد.
تاوەکوو هونەرمەندێ، دڵی ئاوری تێبەرنەبێ، شیعری دڵتەزێن نانووسرێ کە شوێن لەسەر هەستی ئینسانەکانی دیکە دابنێ. تاقە شیعرێکی پڕهەست لەلایەن هەر کەسێکە بخوڵقێ، خاوەنەکەی شاعیرە. حەولدان بۆ بەرهەمی زۆرە کە دەبێتە هۆی نووسینی شیعری دەسکرد و بە وتەی ئێوە شتی تازەی تێدانابێ. با ئێمە شەد شاعیرمان هەبێ و هەر یەکێ تاقە شیعرێکی پەتی و پڕهەستیان خوڵقاندبێ، لەوە باشترە کە چوار پێنج شاعیرمان هەبێ و حەول بدەن کە بەرهەمیان زۆر و دیوانەکەیان پڕ بێ. لێرەدایە کە شیعری دەسکرد پەیدا دەبن و وەکوو بەرهەمی دارێک دەچن. خۆ شیعر، بەرهەمی کشتوکاڵی نیە، دەغڵ و دانیش نیە کە خەرمانی پڕ پیت و بەرەکەتی

بە شانازییەوە هەڵدەینەوە. با کەم بێ و جەموجۆر بێ، نەک زۆر بێ و بۆر بێ.

***پرسیار:*** ***بەڵێ! وایە. بابەتاهیر شیعری کەمە. بەڵام جوانە. بە قەولی ئێوە. شیعرەکانی پایەدارە. بەڵام بەشێکی ئەم پرسیارە بێوەڵام مایەوە، باسی نزیکی شێوازەکان و دەنگی سەربەخۆت نەکرد!***

***وەڵام:*** لەو بابەتەوە کە پرسیتان شیعری چەند کەس لە پەنا یەک داینێن، نازانین کامەیان هی کامیانە، ئەوە بە بڕوای من، نابێتە عەیب بۆ ئەو شیعرانە. ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەرۆکی شیعری لاوەکانی ئەم سەردەمە، زۆر شت وەدەر دەکەوێ. ئەوانە شاعیری هاوچەرخن و لە وڵاتێکدا دەژین. هاوفەرهەنگ و هاوتەمەنن یان تەمەنیان لێک نزیکە. کەوابوو دەردەکانیان، ئازارەکانیان و ئارەزووەکانیان، هەر یەکن. خەرمانی یەک خەم بە سەریاندا دابەش کراوە. بەشە خەفەتی هەر کامیان وەکوو ئەوەی دیکە دەچێ. هەستی دەروونی شیعرەکانیش کە لە هەڵبژاردنی وشەکاندا دەردەکەوێ، دیارن، سکاڵاکان و هاوارەکان وێک دەچن. وشەی سەیر هەڵدەبژێرن کە ئاوێنەی هەستەکەیانە. بۆخۆم زۆر بە سەرنجەوە تەنانەت چەن جار شیعرێکی تازەی ئەو لاوانە دەخوێنمەوە، دەمەوێ چێژی لێ وەرگرم کاتێ بۆ وێنە سەرنج دەدەمە وشەی "تۆقینەوە"، هەست بە دەنگی گرمە و ئاگر و خوێن و دووکەڵ و کەپ و تۆز و هاوار و گریان دەکەم. ئەگەر شیعرەکانمان خۆش بوێ و جوانیان بخوێنینەوە، زۆریان باشن. ئەگەرچی لە باری وەزنەوە یا ژمارەی بڕگەوە یەکن. جا چ بوو خۆ قسە، بە وەزن نابێ بە شیعر! تەواوی شانامەی فێردەوسی، هەمووی یەک وەزنە. هی خەیام، یەک وەزنە. هی بابە تاهیر کە ناوتان هێنا، یەک وەزنە. ئەگەریش ئەم قسانەی من دەربارەی شیعری لاوەکان، بە پاکانە دەزانن، لێرەشدا هەر ئەوان بێتاوانن. کێ فێری کردوون؟! کام کتێبی بێهەڵەی فێر کردن و بارهێنان هەیە تا بیخوێنن؟! کام بەرنامەی تەلەوزیۆن بۆ هونەری وان تەرخان کراوە؟! ئەزموونەکانیان لە کوێ وەرگرن؟! کاتێ تاقیکاری و لێپرسینەوە لە قوتابی هەیە، کە لەپێشدا شتێکی فێر کرابێ...

***پرسیار:*** ***باسی دەنگی سەربەخۆت لەبیر ماوە؟!***

***وەڵام:*** دەنگی سەربەخۆ لەو ڕوانگەوە کە ئێوە دەتانەوێ، یا خەڵک دەیەوێ، پێم وایە وەگیر ناکەوێ! دونیا زۆر کۆنە، بابەتەکان زۆر کەمن. دەشتوانین قەتاریان کەین و بیانبژێرین. دیوانی حافزیش بۆخۆی ڕەنگدانەوەی

دیوانی بیست و چوار شاعیری پێش خۆیەتی. ڕەنگە هاوچەرخ و هاودەردیشی تێدا بێ. حافزیش دەنگی سەربەخۆی نیە. بە دەگمەن هەڵدەکەوێ. بۆخۆم تەنیا شاعیرێ دەناسم، کە بابەت و شێواز و هەموو شتێکی دەڵێن تازەیە و هەمیشە خولقێنەر و داهێنەرە، ئەویش [ئاڵدۆپالاتسکی - ALDOPALATSKI] شاعیری هاوچەرخی ئیتالیاییە کە دەڵێن هیچ شاعیرێ شوێنی لەسەر دانەناوە و ئیلهامی لە شیعری کەسیش وەرنەگرتووە. بۆخۆشی، هۆی سەرکەوتنی خۆی درکاندووە: دەڵێ: "ئەمن پشتم بە بیر و خەیاڵی خۆم بەستووە. بابەتی شیعرەکانم لە کووچەی خۆماندا دەبینمەوە. زۆر جاریش چوومەتە کتێبخانە گەورەکان، بەڵام تا دیوانی قورسی شاعیرەکانم هەڵداوەتەوە، پاش چەن ساتێ وەڕەز بووم و دڵم گیراوە و هەڵاتووم." ئەمە قسەی "ئالدۆپالاتسی بوو. جارێکیش کوتوویە: "ئەمن قەت یەک سەعاتیشم بۆ خوێندنەوە تەرخان نەکردووە". پێم وابێ لە وڵاتی ئێمەدا هەر شاعیرێ شیعرێکی لە گۆڤارێکدا چاپ کردبێ و جگەرگۆشەیێکی خستبێتە بەر چاوی خوێنەران، دەنگی تایبەتی و سەربەخۆی هەیە. هەر گوڵێ، عەتر و بۆنی خۆی هەیە، دەنگی خۆی هەیە. هەر قامکێ ،خوێنی خۆی لێدێ. ئەگەر بە وردی شیعر بخوێنینەوە، زیاتر چێژی لێ وەردەگرین.

-------

١- ئاماژەیە بە شیعرێکی فۆلکلۆری "تا کەی دانیشم لە سای داری بی - تا کەی هەڵکێشم ئاهی غەریبی"

* بایە: کاسە، دەفر، قاپ

** ئەو کەسەی باس‌مان کرد.

سروەی ١٥٣ - سێپتەمبەری ٢٠١٣

سەرچاوە: گۆڤاری سروەی ١٥٢- ١٥٣ و ١٥٤ - ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٥

## دید و بیروڕای چەند نووسەر و شاعیر لە بارەی مامۆستا شەریف ی شاعیر:

---------------------------------------------------------



## شەرێف فەلاح نووسەر کورد:

**سەبارەت بە شاعیری (ملوانکەی شین) مامۆستا شەریف (چەند) ساڵە بێ سەروشوێنە دەڵێ:**

**"کەس نازانێ ئاسمان هەڵی کێشا یام زەوی قوتی دا!"**

**"ئا" وێنەی ئازادی ئاڵای ئاوات و شادی**

**ڕۆژانە لە رادیۆ، تەلەڤزیۆن و میدیا دەنگییەکانی کوردستانەوە، گوێمان لە تێکستی گەلێک گۆرانیی کوردی دەبێت کە بە گوێی هەموومان ئاشنان، بەڵام بەداخەوە کەم کەس ئاگای لە شوێنی ژیان و چارەنووسی خاوەنی ئەو تێکستە ڕەسەنانەیە.**

(ملوانکەی شین) ئەو کۆمەڵە شیعرەیە کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، وەک یەکەم کۆمەڵە شیعری کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە کەش و دۆخێکی هەستیاردا چاپ و بڵاو کرایەوە و شیعرە دەگمەن و هەستبزوێنە پڕ لە مۆسیقا و ریتمەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرە زۆر بە خێرایی رۆ چوونە زەینی خەڵکەوە.

شیعرەکانی وەک (دایە گیان، مامە شوان، زریبار، ملوانکەی شین، قوتابخانە) و چەندین شیعری دیکەی ناو ئەم کۆمەڵە شیعرە، دەمێکە کراونەتە ملوانکە و کیژ و کوڕانی دڵپڕ لە سەودای ئازادیی نیشتمان دەیکەنە گەردنی خۆشەویستی.

خاوەنی ئەو شیعرانە شەریف حوسێن پەناهی ناسراو بە (مامۆستا شەریف)ە کە دوای ئەوەی شەش ساڵ لەمەوبەر لە شاری سنە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە تووشی لێپێچینەوە و گوشار بوو، رۆژهەلاتی بەجێ هێشت و دوو ساڵ لە شاری هەولێر و کۆیە ژیا، بەداخەوە باری دەروونیی تێکچوو و دواتر لەلایەن کەسوکاریەوە برایەوە رۆژهەلات، بەڵام لەوێش نەحەوایەوە و دیسان لە ماڵ هەڵات و ئیتر لەو کاتەوە هەتا ئێستە هیچ کەس و تەنانەت بنەماڵە و کەسوکاریشی هەواڵی نازانن.


لە شیعری کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، دەگمەنن ئەو دەنگ و ناوە شیعرییانەی لەناو نوتەی مۆسیقا و سەمفۆنیا و گۆرانیدا بوونەتە هەرمان و لەسەر زاری پیر و لاو و کوڕ کاڵان دووپات دەبنەوە.

دەگمەنن ئەو دیوانە شیعرانەی لە سەردەمی تاریکی و بڤە و قەدەغەدا دریان بە تاریکی دا و رووناکیبەخشی شەوی تاری ژیانی نیشتمان بوون. (ملوانکەی شین) کۆمەڵە شیعری شەریف حوسێن پەناهی (مامۆستا شەریف) یەک لەو کۆمەڵە شیعرە پڕ لە ریتم و لە دڵ نزیکانەی ئەدەبی بەرەنگاری و بەرخودانە کە یەک ساڵ پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و لە سەردەمێکدا کە وشە و کتێبی کوردی دەگمەن و یاساغ بوون بڵاو کرایەوە و توانی لە رێچکەی شیعری کلاسیکی کوردی و لە ژانری ئەدەبی بەرگریدا ببێتە رچەشکێن و بووە پردی گواستنەوەی رەوتی شیعری نوێی کوردی لەو پارچەیە و بە دەیان جار چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

ملوانکەی شین، تژییە لە بیرەوەری و خەون و خەیاڵی نەتەوەیەکی ستەملێکراو، بۆیە خێرا لەلایەن گۆرانیبێژان، ناسری ڕەزازی نەجمەی غوڵامی، مەزهەر خالقی، عەدنان کەریم و چەندین کەسکی دیکەوە کرانە گۆرانی و خزینە ناو نوتەی مۆسیقاوە. شاعیری (ملوانکەی شین) کە مامۆستای قوتابخانە بووە و دەردەی هەژاری، بێبەشی لە خوێندن و نەبوونی ئازادیی هەست پێ کردووە، بە جوانی لە شیعری قوتابخانەدا و لە دووتوێی پیتەکاندا سیمای ئازادی و وەتەن بۆ قوتابیانی تۆمار دەکات.

شەریف بۆ خۆی لە قوتابخانە شیعرییەکەی موکریان و بەتایبەت شاعیر هێمن وانەی شیعر و کوردایەتی فێر بووە و ئەمەش بوونە سەرچاوە و هەوێن تا ڕێچکەی فێرکاری و وانەبێژیی زمانی کوردی بگرێتە بەر و ئەمەشی لە ئامۆژگارییەکەی هێمن وەرگرت کە لە پێشەکیی (ملوانکەی شین)دا دەڵێ: «ئەوەشی لەبیر بێت کە زمانەکەمان پێویستی بە خزمەت هەیە و هەوڵ بدا وشەی ڕەسەنی کوردی بەکار بێنێ و خۆ لە وشەی دەسکرد و داتاشراو بپارێزێ».

---------------------------------------



## ڕەحیم لوقمانیی شاعیر، ئەدیب و وەرگێڕ دەڵێ:

"شیعرەکانی مامۆستات شەریف پیشاندەری سیمای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو دەمانەی کوردستان بوو. هەروەها لەڕووی زمان و ریتمی شیعری و پەیامەوە زۆر لەگەڵ نیاز و خواستی خەڵکی کوردستان گونجاو بوو. ساڵی١٩٨٦ من لە گۆڤاری (سروە) بووم. جاروبار ڕۆژانی هەینی دەچووم بۆ مەهاباد لەوێ دەچوومە لای کاک شەریف، ئەو دەمە

وەک خۆی باسی کرد، کلاسیکی بۆ کێشی عەرووزی دانابوو و کەسانێکی هۆگری شیعری شێوە کلاسیک دەهاتن بۆ لای."

---



## رەئووف مەحموودپوور، شاعیر و رەخنەگر دەگێڕێتەوە:

"منداڵ بووم، لە پۆلی دووی ناوەندی دەمخوێند. پێشتر مێشکم بە شیعری هەندێ شاعیر زاخاو درابوو. لەوانە: سەیدی و مەولەمی و مەلا حەسەنی دزڵی و قانع و داستانە شیعرییە عاشقانەکانی وەک (شیرین و خوسرەو، لەیلا و مەجنوون و رۆستەم و زۆراب و لە پاڵ ئەوانەشدا شیعرەکانی سەعدی و داستانە دینییەکانی وەک قەڵای خەیبەر و محەمەد حەنیفە و میعراجنامە).. لەو دەمەدا یەکێک لە دەبیرەکانمان کتێبێکی خنجیلانەی بۆ هێناین کە ناوی (ملوانکەی شین) بوو.

بەلامەوە زۆر سەرنجراکێش بوو. بەو پێشینە شیعرییەوە کە لە مێشکمدا بوو، کاتێ دەبیرەکەمان بۆمانی ئەخوێندەوە بەتاسەوە گوێم بۆ ئەگرت. سەیر بوو. لە هیچیەک لەو شیعرانەی لەگەڵیان ئاشنا بووم نەچوو. زۆریم لەبەر کرد و هێشتاش لەبەرمە. بە پێی ئەو سەردەمە شێوازێکی پڕ پێویست و بەسوود بوون و سەرڕێژی جوانکاریی ئەدەبی و هەستی شاعیرانە بوون. هەستێکی پاک و راستبێژن لەگەڵ خۆ پۆلە پەپوولەیەک بوون کە بەرەو ئاسمانی دڵان ئەفڕین و زەینیان ئەهەژاند:

*پەپوولەی خەیاڵ، سەرمەست و هێمن*
*دەپێوێ سینگی ئاسمانی بێ بن*

ئاسمانێک وەک دڵی ئەویندارانی وشەی دایکانە و مەستی تاماوی سروشتێکی خەمڵیو و بێخەوش:

*لە پەڕ شاری مەریوان*
*دوو چین کێوی سەوز و جوان*
*راوەستاون بەرانبەر*
*بەرز و دارستان لەسەر*

ئەوە بوو کە بەدەم نەرمە شەپۆلەکانی زرێبارەوە ئەبوونە عەشقێکی بنج بەستووی کانگای هەستی هۆنراوی و زێد دۆستی.

------------------------------------------------



## ئەفراسیاب گرامی، نووسەر و رۆژنامەنووسی مەریوانی لەبارەی (ملوانکەی شین)ی مامۆستا شەریفەوە گوتی:

(ملوانکەی شین) لەدایکبووی ئەو سەردەمەیە کە شیعر ئەیویست گەرووی هاوارێک بێت بۆ رابوون و بووژانەوەی

کۆمەڵگای کوردی. بەگشتی دەتوانین بڵێین بەرهەمی کەڵکەڵە و دردۆنگییەکانی ئینسانی کورد و بەری رەنج و بەرگریی شار بوو کە خەیاڵ و هزری شاعیر دائەگرێت. شاعیر بە پەیڕەوکردن لە شاعیرانی بەرگریی سەدەی بیستەم، دەفتەرە شیعرێک بڵاو دەکاتەوە کە بێدەنگییەک دەشکێنێت. ئەم بێدەنگییە لە کاتێکدایە کە خوێنەری زمانی کوردی زۆر کز و لاوازە، بەڵام بە خێرایی ئەبێتە سروودی قوتابخانە و هونەرمەند و شاعیرانی دیکە. ترۆپکی بەرگریی ئەدەبی کوردی لە دوو شیعری «قوتابخانە» و «ملوانکەی شین»دایە. دوو چیرۆکی ریالیستیی شیعرئامێز.

لە قوتابخانەدا مامۆستا، شۆڕشگێڕ و هێمای بەرگریی ئازادی و خەبات و بەرخودانە. لە (ملوانکەی شین)دا، گەرچی حیکایەتێکی کۆنی کوردەواریی ناوچەی مەریوان ئەگێڕێتەوە، بەڵام بە تێهەڵکێشکردن بە زام و رەنجی کوردەواری، «هیوا» وەک کەسایەتیی یەکەمی گێڕەرەوە، ئەبێتە هێمای رەنج و ئازار و ئازادیبەخش کە دوایین پەیامی لە ملوانکەکەی ناو مشتیدا خۆی ئەنوێنێت.» وەتەن، نیشتمان، ئاوارەیی، رەنج، ئازار، تەنیایی، ئەوین، هیوا، مەرگ، دایک» هەموو ئەمانە دەبنە چاوگی لەدایکبوونی هەستی رابوونی ئەم نەتەوەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز

-----------------------------------------------------

## کێ هەواڵی مامۆستا شەریف حوسێن پەناهی دەزانێ؟ (بانگەواز)



قادر وریا

مامۆستا شەریف حوسێن پەناهی، ماوەی چەند ساڵێکە ونە. ئەو ساڵانێک بوو لە هەرێمی کوردستان دەژیا. ئەو کاتەی لە هەرێمی کوردستان گیرسابۆوە، گۆشەگیر بوو. زۆری حەز بە دەرکەوتن لە میدیاکان و کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆشنبیری و هتد نەدەکرد. لە گەڵ ژمارەیەکی کەم لە ناسیاوان و دۆستانی لە پێوەندی دابوو. دوا مەنزڵگەی لەو ساڵانە دا کە لە هەرێم دەژیا، شاری کۆیە بوو. ئەوانەی لێی نزیک بوون، هەستیان دەکرد کە ئەم مامۆستایە تووشی جۆرێک نەخۆشی و پەرێشانی ببوو. سێ ساڵ لەمەوبەر، بنەماڵەکەی بردیانەوە بۆ لای خۆیان. بەڵام وا دیارە ماوەیەکی زۆر نابا، جارێکی دیکە سەری خۆی هەڵ دەگرێ و دەڕوا. بەو جۆرە لە دۆستان و ئاشنایانی مامۆستا شەریف و بنەماڵەکەی بیستراوە، زیاتر لە دوو ساڵە مامۆستا شەریف لە ماڵی خۆیان وەدەر کەوتووە و نەگەڕاوەتەوە. لە بارەی شوێنی ئەم ماوەیەی قسە و دەنگۆی جۆراوجۆر هەیە. دەگوترێ ژیانی گردەنشینی و گۆشەگیرانەی هەڵبژاردوە ولەم یا ئەو مزگەوت دەمێنێتەوە. تەنانەت لە سەر ئەوەش زانیاریی ورد نیە کە هەر لە ڕۆژهەڵات ماوەتەوە یا گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان. چونکە دەنگۆی ئەوە هەیە لە ناوچە و شاری بانە دیتراوە. باسی ئەوەش هەیە کە لە ڕانیەی هەرێمی کوردستان بینیویانە.


شەریف حوسێن پەناهیی شاعیر، خاوەنی ڕۆحێکی لەتیف و هەستێکی ناسک و سەرێکی پڕ لە ئەندێشە و بیری

نەتەوەیی و ئازادیخوازی و ئینسانییە کە هەموومان درەوشانەوەیمان لە "ملوانکەی شین" و شێعر و نووسینەکانی دواتری دا دیتوە. دوور لە چاوەڕوانی نییە کەسێکی ئەوتۆ، تاقەت و تەحەممولی ستەم و تاوان و چەوسانەوە و سووکایەتییەکانی دەسەڵاتدارانی دڕندە بەرامبەر ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی نەبێ و تووشی کێشە و ئاڵۆزیی دەروونی بێ. ئەوەی لە چاوەڕوانی بە دوورە ئەوەیە کە ئێمە - هەمووی ئەوانەی شارەزا و ئاگاداری شێعر و نووسین و خزمەتی زمانی کوردی و هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەکانی ئەو مرۆڤەین- لە ئاست چارەنووسی ناڕوون و ئەو بارودۆخە لێڵەی ئێستا ئەو تێی دا دەژی، بێخەم و بێتەفاوەت بین.

لە ڕێگای ئەم بانگەوازەوە، داواکارم هەر کەس زانیاریی لە بارەی شوێنی ژیان و گیرسانەوە و سڵامەتیی مامۆستا شەریف حوسێن پەناهی هەیە، بە بنەماڵەکەی، بە دۆستان و خەمخۆرانی چارەنووسی ئەو شاعیرەی ڕابگەیەنێ. لە پلەی یەکەم دا، گرنگ ئەوەیە شوێنی مانەوەی مامۆستا شەریف و بارودۆخی تەندروستیی ناوبراو بزانرێ. هەر کاتێکیش ئەمە روون بۆوە و سەروسۆراغی مامۆستا شەریف پەیدا بۆوە، پێویستە دامەزراوە کولتوورییەکان و دەزگا پێوەندیدارەکان بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، مشووری کەسێکی ئەوتۆ بخۆن و پێداویستییەکانی ئاگالێبوون و پێڕاگەیشتنی دابین بکەن. با لە جیاتی ئەو پەیکەرە زێڕینانەی لە دوای مردن بۆ سەرمایەکانی ئەدەب و کولتووری خۆمان دروستیان دەکەن، بە زیندوویی بە هانایانەوە بچین و خەمێک لە کێشە و گرفتە بە ئازارەکانی ئەمرۆی خۆیان و بنەماڵەکانیان بخۆین.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٥

# ملوانکەی شین




پێشکەشە بە....تۆ...کە یەکەم جار، فێری نووسین و خوێندنی کوردیت کردم...

شەریف - ح

---------------------------------------------

## پێرست:


١- بۆ ڕێزگرتن لە شەریف ............................................ ئەنوەر حوسێن ............... ٤٨

٢- پێشەکی .....................................................................مامۆستا هێمن ............... ٥٠

٣- دیل ......................................................................................... ٥٢

٤- فرمێسک ێ بۆ فەڵەستین ....................................................................... ٥٣

٥- یادێ ......................................................................................... ٥٦

٦- قوتابخانە...................................................................................... ٥٧

٧- نامەێ بۆ کوڕی شاعیران ...................................................................... ٦٥

٨- ئامانجی قەڵەم ........ ٦٧
٩- بۆ گۆران ........ ٦٩
١٠- کۆچ ........ ٦٩
١١- رووبار ........ ٧٢
١٢- تەنیا ........ ٧٥
١٣- ژار ........ ٧٧
١٤- دێ ........ ٧٨
١٥- بگری ........ ٨١
١٦- فەلسەفەی گەردوون ........ ٨٢
١٧- هەڵاڵە ........ ٨٣
١٨- هەنسک و فرمێسک ........ ٨٧
١٩- لانەی بایە قوش ........ ٩٠
٢٠- وێنە........ ٩٦
٢١- پەپولەی خەیاڵ ........ ٩٩
٢٢- بادە ........ ١٠٢
٢٣- خێراب ........ ١٠٣
٢٤- زرێبار ........ ١٠٤
٢٥- خوداتان لەگەڵ ........ ١٠٦
٢٦- ملوانکەی شین ........ ١٠٧
٢٧- شوان ........ ١١٤
٢٨- نیگاری ........ ١١٦
٢٩- چوارینە ........ ١١٨
٣٠ تابوتی سوور ........ ١٢١
٣١- خاک و خۆر ........ ١٢١

# بۆ رێزگرتن لە شەریف



ئەو کاتەی لە ساڵانی هەشتاکان گوێم لە گۆرانیەکانی )هەڵاڵە، خوداتان لەگەڵ، دێ، فرمێسکێ بۆ فەڵەستین و قوتابخانە(بوو بە دەنگی هونەرمەندان) نەجمەی غووڵامی، کاڵێئاتەشی، مەزهەری خاڵقی (... سەرنجم بۆ ئەوە چوو، دەبێ ئەو هۆنراوانە هی چ کەسێکبن، چونکە هۆنراوەکان، سادە و قوڵ و بە نەزم و جوان بوون و کاریگەری گەورەی لەسەرمن دانا.

تا ئەو کاتەی لە ساڵانی نەوەدەکان، لە شەقامێکی شاری سنە چەند کتێبێک بێ ناز لەسەر شەقامەکە دانرابوون بۆ فرۆشتن، لەگەڵ هاورێکەم سەروو دانەیەکمان کرِی.

ئیتر شەریف - م باشتر ناسی و ئەو کات زانیم کە خاوەنی ئەوهۆنراوە جوانانە، ئەم شاعیرە بەرزەیە.

شەریف حسێن پەناهی، خاوەنی نامیلکەی (ملوانکەی شین) ئەگەرچی من بەشبەحاڵی خۆم تەنها ئەم دیوانە بچوکەم بینیوە، بەڵام دەکرێت بڵێم (ملوانکەی شین) نموونەیەکی بەرز و گەورەی شیعری کوردیە.

هەستی نێونەتەوەیی و ئینسانی شاعیر بە ئاشکرا بە شیعرەکانیەوە دیارە، ئەمەش دەکرێت وەکو ئینسانێکی

شۆڕشگێر و نێونەتەوەیی شاعیر و شیعرەکانی بناسین، جیا لەوە کاتێک شیعرەکان دەخوێنینەوە هەست دەکەی لە ژێر زوڵم و زۆری ستەمێک ئەم شیعرانە نوسراون و هەر چەندە دەیەوێت پڕ بە دڵی خۆی قسە بکات و باڵی شیعری بفڕێ و نەهامەتیەکان بدرکێنێت.

بەڵام یاسای باو و زڵم و ستەم ڕێگای پێ نادات، بە ناچاری خۆزگە و ئاواتەکانی پەنگ دەخواتەوە. لە پەیوەست بە کورد و کوردبونیش، هەستی شاعیر بە ئاشکرا دیارە، کە چەند لە خەمی نەتەوە و نیشتیمانەکەیدایە.

سەبارەت، سروشت و وەسفی سروشت داهێنانەکی گەورەی کردووە کە ئینسان هێندەی تر پەیوەست دەبێ بە سروشتی کوردستانەوە.
شەریف، لەم دیوانەیدا، لە لووتکەی شیعردا خۆی دەبینێتەوە هەر بۆیە لەبەر گرنگی شیعرەکانی و ناساندنی باشتری شیعرەکانی و ملوانکەی شین بە خەڵکی کوردستان.

بڕیارماندا (ملوانکەی شین) چاپ بکەینەوە خزمەتێکی بچووک بە شەریف و ملوانکەی شین و شیعری کوردیش بکەین. بەو هیوایەی ئێوەش شەریف و ملوانکی شین باشتر بناسن و تام و چێژی ئەدەبیات و شیعری باشتر لێوەرگرن.

بێگومان لەم کارەشماندا، تەنها و تەنها ئامانجمان خزمەتکردن بوو بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و بە تایبەتیش ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاعیری گەورە و هەست ناسک (شەریف حسێن پەناهی) بە هیوای ئەوەی کارەکەمان گەر چی بچوکیش بێت، جێگەی ڕەزامەندی ئێوەی خوێنەران بێت.

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ژوئەن - ٢٠١٣

سلێمانی

# ملوانکەی شین



## پێشەکی

یەکەم جار لە بەزمێکی شاعیرانی مەهاباددا ناسیم و شێعریم بیست و خۆشم ویست.

دوایەش بۆ رەخنە لێگرتن زۆربەی شێعرەکانی بۆ خوێندمەوە. بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم خۆشم لێ هاتن و بۆنی شێعرم لێ کردن.

خەیاڵی ناسک و هەستی هونەرمەندانە و مەزموونی شاعیرانەم تێدا بەدی کرد.

هەر کەسە جۆرە بۆچوونێکی لە شێعردا هەیە . من زیاتر لە خەیاڵی ناسک و مەزموونی ورد و نوێ دەگەڕێم، تا رواڵەتی جوان و رازاوە و کێش و قافیەی سەیر و سەمەرە، یا باشتر بڵێم شێعرم لە نەزم خۆشتر دەوێ.
شێعرێکم پێ باشترە کە لە دڵەوە هەڵقوڵێ و بە دڵەوە بنووسێ. بەشی زۆری شێعرەکانی شەریف وان. سۆز و عاتیفە و کوڵ و کۆی دەروونی خۆنی. هەستی خوێنەر یا گوێگر دەبزوێنن و حاڵەتی شاعیر لە کاتی نووسینی شێعرەکەیدا لە پیاوی ورد دەگەیەنن.

بە بڕوای من ئەگەر ئەم شاعیرە زیاتر خۆماندوو بکا و پتر هەوڵ بدا، شاعیرێکی نەک باش، بەڵکوو گەورەشی لێ پەیدا دەبێ.

هونەر سنووری بۆ نییە، هیچ هونەرمەندێک نەگەیشتووەتە دوندی هونەر و ناشگاتێ، بەڵام هی وا هەیە زۆر بەرەو ژوور دەچن.

وەک تێ گەیشتووم شەریف دەزانێ تازە وردە هەنگاو بەرەو مەنزڵ هەڵدێنێتەوە بۆیە بە هیوام زۆر بەرەو ژوور بچێ.

وا هەست دەکەم شەریف وەک من لەو بڕوایە دایە کە شێعر کۆن و نوێی نییە و باش و خراپی هەیە.

نەزم نە بە وشەی جوان و وەزنی سەنگین و قافیەی گران دبێتەوە شێعر، و شێعریش نە بە وشەی ساکار و کێشی سووک و لە کار نەهێنانی قافیە نزم دەبێتەوە بۆ نەزم.

شێعر و نەزم دوو جۆرە هونەرن کە دەبێ خوێنەری ورد، حوکمیان لە سەر بدا. بەڵام چەند خۆشە شێعر ئەوەندە باش بێ کە هەم فۆڕمی لێک و لووس و ڕێک و پێک بێ و هەم ناوەرۆکی هەست بزوێن و دڵڕفێن.

خۆزیا شەریف ئەو ئامۆژگارییانەی هەمیشە لە پێش چاو بێ:

هەرگیز لە شێعری خۆی ڕازی نەبێ و پێی وابێ کە دەتوانێ لەوەش باشتر شێعر دانێ.

تا شێعر دڵەی نەدا، لە خەوی ڕائەپەڕێنێ و هەستی نەبزوێنێ دەست نەداتە قەڵەم.

ئەوەشی لە بیر بێ کە زمانەکەمان پێویستی بە خزمەت هەیە و هەوڵ بدا وشەی ڕەسەنی کوردی بەکار بێنێ و لە وشەی دەسکرد و داتاشراو بپارێزێ.

تەنانەت لەبەکارهێنانی وشەی بێگانەی لە وشەی ناڕەسەنی کوردی پێ باشتر بێ.

هیوادارم دیوانی دووەمی ئەم شاعیرە زیاترم ڕازی بکا.

مامۆستا هێمن

١٣٥٨ - ٥ - ٢٢

## دیل

وەکو ئاوی بنی گۆمێ کە جێ مابێ لە رووباری
وەکو بەردی سەری شاخێ کە دانراب ێ لە دیواری

وەکو کاتێ گەڵای زەردێ دەسی بەربێ لەسەر داری
دڵم تەنگە لە تەنیایی نە هاوڕازێ نەخەمخۆری

من ئەو بەردەی گرفتارم، کە دیلی چینی دیوارم
من ئەو ئاوەی بنی گۆمم کە جێ ماوم لە ڕووبارم

گەڵای زەردم، مەڵێ پیرم، منم دڵداری زنجیرم
لەبیرم دێ کە سی ساڵە لە بەندیخانە یەخسیرم

لە تاریکی ژیانم دا، لە سوچی سەردی زیندانا
بە مۆرەی نەردی ناکامی، بە جارێ عومری خۆم دانا

بەڵێ ئەو ساتە لاوێ بووم وەلێ ئێستا وەها پیرم
هەیە جارێ بەسەرهاتی خەمینی خۆم نیە بیرم

قەرەوڵ دێت و ڕادەبری، شەوانی عومرم ئەژمێرێ
شەوێکیش وا منی دیلی، بەدەستی مردن ئەسپێرێ

* دیل : بەندی، زیندانی قەرەوڵ : چاودێر

## فرمێسکێ بۆ فەڵەستین

ئەی سەرگەردانی مانوو
لێ قەوماوی بێ خانوو

ئەی ماڵ و منداڵ لە کۆڵ
ئاوارەی نیشتمان چۆڵ

ئەی برای فەلەستینی
کەی مافی خۆت ئەستێنی؟

ئەی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان

لەو دەشت و دۆڵ و کێوە
دوو کۆڵ ئەبەی بەرێوە:

کۆڵێ ماڵ و منداڵت
تەزاندویتی باڵت

کۆڵێ خەمی وەیلانی
دڵت گرتویە شانی

بارت قورس و پێ پەتی
ڕێبواری ڕێی مەینەتی

ئاخۆ خەمی نیشتمان،
پێت قورسە یا کۆڵی شان؟

ئەی فەلەستینی هەژار
وێڵی دەستی ئیستعمار

ڕۆژێ دەبێ خەباتت
بێنێتە دەست وڵاتت

ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی بێ ؟
ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی بێ ؟

***

ئەی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان

من هەژارێ وێنەی تۆم
کوردم، کوردی ڕەنجەڕۆم

هەرچەن لە کوردستانم
دڵ خۆشم لە هێلانم،

بەڵام کەوی کام کوێستان
باڵندەی کام دارستان ؟

بە زمانی خۆی ناخوێنێت ؟
بۆ خۆی باڵ ناوەشێنێت ؟

ئەی ئاوارەی فەڵەستین
خانوی هەردوکمان خوێنین

هەردوو پەشێو و خەمبار
هەردوو کز و بریندار

برینداری چزی مار
چزی ماری ئیستعمار....

ئەی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان

ڕۆژێ بە هیوای خەبات،
هەردوو دەگەینە ئاوات.

ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی بێ؟
ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی بێ؟

## یادێ

بولبولی بەندی قەفەس، پەروەردەی ئەو کێوانەیە
بۆیە تا ئاخر نەفەس، هەروا بە تاسەی لانەیە

باڵی ئازادی ئەسوتێنین و دانەی پێ ئەدەین،
نەک ژیانی ئەو مەلە، تەنیا بە ئاو و دانەیە

شینی هێلانەی دەکات، ئەگریت و سەربەستی دەوێ
بانگ و ئاوازی قەفەس، ئەو شیوەن و گریانەیە

سوچی بەندی بۆ دەرازێنینەوە بێ خەم بژی،
کەی نیشانەی ژینی ب ێ خەم، زیوەری کاشانەیە؟

تێ دەکۆشێ هەڵفرێ،بەندی قەفەس بۆی ناچرێ
ئاخرین ئاواتی بەرزی دیتنی هێلانەیە

نەغمە سەردانی کەوا پاراوی هەستی گەل دەکا،
شینی بێ فرمێسکی ئەو باڵندە بەستەزمانەیە.

سوچی بەندیخانە وایە، هەر کە ئازادی دەوێ،
بەرهەمی کاتی خەمی، ئەو نەغمە بەرزو جوانەیە

« قانعم» دێنێتە بیر ئاوازی باڵندەی قەفەس
قورِ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە(١)

(١) - دێری ئاخیری هی مامۆستا قانعە، کە ئەو شیعرە بە ناوبانگەی لە بەندیخانەدا داناوە (بەوێنەی بولبولی نێوان قەفەسێ)

## قوتابخانە

-١-

پاش ئەوەی کە خۆر هەڵدێ
پرشنگ ئەخاتە سەر دێ

خوێندە واران دێنە دەر
رێی مەکتەب دەگرنە بەر

لە نێو کۆمەڵەی ماڵان
بۆ خوێندنی منداڵان

ماڵێکی زور وێرانە
کراوەتە قوتابخانە

کاکی مودیر بەیانی
بەر لە خوێندەوارانی

ئەڕوات و لەو بەر دەرگا
ماوەیێ هاتۆ چو دەکا

رەوشتی کاکی مودیر
لاوی ژیر و رۆشنبیر

لە نێو دڵی خەڵکی دێ
بە جوانی گرتویە جێ

یاری هەژارەکانە
هیوای نەدارەکانە

لاوێکی چاک و روو خۆش
کوردی وێژ و کوردی پۆش

بەڕاسی خەڵکی ئەوێ
گیانیان بۆ مودیر ئەوێ

ماوەی تر مەکتەبی دێ
گەرم ئەبێ بە سروودێ

لە پەنجەرەی پورتوکاو
تیشکی خۆر ئەداتە ناو

مامۆستا وەکو جاران
ئەڵێ بە خوێندە واران

دیسان ڕۆژی شەمەیە
کاتی پرسینە وەیە

وریا تۆ هەستە سەر پێ
دەرسی پێشوم بۆ بڵێ

ئا وێنە چی؟ ب وەک چی؟
ت وێنەی چی؟ پ وەک چی؟

لە ئەلفەوە تاکو ی
هەرچی دەزانی بیڵێ

وریا بیر ئەکاتوە
وەڵامی ئەداتەوە

ئا وێنەی ئاوارە
ئاواتی ئەو هەژارە

ب وەکو برسیەتی
پ وێنەی پێ پەتی

ت وەکو تالی ژین
تاریکی و تێکوشین

کاتێ شتێ نازانێ
بۆ منداڵان ئەڕوانێ

نون بەوێنەی نەدار
ە بە چەشنی هەژار

کاکی مودیر هەڵدەستێ
بەرامبەریان دەوەستێ

ئەڵێ بەسیەتی ئیتر
دەس کەینە باسێکی تر

هەتا من لە بیرم بێ
ئەم ووشانە ئەگوترێ

تاکەی دەرسی دڵتەنگی؟
تاکەی دەرد و بێدەنگی؟

ئیتر لایان بەین لە بیر
روو کەینە را و تەگبیر

منداڵەکان مات ئەبن
دەرسی تازە گوێ دەگرن

بێ دەنگی قوتابخانە
پڕ دەبێ لەم ووشانە

ئا وێنەی ئازادی
ئاڵای ئاوت و شادی

ب وەکو بیرەوەر
ت وێنەی تیکوشەر

س وەکو سەربەستی
سەر و سێدارە و ستی

منداڵ بە یەک دەنگەوە
دەڵێن بە ئاهەنگەوە

خ بە وێنەی خەبات
خوێندن و خوێن و خەڵات

کاف وێنەی کوردستان
کورد کۆمەڵ و کوێستان

ماوەیٚ بەر لە نیوەڕۆ
دوایی دێ دەرسی ئەمڕۆ

ئێوارە منداڵەکان
لە نێو باخ و لە سەربان

دەرسی تازە دەخوێنن
بە خەڵکی را دەگەیەنن

ی وەکو یەکیەتی
یەکگرتن و یارمەتی

ڕۆژی شەمەی داهاتوو
ئەو دەرسەیان لە بەربوو

بەڵام تاکو خۆراوا
بەم گەرمای خۆرە تاوا

لەرێی شارا وەستابوون
چاوەرێی مامۆستا بوون

تینی خۆر و خەمباری
پرسین و چاوەنواڕی

ماموستامان والەکوێ؟
بوچی نایەتەوە دێ؟

پیش ئەوەی تاریک دابێ
هەوالێ کەوتە نێو دێ

ماموستای قوتابخانە
کەوتووەتە بەندیخانە

ماوەێ حەفتەی دەگوزەرێ
نابێ لەوی خەبەرێ

بەلام خوێندەوارەکان
هەرلە قوتابخانەدان

دەنگی بەرزی دەرسی جوان
ئەروا بەرەو ئاسمان

ب وینەی بێگانە
برین و بەندیخانە

چاویان وا بە رێگەوە
ماموستایان بێتەوە

ڕۆژی هەوەڵی زستان
کە سەرما هاتە کوێستان

کەسێ هەواڵێ دێنێ
دڵی دێ ئەلەرزێنێ

چەن لاوێکی ڕوشبیر
بە هاوڕێی کاکی مودیر

ئەو ڕۆژە تاریک و ڕوون
لە سێدارە درابوون

ئیتر ئەو منداڵانە
جێی دێڵن قوتابخانە

کاتێ ئەڕۆن بە دڵتەنگ
چاوبە فرمێسک و بێدەنگ

خوێندەوارێ کش و مات
سەرنجی دیوار ئەدات

فرمێسکی پڕ لە گڕێ
دێت و بەر چاوی دەگرێ

لەبان تەختەی سەر دیوار
خەتێ مابوو یادگار

دڵی نەدەهات کەسێ
شتی لە سەر بنوسێ

ی وەکو یەکیەتی
یەکگرتن و یارمەتی

ئا وێنەی ئازادی
ئاڵای ئاوات و شادی

***

* لە دێهاتی ناوچەی کوردەواری ئێراندا، بە مامۆستای قوتابخانەکان دەڵێن « مودیر .»
* بێگانە : ئستیعمار

## نامەیێ بۆ کۆڕی شاعیران

کورد ئەگەرچی زۆرە دەردی، بەردی مەینەت وا لەڕێی
دەس لە ئەژنۆ گرتن ئەو بەردانە لانایا لە ڕێی

شیعری خاوێنم دەو ێ خوێنی دڵ و زاری نەبێ
ڕەنگی فرمێسکی دەروون و بۆنی خەمباری نەبێ

بۆچی «قانع » بم لە ژینا، بۆ ئەب ێ هەوڵ ێ نەدەم ؟
بۆ ئەبێ دەس هەڵگرم،تاکو بە ئامانجم نەگەم ؟

هێمنی هەڵناگرێ ئەم چەرخە بۆ کوردی کلۆڵ
تابەکەی «هێمن » بژین و تێ نەکۆشین گورج و گۆڵ

گەر هەموو پەرداخی ژینم، هەروەها پڕ ب ێ لەژار
ناگرم دەستم لە ئەژنۆ، قەت بە خۆم ناڵێم : «هەژار »

هەروەکو «بێکەس » ئەگەرچی دەردەدارو بێ کەسم
من کەسم کوردە، بەکەس ناڵێم هەژارو بێ کەسم

شیعری خاوێنم دەو ێ خوێنی، دڵ و زاری نەبێ
ڕەنگی فرمێسکی دەروون و بۆنی خەمباری نەبێ

-٢-

تا پەری شیعرم نەدی، هەرساتە بیر ێ وام هەبوو
داخەکەم چاوی پەریش، غەیری خەوی تێدا نەبوو

بۆ گوڵی شادی گەڕام ماوەی، هەتا بیدۆزمەوە
تاکو بەرگی بووکی شیعری پێ برازێنمەوە

شار و کوێستانی کوردەواریم گرتەبەر
پێکەنینێکم نەدی هەرگیز، لە دڵ هاتبێتە دەر

بۆ نەگریم من، کە پەروەردەی هەوای شاری خەمم؟
چی بنوسم، غەیری ئەو فرمێسکە، چی بێ بەرهەمم؟

کوردەواری هەر بەشی زوخاو دەردو زللەتە
تاکو داهاتوی بە چی ب ێ، زەحمەتی ئەم میللەتە

لێم ببورن ئەی هەژار و بێکەس و هێمن، ئەمن
ئێستە ئەیزانم، کە ئێوە بۆچی ئالودەی خەمن

ئەو خەمانەی نەمدەناسین وا ئەسیری کردووم
چی بڵێم ؟ چۆنی بڵێم ؟ چەشن ێ کە پیری کردووم

***

## ئامانجی قەڵەم

ئامانجی وایە، پێنووسی دەستم
وەهایە هیوای، شێعر و هەڵبەستم

تاقەی مرواری هەر چەندە جوانە
بووکی بە نرخی نێو گەوهەرانە

بەڵام ئەو کاتەی، کۆ بکرێتەوە
لە سەر شریتێ بهۆنرێتەوە

ئەو ساتە جوانە و جوانتر دەنوێنێ
تاکوو بەتەنیا لە لای بمێنێ

***

زمانی کوردیش، ئەو گەوهەرەیە
کە دیاری بەرزی، مێژووی ئێمەیە

وشەی جوان جوانی نێو کوردەواری
جوانتر لە زێڕ و لەعل و مرواری

کاتێ بە شێوەی جوانی، هۆنراوە
کرایە بەستەو شێعرو هۆنراوە

چاکتر دەنوێنێ و هەر لە بەر چاوە
هەرگیز ون نابێ و ناخرێتە لاوە

ئامانجی وایە پێنووسی دەستم
وەهایە هیوای شێعر و هەڵبەستم

## بۆ گۆران

بە ئاوام چەپکە شیعرێ هەڵبەستم
بۆ گۆرانی شاعیری جوان پەرستم

تێدەکۆشم بە هێزی بیرو هەستم
وشەی نیە کە دەربڕێ مەبەستم

پێنوسەکەم، ئەی قەڵەمی سەربەستم
دەخیلی تۆم، بۆ جارێ بگرە دەستم

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

***

تاقە شیعری ئاخیری هی مامۆستا گۆرانە. ا

## کۆچ

ئاوایی لە شان چۆم و باخەوە
پاڵی داوەتە سینگی شاخەوە

عومرێکە نێوان لەشی کۆرپەی دێ
خوێنی ژین گەرمەو دڵی خورپەی دێ

باڵندەی ڕەنگین، کۆتری نەخشین
بەدەوری دێ دا ئەگەڕێ چین چین

تاوێ لە باخان، تاوێ لەسەر دێ
هەر یەکێ نەغمەیێ لە ناخی دەردێ

****

ئەو دەشتە سەوزە، ئەو دێیە جوانە
ئەو هەموو دار و باخ و بێستانە

دەستی سیاسەت، ئاورێ دێنێ
یەک لە شوێن یەکا، ئەیانسوتێنێ

دێ ئەسوتێت و خەڵکی، کۆچ ئەدرێن
کۆچی دڵتەزێن، بۆ دەشتی گەرمێن

بە وێنەی شەمێ، کە توابێتەوە
پەپولەی تەنیایی، لا مابێتەوە،

ئەو کۆترانەی، بە ئاسمانەوە،
لە دەوری دێدا ئەسوڕانەوە،

بە ئاهەنگی خەم، تاکو خۆراوا
ئەگەڕێن بەسەر، دەشتی سوتاوا

تا وردە وردە دڵنیا ئەبن
دێ بەجێ دێڵن ئەوانیش دەچن

***

گەرمەسێر ئەگەر، بەهەشتی ڕوون بێ
باخی گەوهەر و دەشتی ئاڵتون بێ

ئێستاش هەروەها، کوردی کۆچ دراو
باڵندەی کزی، لە هێلان بڕاو

مشتێ لەو خاک و بەردە سوتاوە،
خاک ئەو دەشتەی، تێدا ژیاوە،

بە سەرتاسەری گەرمێنی نادا
نایگۆڕێتەوە، لەگەڵ دنیادا

ئاخر بە خوێنی، ئاوی پێ دابوون
باو باپیری، لەوێ ژیا بوون

***

گەرمەسێر ئەگەر بەهەشتی ڕوون بێ
باخی گەوهەرو دەشتی ئاڵتون بێ

هەمویان ئەدا، تەنیا هەناسەی
بەیادی وڵات، بشکێنێ تاسەی

## رووبار

قەڵبەزەی بەرزی کوێستان(۱)
ئەڕژێتە نێو دارستان

بەفراوی کێوان دێنێ
رووبارێ پێک دەهێنێ

رووبار ئەکەوێتە رێ
دارستان دێڵێتە جێ

ئاواییەک لەو قەراخا
لە نێوان دار و باخا

بەرامبەر بە خۆراوا
ئەڕوانێتە سەر ئاوا

رووبار ئەڕوا بە بەر دێدا
خوڕەی جوانی دێتە گوێدا

هاوینان خۆر داخ ئەبێ
گەرمە نیوەڕۆی ناو دێ

منداڵان دێنە سەر ئاو
بۆ مەلە یا ماسیڕاو

زۆریـان تـێدا هـەژارە
چاوی لە دەست رووبارە

بۆ پێخۆر ماڵێ دامـاو
کاری بووەتە ماسی ڕاو

***

نیـوەڕۆیـە و نـاو دێ چۆڵ
کوڕی شوان، گورج و گۆڵ

ڕێ دەکـەوێ بۆ رووبـار
سک برسی و شڕەبار

بە هیـوای قـولاپ و تـۆڕ
ماسی بگرێ بۆ پێخۆر

دێت و ئەگاتە سەر ئاو
دەست ئەکاتە ماسی ڕاو

رووبار ئەڕوا بە بەر دێ دا
خوڕەی جوانی دێتە گوێ دا

ماوەیە زۆری ئەدا سەر
ماسی یەک دێنێتە دەر

ماسی کۆرپە و وردە، زۆر!
بە کار نایە بۆ پێخۆر!

سینگی سپیی؛ خوێناوی
پەلەقاژەی تاوتاوی...

تێدەکۆشێ جاروبار
خۆی بخاتەوە رووبار

پێستی جوانی برژاوە
زیخی پێوە تلاوە

زیخی داخی نیوەڕۆ
دڵ ماسی دێنێتە سۆ...

***

کاتێ قولاپی خوێنین
ئەخرێتە نێو ئاوی شین

دڵی ئەو ماسی‌یە کۆرپە
راوەستابوو لە خورپە

ڕووبـار ئـەڕوا بـە بـەر دێ دا
خوڕەی جوانـی دێتە گوێ دا

***

ئەی ماسی وێڵی هەژار!
بۆ دەگـەڕای لـە ڕووبـار؟

ئـاخۆ تـۆش لە ڕێی سەفەر
بۆ پێخۆر بووی دەربەدەر؟!

ئێوەش لە نێو ماسییان
بـۆ پـارە و پـێخـۆر ژیـان؟

هـەژارەکان ئـەمرێـنـن؟
خوێنی یەکـتـر ئـەڕژێنن؟

ڕووبـار ئـەڕوا بـە بـەر دێ دا
خوڕەی جوانـی دێتە گوێ دا

(۱)- قەڵبەرە: تاڤگە،

## تەنیا

خانووی سەردم کش و مات
بۆنی بێدەنگی ئەدات

لە شوێنی بیری ڕێبوار
چاوم بڕیوە دیوار

جارێ هەتا ماوەی دێر
گوێ دەگرم بۆ کاتژمێر

هاتوچۆی عەقرەبەکان
وەک ڕێبوارانی زەمان

یەکێ گورج و یەک هێمن
ڕێگای عومرم دەپێون

بە ناوەدڵ ئەمەوێ
بەڵکو دەردێ بسرەوێ

پەنا بەمە پێنوسم
بیرەکانم بنوسم

من کێم و لە کوێم و چیم ؟
تاکەی و بۆ چی دەژیم...

جارێ قاقای پێکەنین
بە دنیاو ئینسان و ژین

جارێکیش بوغزی گریان
بۆ ماوەی خۆ خەڵەتان

خەمبار و بێ دەنگ و باس
خەیاڵاوی و کەساس

هیچ ئاهەنگێ نایێتە گوێ
بەحری بێدەنگی بشکێ

خانوی سەردم کش و مات
بۆنی تەنیایی ئەدات

## ژار

لە داخی مەینەتی دەوران، دڵم پـڕ ئاورە ساقی
لە ژاری تاڵی ژین دیسان پیاڵەی دڵ پڕە ساقی

وەرە ئەمشەو وەکوو هەرشەو، وەرە ساقی دڵم خوێنە!
هەتاکوو دێتە چاوم خەو، حەرامە شەربەتان بێنە!

دڵم زووخاوی لێ دەڕژێ، دەسا هەستە! بکە مەستم!
شەرابی کۆن لە جامی نوێ، بەخور تێکە، بدە دەستم!

کەوا کون کون بووە جەرگم، لە جەوری ماتەمی دنیا
هەتاکوو سەردەمی مەرگم، وەرە هەر تۆم دەوێ تەنیا

هەناسەی سەردی پڕداخم دەمێکە گرتوویە ناخم
شەرابی تۆیە دەیشۆرێ؛ پەژارەی ژینی پڕئاخم

## دێ

شەوگاری بەهار دەرچوو لە نیوە
تـاریکـی ئەڕوات بـەرەو کـازیوە

ئـاوایـی تـاریک، ورشەی چـرایـێ
لە نێو پەنجەرەی هیچ ماڵێ نایێ

دێ دەرکی لە رووی رۆژ داخســتووە
لە بەرگی شەودا، جوان جوان نوستووە

منـداڵـێ ساوا دەگـریـێ جـار جـار
ئەشکێنێ دەریای بێدەنگی شەوگار

دایکێ سەر لە بان لانکی کۆرپەوە
سەردەمێکە خەو بردوویـەتـەوە

ئەو ساتە گوڵی شەو دەتوێتەوە
سەر گۆنای ئاسۆ، سوور ئەبێتەوە

کەڵەشێرێ دێ و لەو سەر بانانە
مزگێنی ئەدا؛ هەستن! بەیانە!

شنەی بەربەیان، یەک لە شوێن یەکا
ماڵانی نوستوو باوەشێن ئەکا

هەتاو لای ئەبا دیسان بەسپایی
پەردەی شەو لە سەر بووکی ئاوایی

ماڵان بەردەچن، ئاوایی ساکار
گرتوویە باوەش؛ باپیری کۆسار

ماویانە خەڵکی؛ ماندوویی دوێنێ
گزنگی هەتاو هەڵیان دەستێنێ

ژنێ گورجوگۆڵ ئەڕوا بۆ کانی
بە نەزمی جوانی لەرزانەکانی

ژنێ لە کانی ماندوو دێتەوە
سەری ناوەتە سینگی گۆزەوە

دووکەڵ لە سەربان، ئەڕوا بەرەو ژوور
سوور ئەبێتەوە سەر گۆنای تەنوور

تەندووری ماڵان، نانی گەرم و جوان
دەکا بە توێشووی باخەوان و شوان

مریشکێ سپی، جووجەڵە لە شوێن
بەجێ دەهێڵێ تاریکی کولێن

پێش ئەوەی کە خۆر بدا لە ناو دێ
ڕانی ئاوایی دەکەوێتە رێ

نیوەی ناوەدڵ لە دێ دەر ئەچێ
بەرخ و کارژیلەی هێشتووەتە جێ

مراوی لە سەر چیمەنی جۆبار
دەشکێنێ شەقڵی شەونمی بەهار

ئاسمانی شین و کۆچی هەورەکان
پرشنگی خۆر و دەشتی سەوز و جوان

هاتوچۆی ئاسکی بزیوی سەر کۆ
شنەی شەماڵ و لەرەی لەقوپۆ

جریوەی بولبول، خورەی جۆباران
شمشاڵی شوان و بەستەی دڵداران

مۆسیقای جوانی ژینی دێهاتن
دیمەنی رەنگینی خاکی وڵاتن

ژینی رۆژێکی ئەو دێیە لای من
ئەژێ بە شاری دووکەڵ و ئاسن

* کازیوە: تاریک و لێڵی بەربەیان.

## بگری

دایە گیان بگری لە سەر خاکم کەوا شینم دەوێ
زۆر بگریێ دایە گیان فرمیسکی خوینینم دەوێ

من گوڵی سەد ئارەزوویی ژینم لە خاکا خەوتووە
خاکی مەیدانی خەبات ڕەنگینی خوێنی من بووە

دامەنیشە دایە گیان بۆ هاتنی من چـــاوەڕێ
دڵنیا بە، بەسیەتی، بۆ دەنگی دەرگا مەگرە گوێ

من دەمێکە جەرگی سووتاندووم هەناسەی سەردی گەل
دڵپڕی کردووم خەمی دەسکورتی و ڕەنگی زەردی گەل

من کوری کوردی شەهیدی ڕێیی خەباتم دایە گیان
کـــۆتری خوێنینی پەری باخی وڵاتم دایە گیان

من لە شاری خوم غەریب و بو هە مو بیگانە خوم
کوتری کوژراوی ریگای لانە خوم,بی لانە خوم

دایە گیان بگری لە سر خاکم  کە وا شینم دە وی
زور بگریە دایە گیان فرمیسکی خوینینم دە وی

* ئەتویس: کورت کراوەی ئەتویست.

## فەلسەفەی گەردون

هاکا ئەم چەرخەش هەڵ گەڕایە وە
ئیتر نەگەڕا ونەسوڕایەوە

کیژێ خاوەنی ژینی دنیایە
ریزێ مرواری لە گەردنیایە

کیژێ کە تینی ئەوینی وایە
ژیان و مردن لە دەستی دایە

مرواری لە بەر سینگی رازاون
بە هێزی جەزبەی عشقی وەستاون

ئەویس وەک هەمو رۆژێ پیر دەبێ
بە تیری مردن داوێنگیر دەبێ

بەڵێ ئەمرێت و ئەکوژێتەوە
ملوانکەی ملی ئەبچڕێتەوە

نۆ مرواری جوان یەک لە شوێن یەکتر
ژینی ئەوانیش نگاتە ئاخر

شینی مردنی ئەو کیژە وایە
کە لە شوێنی دا ئاخر دنیایە

بناغەی گەردون وا دەشکیتەوە
ئیتر ناگەڕێ و ناسوڕێتەوە

****

* مەبەست: لە تەواو بونی هێزی خۆر وتیکچوونی (مەنزومەی شەمسییە )

## هەڵاڵە

دەوڵ و زۆرنایە، چەپڵەڕێزانە
بەزمی شادی و چۆپیکێشانە

بەرگی ڕەنگاوڕەنگ کیژی سەر بانان
دەکێشێ نیگای لاوی کۆڵانان

ئاهەنگی زۆرنا و بەزمی هەڵپەڕکێ
دەنگ ئەداتەوە هەتا ئەو پەڕ دێ

لە نێو کیژانا، تەنیا هەڵاڵە
دڵی خەمینە و لە سووچیماڵە

ئاخر دیاری یاری بێوەفای
دەستەی چنووره، ماوەتەوە لای

یادگارێکە، یاری پێی داوە
ئێستا بێڕەنگە و بۆنی نەماوە

هەڵاڵە دەڕوا بۆ خەیاڵی دوور
ئەڕوانێ جارجار بۆ چەپکەی چنوور...

***

دەنگی زەماوەن ئەتۆم دێتە گوێ
کوانێ پەیمانت؛ کوانێ؟ وا لە کوێ؟

قەولی ئەو ڕۆژەی سەما و شادیە
بە منت دابوو! لە بیرت نییە؟!

دڵم گوڵێ بوو؛ بۆچیت هەڵوەراند؟
بۆچی ئاوێنەی ئەوینت شکاند؟

کوانێ مەیلەکەی جاری جارانت؟
کوانێ هاتوچۆ و ئیشارەکانت؟

کوانێ ڕاوەستان سەر ڕێگای کانی؟
کوانێ سێوی سوور؟ کوانێ گۆرانی؟

گیانی شیرینم! دڵت شکاندم!
دڵت شکاندم! دڵت شکاندم!

***

جارجارێ فرمێسک لە چاوی سوورا
ئەبارێنە سەر چەپکەی چنوورا

ئاهەنگی زورنا و بەزمی هەڵپەڕکێ
دەنگ ئەداتەوە هەتا ئەو پەڕ دێ

***

هەڵاڵە هەروا بیر ئەکاتەوە
دەفتەری ژینی پەڕ ئەداتەوە:

سوێندم بە سۆزی دڵی ئەسیرم
تا ساتێ ماوم، هەر وای لە بیرم

ئەو ساتە لاشە سەرد ئەبێتەوە
چرای ژیانم ئەکوژێتەوە؛

ئاخرین قسەم، هەر ناوی تۆیە
هەر چاوەکانم، پڕ ئاوی تۆیە

دڵم گوڵێ بوو؛ بۆچیت هەڵوەراند؟
بۆچی ئاوێنەی ئەوینت شکاند؟

تۆ دەوڵەمەند و من کیژێ نەدار
بە غەیری وەفا، چی هەیە هەژار!

خونچەی دڵی خۆم هێنا و دام بە تۆ
بەڵام وتەی تۆ؛ هەموویان درۆ...

***

جارجارێ فرمێسک لە چاوی سوورا
ئەبارێنە سەر چەپکەی چنوورا

دایکی لە داخی کچ بێخەبەرە
بانگی لێدەکا، لەو بەر پەنجەرە؛

هەڵاڵە! وەرە! هەڵاڵە! وەرە!
کیژە جوانەکەم! ساتێ هەڵپەڕە!

***

دایکی نەیبینی فرمێسکی چاوی
زوڵفی شێواوی، دڵی شکاوی

ئاهەنگی زۆرنا و دەنگی هەڵپەڕکێ
دەنگ ئەداتەوە هەتا ئەو پەڕ دێ...

# هەنسک و فرمێسک

ژینی منداڵی، دنیای شیرینە
شیعری سەرەتای چیرۆکی ژینە

***

عومری منداڵیم چەن زوو
وەک نەسیمێ؛ هات و چوو

مەلێ غەریب بوو، ڕۆیشت
هەر یادێکی بەجێ هێشت

***

کەمکەم وریا بوومەوە
بیرم چاوی کردەوە

دنیایێکم بینی بێتین
نەوەک منداڵی؛ شیرین

خەمی کاتی منداڵی
گرێ نەبوو لە پاڵی

کەی وەکوو خەمی ئێستا
ڕیشەی لە دڵ ئەوەستا!

هەر خەمێک و فرمێسکێ

فرمێسکێک و هەنسکێ

تەمی دڵی ئەشۆرێ

دنیای تاڵی دەگۆڕێ

چە دەروون و چە لە روو

دنیامان هەر ئەوە بوو

***

ژینی منداڵی، دنیایێ شیرینە

شیعری سەرەتای چیرۆکی ژینە

***

وریا بوومەوە کەمکەم

دەوری گرتم گەلی خەم

کە هەوەڵ جارێ گریام

لە بۆ هەژاری گریام!

بۆ ئەو گریام و بۆ خۆم

کە ئاخۆ بۆ کوێ دەڕۆم!

وەک منداڵێ ون بووبێ

نەمدەزانی وام لە کوێ

ئێستاش هەرچی دەڕوانم
خـۆم بـە وەیـلان دەزانـم

سەرنجی هەر لایێ ئەدەم
هیچ شتێ بەدی ناکەم!

هەرچەن ئەو سەری ڕێگا
نـایـزانـم بـە کـوێ دەگـا؛

پێم خۆشە جارێکی تر
تەنـیا گـوزارێکـی تـر

بگـەڕایـمـەوە لە نوێ
دیسان بۆ هەوەڵێ ڕێ

بگام بەو دنیا جوانە
وەکوو ئەو منـداڵانە

با خەمەکانم سووک بێ
بێگرێ بێ و بچووک بێ

باکوو تـەنیا فرمێسکێ
هەناسەێک و هەنسکێ

تەمی دڵم بشۆرێ
دنیای تاڵم بگۆڕێ

***

ژینی منداڵی، دنیایێ شیرینە
شیعری سەرەتای چیرۆکی ژینە

## لانەی بایەقوش

- ١ -

نیوەشەوێکی سەرد و دڵتەنگە
خەڵکی خەوتوون و دنیا بێدەنگە

شار پەردەی رەشی کێشاوەتە سەر
مانگی شەوان‌پێو، لە کێو هاتە دەر

بایەقوشی پیر، دێت و جار جارێک
دەخوێنێ لە سەر کۆنەدیوارێک

لە وێرانەییێکی چۆڵ و بێدەنگا
لە نێو ماڵێکی سەرد و دڵتەنگا

خەوتووە خەمین؛ کچێکی هەتیو
هەتیوی خۆشی لە دنیا نەدیو

دایکی بەینێکە دوورە لە دنیا
ئەو کچە ماوە لەوێدا تەنیا

منداڵێ بچووک، لە نێو بەرگی خەو
ئەدا لە گۆنای؛ شەوقی مانگەشەو

بەڵام خەوی چی؟ هەتاکوو بەیان؛
وتووێژ دەکا لەگەڵ ئەستێران...

لەوان دەپرسێ؛ دایکی وا لە کوێ؟
بۆچی بە تەنیا هێشتوویەتە جێ؟

ساتێ فرمێسکی لێ جیا نابێ
ئاخر منداڵە و دڵنیا نابێ!

گوێ بدە ساتێ، بەسەرهاتی ئەو
لەگەڵ ئەستێران، چی دەکوت ئەوشەو؛

(٢)

ئەی مانگی جوان! ئەی ئەستێرەکان!
ئێوە دەبینن لە نێو ئاسمان؛

باخی بەهەشتی خودا لە کوێ دا؟
ئەڵێن دایکی من، وا لە ئەوێدا...

ئەی مانگ! تۆ دایکی ئەستێرەکانی
تۆ خودا! پێم بڵێ، ئەگەر دەزانی!

ئەستێرەکانت، کۆ بوونەتەوە
وان لەگەڵ خۆتا، چەشنی هەرشەوە

پێم بڵێ؛ دایکی من کەی دێتەوە؟
منیش ئەستێرەم، مانگی من ئەوە!

***

ئەی ئەستێرەی خۆم! گوێ بگرە ساتێ!
بە دایکم بڵێ، دەیبینی کاتێ:

دایکی خۆشەویست! بینایی چاوم!
هێزی ژیانم! تەنیا هەتاوم!

بۆچی ڕۆیشتی، لەگەڵ نەتبردم؟
تەنیا لەم دنیا وەیلانت کردم؟

هەتا دێتەوە، هەر چاوەڕێتم...
بە هیوای بیستن ئاهەنگی پێتم...

***

ئەی ئەستێرەی خۆم! گوێ بگرە ساتێ
بە دایکم بڵێ، دەیبینی تا تێ؛

زۆر بە ئاواتم، کاتێ هاتەوە؛
لەسەر داوێنی، خەو بمباتەوە

ئەگەر وەکوو مەل، دوو باڵم هەبوو
لەنێو دنیادا، ئەمکرد هاتوچوو

دەگەڕام هەموو کێو و دەر و دەشت
هەتاکوو دەگام بە باخی بەهەشت

بەڵکوو لەوێدا، جارێ بتابینم
ئەتۆش ببینی؛ گریان و شینم

بەڵام باسی من، زۆر بێفایەیە
ئاخر کەی هەتیو، ئەستێرەی هەیە؟!

دەردی دڵی خۆم، من دەڵێم بە کێ؟
هەتیو چیی هەیە، تا ئەستێرەی بێ؟!

(٣)

نەختێ دەگوزەرێ، خەو دێتە چاوی
باسی دەمێنێ بە ناتەواوی...

تاکوو دەخەوێ، لە نیوەی شەودا؛
دایکی دەبینێ، لە دنیای خەودا...

دەپاڕێتەوە؛ لەگەڵ خۆی بیبا
نەڕوات و دیسان؛ نەیهێڵێ تەنیا

دایکی دەکێشێ، لە سەری؛ دەستێ
ئەڵێ؛ نەبوونە، پاشی هەر هەستێ

کچم! جێگای من، جگە دنیایە
دایکت وەکوو تۆ؛ لەوێ تەنیایە

ڕۆڵە! ماڵی من، تاریک و سەردە
جێگاکەم خاکە، سەرینم بەردە...

بە دایکی دەڵێ، کچ بە چاوی سوور
لە قرچە و سۆزی دڵ وەکوو تەنوور؛

نامەوێ بێ تۆ، ڕووناکی دنیا!
هەر خۆتم دەوێ، وای لە هەرکوێدا

دیسان بۆ دڵم دەشکێنیتەوە؟
گەر نامبەی لەگەڵ، بۆ هاتویتەوە؟!

***

دایکی بە دڵێ پڕ ئێش و خەمناک
تکـتک فرمێسکی دەتکێتە سەر خاک

ئەڵێ؛ کچەکەم! شەوێکی سەردە
سەرماش، سەرەتـای نەخۆشی و دەردە

تۆش لە جێگاکەت کەوتبویتە دەر
هاتووم بیکێشم؛ پۆشینت لەسەر

زستان، بێنەوە، نـابەتەوە لە هۆش
باکوو لە سەرما، نەکەوێتە نـاخۆش

کێ لە نـاخۆشی، شەوان یارت بێ؟
کێ لە جێگای خۆم، پەرەستارت بێ؟

وەڵامی ئەدا بەم چەشنە و ئەڕوا
ئیتر هاواری کچی پێ نـاگـا...

(٤)

سبەینێ، کاتێ خۆر دای لە سەر کێو
لە شووشەی شکاو، شەوقی دایە نێو

دای لە سەر جێگا و لاشەی سەردی کچ
ڕووناکی دەکرد؛ گۆنـای زەردی کچ

بایەقوش، نەختێ چڵی بردبوو
لەوماڵە چۆڵە، لانەی گرتبوو

ئاخر چۆن بڵێم؟ ئەو کچە مردبوو...
بایەقوش دەیگوت؛ دێقی کردبوو...

## وێنە

گەڵاڕێزان هاتووە
ناخی باخی گرتووە

گەڵای زۆری وەریون
سینگی باخی پۆشیون

تاو نا تاوی شنەی با
بە ئەسپایی دەیان با

خۆری بێتینی سەر دێ
وەک ڕێبوار ێ ماندوو بێ

وردە وردە دێتە خوار
ئەنیشێتە سەر کۆسار

دیسان بە لوتکەی کێوا
ڕێ دەکەوێ بەو دیوا

باخەوان کز و تەنیا
لەسەر ئاوی کانیا

دەستی پیرو لەرزۆکی
داناوەتە سەر چۆکی

بە شوێن بیری پڕ داخا
چاوی دەکشێتە باخا

دارێکی وشک و مردوو
لانەی مەلی کۆچ کردوو

نە سەوزایی نە سێبەر
نە ئاهەنگی پەلەوەر......

لەبیری نایە هەرگیز
گەڵا ڕێزانی پاییز

وا دڵپڕی کردبێ
ناخی گیانی گرتبێ

جارێ سەری دائەخا
سەرنجی کانی ئەدا

ئاوێنەی رووناکی ئاو
وێنەی دێنێتە بەر چاو

وێنەی پیر و زەردی خەم
پڕ چین و خەتی ماتەم

وێنەیەکی پەژارە دیو
وێنەی گوڵێ هەڵوەریو...

فرمێسکی ژینی تاڵی
دێنێتەوە خەیاڵی

ئەوسا بەهارێ بێ تین
ئێستا پاییزی خەمین...

گەڵا رێزانیش ئەڕوات
هاکا بەهارێ تر هات

تەنیا ژینی من وایە،
ئیتر بەهاری نایە

****

کەم کەم فرمێسکی ئەتکێ
ئاوێنەی کانی دەشکێ

لە چوڵی باخا جار جار
گەڵای زەردێ دێتە خوار

لەگەڵ ئاوی کانیا
رێ دەکەوێ دڵنیا

باخەوان سەر دائەخا
سەرنجی وێنەی بدا

ئاوی کانی شێواوە
وێنەی تێدا نەماوە...

لە چوڵی باخا جار جار
گەڵای زەردێ دێتە خوار

## پەپولەی خەیاڵ

پەپولەی خەیاڵ سەرمەست و هێمن
دەپێوی سینگی ئاسمانێ بێ بن

دفتەری ژینم پەڕ ئەداتەوە
لاپەڕێ لاویم بیر ئەخاتەوە

ئەم هۆنراوانە، تۆم دێنیتە بیر
پێکەنینێ تاڵ دەتباتەوە لەبیر

لە خاکی لاشەم، بەیانێ بەهار
گوڵاڵە سورەیەکی ئاورین روخسار

بەجوانی گۆنات سەر دەر ئەهێنی
لەسەر مزارم دێ خۆی بنوێنی

ئەتۆش کە هاتوی لەبۆ گوڵ چنین
جوان ڕادە بوری دەم بە پێکەنین

ئەو گوڵاڵە سورە، دەچێنی لە رێت
ئاخۆ دەیزانی، بۆنی کێ لێ دێت؟

ئەڵی: چەن جوانە چەن ڕەنگی گەشە
داخەکەم داخۆم بۆچ دڵی ڕەشە؟

بەێ ئەوساتە بزانە،گوڵم
گوڵی بەهەشتی، ئاواتی دڵم

ئەو گوڵە خاکی دڵداری خۆتە
ئێستاش بەهیوای روخێاری خۆتە

بۆیە بەو چەشنە گەش و خوشڕنگە
بۆیە ئەوندە مات و دڵتەنگە

بۆیە وەستاوە دڵتەنگ لە سەر رێت
دڵی داخورپێ، دیێیان لە بەر پێت

گیانا لەو گوڵەی چیت دێتە بەرچاو؟
لەو گوڵاڵە سوورە گوڵی دڵ سوتاو

جوانی هەڵ بگرە هەرچەن خۆت گوڵی
خوشبۆتر لە بۆن یاس و سونزوڵی

خاکی دڵدارە ئەی هێنیتەوە
زامی دڵەکەی نە کولێنیتەوە

ئەم هۆنراوانە، تۆم دێنیتە بیر
پێکەنینێ تاڵ دەتباتەوە لە بیر

پە پولەی خەڵاڵ ئەڕوا بە سەرخۆ
لە شوێن بیری تر ئاسۆ بە ئاێۆ

هەتاکو خەودێ بیرم ئەمرێنێ
پەپولەی خەیاڵ هەڵدەورێنێ

## بادە

ساقی گوزەرا شەو بە فیداتم وەرە دێرە
دڵ تەنگە، درەنگە، وەرە سا بادە بگێرە

تا تۆ بی و مەی بێ من و دڵ لێرە خەمۆشین
هەردوو بە تەماتین، وەرە مەی لێرە بنۆشین

تینویە دەمێکە چەمەنی باخی ئەوینم
ئەم باخە بدێرە وەرە مەی بێنە سەرینم

ویستومە کە تەنیا بم و لەم سوچە بمێنم
دیسانەوە ئەم باری خەمە کەوتووە شوێنم

دەستی خەمەکەم بگرە لە مەیخانە بەدەر کە
ڕێگای مەدە ئێرە وەرە لەو مەستە حەزەر کە

نا نا لێ گەڕێ تاکو بمێنێتەوە گیانە
ئەم کۆترە وەیلانە دڵی گرتووە لانە

بۆ مەی نیە، ساقی، کە پەنا دێنمە ئێرە
هەر کەس بە شەراب ێ خەمی جەنانەیێ تێرە

من هەمدەمی بادەم، کە خەمی سینە بەبا دەم
دەستم گرە گیانە وەرە بسپێرە بە بادەم

ساقی گوزەرا شەو بە فداتم وەرە دێرە
دڵ تەنگە درەنگە وەرە سا بادە بگێڕە

## خێراب

لەسەردەمی بەهارێ، شەرابی دەست یارێ
کە قەترە قەترە مەستی، بەسەر دڵا بباریێ

هەرچەندە نەختێ تاڵە،شادی هێنەر ئاوێکە
خێڕابە نەک شەرابە،چ وەرگێڕاو ئاوێکە

ئەوەی کەتینی گیانە، دەوای خەمی دڵانە
سوێندم بە دەستی ساقی،حەرامە شەربەتانە

ساقی سا بگرە دەستم،دەرکی مەیخانە کامە؟
پێکەوە جام ێ پڕکەین،با هەر بڵێین حەرامە.

## زرێبار

لە پەڕ شاری مەریوان
دوو چین کێوی سەوز و جوان

راوەستاون بەرانبەر
بەرزو دارستان لەسەر

لە داوێن ئەو کێوانا
لە ژێر تاقی ئاسمانا

گومێکی جوان وەستاوە
کە (زرێبار)ی ناوە

کێوان سەوز و دڵنشین
ئاسمان و ئاو هەردوو شین

زرێبار و بەهاری
بەهەشتی کوردەواری..

لە نێو دارستان قەراخ (١)
باڵندەکان شاخ بە شاخ

کۆ دەبن و یەک دەگرن
ئاسمانی سەر ئاو دەبڕن

لە ژێر تیشکی هەتاوا
لەسەر ئاوێنەی ئاوا

وێنەی خۆیان دەبینن
مەست دەبن و ئەخوێنن:

زرێبارو بەهاری
بەهەشتی کوردەواری

***

شەی بەیانی بەهار
ئەدا لەسەر زرێبار

کاتێ کە بووکی هەتاو
تیشکی ئەخاتە سەر ئاو

وێنەی کراسی کیژی کورد
کە شەماڵ ل یَ دا ورد ورد،

شەپۆلی جوان و زێڕین
دەرژێنە سەر ئاوی شین

بەرەو چیمەن و گوڵزار
رێ دەکەون بۆ لێوار

بەرانبەر بووکی هەتاو
کیژی زێرینی ڕازاو

لەو کاتی بەر بەیانە
شادی و سەمایانە

ئەڵێن شەپۆلی قەراخ
دەنگیان ئەڕوا شاخ بە شاخ:

زرێبار و بەهاری
بەهەشتی کوردەواری

* قەراخ: کەنار

## خوداتان لەگەڵ...

کەوتوەتە بەرم ڕێگای غەریبی
گەلی ڕەفیقان خوداتان لەگەڵ

هەر کەس ڕێگای، بوەتە نەسیبی
گەلی ڕەفیقان خوداتان لەگەڵ

کۆترانی زۆر لە شوێنی دانە
هێشتویانە جێ کونجی هێلانە

زۆر کەس ڕۆیشت پاشان بێتەوە
بەڵام نەیدی کەس،بگەڕێتەوە

کێ چاک دەزانێ چی دەکات گەردون
یەکێ سەرکەوتوو، یەکێ سەرنگون

دڵی گرتوم خەم وەکو دوکەڵ
گەلی ڕەفیقان خوداتان لەگەڵ

* زرێبار: گۆمێکی گەورەیە نزیک شاری مەریوان

## ملوانکەی شین

نیوەڕۆی گەرمی ڕۆژێکی بەهار
لە ژێر هەتاوی ڕێگای زرێبار

منداڵێ مل کز،چۆخە و ڕانک شڕ
ڕێگا دەپێوێ، پەشێو و دڵ پڕ

بێ ووچان ئەڕوا و، هەنگاو هەڵ دەگرێ
بە گوێی چۆخەکەی، ئارەقی ئەسڕێ

نەختێ نانە رەق، لە توێ جامانە
بونەتە تۆشوی، ئەو بەستەزمانە

بۆ تێکۆشانی رۆژێ ماسی راو
نەختێ شریت و تۆرێ پورتوکاو

لەگەڵ قولاپێ کۆن و ژەنگ هێناو
هێناویە ئەمرۆش بیانخاتە ناو ئاو

ئەڕوات و جار جار لە چۆڵی رێ دا
ئەزرنگێتەوە دەنگێ لە گوێی دا:

هیوا خێراکە خوا نەت هێنێتۆ
حەو رۆژە ئەرۆی دەس خاڵی دێیتۆ

ئەمجار بێ ماسی نەیتەوە بۆ شار
ئەر بۆت نەگیرا خۆت خە زرێبار

ئەڕوات و لە نێو درک و داڵی رێ
کڵاش کۆنی تاو تاو ئەکەنرێ لە پێ

بێ وچان ئەڕوا و هەنگاو هەڵ دەگرێ
بە گوێ چۆخەکەی ئارەقی دەسرێ

جارێ بۆ لا رێ ورد ئەبێتەوە
ملوانکەییێکی شین ئەدۆزێتەوە

بە چاکی چۆخەی خاکی لا ئەبا
ئەڕوات و جار جار سەرنجی ئەدا

بێ وچان ئەڕوا و هەنگاو هەڵ دەگرێ
بە گوێ چۆخەکەی ئارەقی دەسڕێ

کاتێ ئەگاتە ئاوی زرێبار
دێتە گوێ دەنگی شەپۆل و لێوار

دوو فرمێسکی داخ دێنە گوێ چاوی
سووکێ ئەشۆرێن گۆنای سووتاوی

ئەڵێ : زرێبار چەن پارێمەوە ؟
لەم لێوارانەت بسوورێمەوە ؟

حەو رۆژ ئەم تۆڕەم هێنا و بردم
ماسیت پێ نەدام مەیۆست کردم

باوە ژنیشم کوتویە ئەمجار
ئەر ماسیت نەگرت خۆت خە زرێبار

بەڵکوو نەختێ زوو بگەڕێمەوە
ملوانکەی شینم دۆزیوەتەوە

دەیبەمەوە بۆ خوشکم ئێوارە
ئاخر نێو هاومال سەری لە خوارە

زرێبار من و خوشکم هەژارین
دایکمان نەماوە باوەژن دارین

خوشکم هەر خەریک فەرمانە بۆ ئەو
وچانی نیە بەیان تاکوو شەو

هەرچی دەیبینم چاوی پڕ ئاوە
لەبەر سەرماوە دەستی تەزاوە

شەوان کە ماندوو دێینەوە بۆ ماڵ
کارمان گریانە و بیستن قسەی تاڵ

بەیان ناهێڵێ خۆر سەر دەربێرێ
هەر یەکمان بەرەو شوێنێ ئەنێرێ

خوشکی هەژارم دەس ئەکا بە کار
منیش بۆ ماسی دێم بۆ زرێبار

خێراکە توخوا با بڕۆمەوە
با ئەم ملوانکەی زو بۆ بەمەوە

گیرفانم کونە نەک وا داکەوێ
یا لە دەستم بێ هەتاکو شەوێ

ئەمڕۆش بە وێنەی ڕۆژانی پێشوو
دێت و شریتی ئەخا هاتوچو

هەتا ڕۆژ ئەگا داوێن خۆر ئاوا
سێبەری کەیوان دێنە سەر ئاوا

هیوا هەر پەنجەی لێ هەڵپێکاوە
چاوەڕێی تۆڕ و دەریا وەستاوە

تاریکی شەو هات ڕەنگ ئاوی گۆڕی
هێشتا ماسیێک نەکەوتوە تۆڕی

وتەی باوەژن لەو نیوە شەوە
هەروەها لە گوێی دەنگ ئەداتەوە

هیوا خێراکە خوا نەت هێنێتۆ
حەو ڕۆژە ئەڕۆی دەس خاڵی دێیتۆ

ئەمجار بێ ماسی نەیتەوە بۆ شار
ئەر بۆت نەگیرا خۆت خە زرێبار

زرێبار تاریک شەو سەرد و دڵ تەنگ
هیوا کش و مات وەستاوە بێ دەنگ

وتەی باوەژن لەو نیوە شەوە
هەر وەها لە گوێی دەنگ ئەداتەوە

بەیان زرێبار تەمی گرتبوو
باران دوێنێ شەو لێڵی کردبوو

پەڵەی هەوری ڕەش بە ئاسمانەوە
لە سەر ئاوی لێڵ ئەسوڕانەوە

کاتێ چەخماخە لێ ئەدا تاو تاو
لاشەی منداڵێ کەوتبوە سەر ئاو

ملوانکەیێکی شین لە نێو دەسیایە
بۆ کێو ئەڕوانێ ئەڵێ وریایە

نێو ئەو شەپۆلەی دەور و بەریایە
دوو بەچکە ماسی کەوتبونە کایە

کاتێ کە نم نم باران هاتە خوار
ئەڕژا سەر سنگی سەردی زرێبار

سوکێ کەوتە ڕێ شەپۆلێ خەمبار
تا لاشەی هیوای هێنا بۆ لێوار

ملوانکەیش هەر وا لە چنگیا مابوو
هێشتاکو لە دەس بەری نەدابوو

زرێبار ئەیکوت: زۆری کۆشا بو
بەستەزمان ماسی بۆ نەگیرابوو

------

* بێ ووچان: بێ پشو، بێ حەسانەوە
(١) شێوە زمانی ناوچەیە،
شین: ڕەنگی شین.
* بسورێمەوە: بگەرێم.
* باوەژن: زردایک
لێوار: قەراخ، کەنار
بەچکە: بچوە

## شوان

مامە شووانی دەربەدەر
کوردی فەرەنجی لە بەر

خونچەی دڵم بێ ئاوە
هانام بۆ تۆ هێناوە

نەخورەی ئاوی کانی
نەباخ و نەغمە کانی

نەدیمەنی بە هاران
نە باڵندەی کۆساران

ماوەیەکە مەستم نەکەن
پاراوی هەستم ناکەن

دڵتنگم زۆر خەمینم
پەشێوی کۆچی ژینم

منداڵێ بە خەمبارێ
لاوی بە چاوەنوارێ

مانگ و ساڵی ژیاتم
کەیّ هات وچو ؟ نازانم

مامە شوانی دەر بەدەر
کوردی فەرەنجی لەبەر

خونچەی دڵم بێ ئاوە
هانام بۆ تۆ هێناوە

ساتێ لە بەر شاڵەکەت
دەربێنە شمشالەکەت

لە سێبەری ئەو دار
بڕوانە بەو جۆبارا

بە سۆزی جەرگی بریان
بلۆێرت بێنە گریان

باخی ئەم دڵە تەنگە
پاراوکە بەو ئاهەنگە

ئاهەنگی بە جێ هێشتن
نەغمەی کۆچ و ڕوێشتن

تاکو بە نەزمی حەیران
فرمێسکم بێنە سەیران

مامە شوانی دەربەدەر
کوردی فەرەنجی لەبەر

## نیگارێ

شنەی بەربەیان دیمەن بە دیمەن
باوەشێن ئەکا, ئەگریجەی چیمەن

کیژی خورەتاو چاوی هەڵدێنێ
دێت وگوڵی شەو, هەڵدەوەرێنی

ئەوەستێ لە سەر دیواری ئاسو
بۆ سەیری دەشت و سەوزی کەژوکۆ

ئەستێرە کانیش وەک ماسی نێو ئاو
لە دەریای شینا ون دەبن لە چاو

چیمەنی سەوزی ژێرپێ مراوی
فرمێسکی شەونم, دەتکێ لەچاوی

گەلی ئاسکی جوان لەخەو هەڵدەستن
دێنە شەر کانی, کۆرێ دەزەستن

لاولاوی رەنگین, دەس لە ملانی دار
پێ دەکەنێ بۆ گوڵی بێ دڵدار

پەلەور دەنگی بەرز ئەکاتەوە
لە چۆڵی باخا دەنگ ئەداتەوە

ئاوی چوم ئەڕوا وگەڵای زەردی پار
دەسپێری بە دەس ڕێبواری رووبار

پەپولەی نەخشین لەو سەر جۆبارە
بۆنی گوڵ دەکا هەتا ئێوارە

پەرژینی دەوری باخی گر تووە
باڵندە, لانەی تێدا بە ستووە

خۆر بەجێ دێڵێ داوێنی کوێستان
دێتە سەربانی باخ و دارستان

بەفراو بە وێنەی فرمێکی دڵدار
خورِ خورِ بە گۆنای کێوا دێتە خوار

بولزول نەغمە خوێن, ئەم چڵ بو ئەو چڵ
پێ دەکەنێ بۆی , عونچەی ئاڵی گوڵ

ئاوی سافی گۆم, ئەڵی نیگارە
وێنەی سروشتی, تێدا دیارە

مەوێ دێ لە سەر چیمەنی کۆسار
بە دەندوکی سوور , ئەنوسێ :بەهار

ئەی بەهاری من تۆ کەی دیتەوە
ئەی بەهاری من کەی دیتەوە

## چوارینە

شەوی تاریک لێم شێواوە ڕێگا
بەیانی هات و زۆری ماوە ڕێگا

ژیانی من وەکو ئەم شەوە وەهایە
بەرە و هەرلا دەچم بەسراوە ڕێگا

گوڵی سەربەرزی لاولاو کورتە ژینی
دەمێکە سەیری باخ و پێکەنینی

بە ناکامی سەری دانا کە بمرێ
هەتاکو ڕەنگی ئەم دنیایە بیینێ

گەڵارێزان گوڵی باخانی دا با
بەهارێ دیکە د ێ ئەم داخە لابا

هەناسەی باخەوانی پیرە دەیگوت:
هەزاران خۆزگە ژینی من،وەهابا

دڵم تەنگە پەرێشانم دەمێکە
خەیاڵم هەر دەمێ لانەی خەمێکە

ئەوندە دڵپڕم پێم خۆشە بگریم
کە فرمێسک و هەناسەش مەرهەمێکە

چلەی زستانیش کوێستانە و کچی کێو
دەپۆشی بەژنو باڵاکەی بە چاشیو

من ئەیزانم چ سیحرێکە ئەگەر بێ و
لە درزی پەردەوە دەرخا بزەی لێو

ژیانی لاویم وێنەی گوڵێ بوو
کە هاتە باخی ژین و هەڵوەری زوو

وەکو لاولاوی ناکامی بەهاران
خەمێکی نایە داوێنی دڵ و چوو

چیمەنی نەورۆزی ئەمساڵی سنە، خوێناویە
دەشت و کێوانی لاوەکان نەخشاویە

سێ سەد و پەنجاو حەوتە، ساڵی دین و ڕاپەرین
کوردی ئازادە بەرەو پیری لە شۆڕش باویە

## تابوتی سوور

هەستە ئەی لاوی سنە، هیوات ئەگەر سەرکەوتنە،
کورد ئەبێ ئازادە بێ هەستە چ باکی مردنە

ڕەنگی خوێن چاوت ئەترسێنیت و خۆت نەگریتە دوور
هەستە تێکۆشین و دیسان خەینە ڕێ تابوتی سوور

دڵ بڵێسەی دێ لە شوێنی لاوەکان، وێنەی تەنوور
هەستە بخرۆشین و دیسان خەینە ڕێ تابوتی سوور

خوێنی بێ تاوانی لاوانم لەبیر ناچێتەوە
یەک گرین، بۆ گرتنی مافی ئەوان کۆ بینەوە

هەستە تاکو یەک گرین تا ئەوجی سەرکەوتن بڕۆین
دەنگی گوللە گەر بهێڵێ، بەو پۆلیسانە بڵێین:

هەڵ گەڕێنەو ئەو چەکە، تۆ دوژمنت ون کردووە،
دوژمن ئەو خوێن خۆرەیە، مافی من و تۆی بردووە :

## خاک و خۆر

- ١ -

ئێوارەیە و دنیا جوان
لەسوچی تاقی ئاسمان

کیژی زێرینی هەتاو
خۆی شاردەوە لەبەر چاو

لەسەر سینگی شاخ و هەرد
کۆی کردەوە زوڵفی زەرد

تاکو بەیان لەسەر خۆ
لە تەختی سووری ئاسۆ

دیسان بخاتە سەر شان
زوڵفی زەردو پەرێشان

دارستان مات و خەمبار
لە شوێنی کیژی دڵدار

پەژارەی تاریک و ڕەش
شەوگاری گرتە باوەش

بە هیوای ژوانێکی تر
خۆپیشاندانێکی تر

سەری ناداوینی شەو
خەمی شاردەوە بە خەو

تاکو بەیانی نم نم
فرمێسکی ساردی شەونم

بۆ ئەوینی خاوێنی
ئەڕژێنێتە داوێنی

- ٢ -

مانگە شەو چاو هەڵدێنێ
روخساری خۆی بنوێنێ

بە جوانی دەشنێتەوە
جێگای خۆر بگرێتەوە

خونچە سەری دەربێنێ
باڵندە بجریوێنێ ...

بەڵام هەرگیز ناتوانێ
تەنیا ئەمەش بزانێ:

نێوان ئەو دڵدارانە،
خاک و ئەو خۆرە جوانە

بە ڕاستی هەر ڕۆژێ دێ
کە دڵداری تەواو بێ ؟


هەروەها دەشنێتەوە
جێگای خۆر بگرێتەوە

خۆرەتاو چاو هەڵدێنێ

-----------------------

ئامادەکردنی: ئەنوەر حسێن - د. لوقمان رەئوف
دیزاین: هەرێم عوسمان
تایپ: بەرێز حسن قەشانی
هەڵەچن: سەروەت تۆفیق - دیلان دڵشاد - باوان عومەر
سەرپەرشتی چاپ: باوان عومەر
چاپی سێیەم
سلێمانی - ٢٠١٣
لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٦٧٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.

# کۆچی کوردان




ئەم هونەراوەیە هونەرمەند عەدنان کەریم کردۆیەتی بە گۆرانی